# ڕێڕۆیشتنی مێژوویی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت

د. سەباح زێباری

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٤

**ناوی کتێب**

ڕێڕۆیشتنی مێژوویی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت

**نووسینی:** د. سەباح زێباری

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:** عەبدولستار ئەحمەد

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر- ٢٠٢٤

**چاپخانە:** زانکۆی سەلاحەددین

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١١٣٥) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.**

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| **بەشی یەکەم**<br>**پەنا بردنە بەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان** | ٩ |
| پەیوەندیکردنی بارزانییەکان و ئەندامانی لێژنەی ئازادی لە باشووری کوردستان بە شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ١١ |
| بڵاوبوونەوەی تیفۆئید | ٢١ |
| چالاکییەکی سەربازی پاڵەوانانە بە سەرکردایەتی مستەفا خۆشناو | ٢٥ |
| سەرەتای نسکۆی کۆمار و گفتوگۆی نێوان قازی محەمەد و مستەفا بارزانی. | ٣١ |
| بارزانی بڕیاری بەرگری دەدا | ٣٣ |
| **بەشی دووەم**<br>**ڕێڕۆیشتن بەرەو یەکێتی سۆڤیەت** | ٤٧ |
| ڕێڕۆیشتن بەرەو یەکێتی سۆڤیەت... مانەوە تا شۆڕشی ١٤ تەمووز | ٤٩ |
| بارزانی و یاوەرانی لە کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت | ٦١ |
| پەیوەندی نێوان بارزانی و باقیرۆڤ | ٦٧ |
| گواستنەوەی بارزانییەکان بۆ کۆماری ئۆزبەکستان | ٦٩ |
| بارزانی لە کرێملن | ٨٧ |

| | |
|---|---|
| **بەشی سێیەم**<br>**تێبینییەکان لە بارەی بارودۆخی بارزانی و یاوەرانی لە یەکێتی سۆڤیەت** | ١٠١ |
| پەیوەندیکردن بە حکومەتی سۆڤیەت | ١٠٣ |
| چوونی بارزانی بۆ ناو خاکی سۆڤیەت | ١٠٥ |
| هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان بارزانی و باقیرۆڤ | ١٠٧ |
| هۆکاری دوورخستنەوەی بارزانی و هێزەکانی | ١٠٩ |
| چۆنیەتی دابەشکردن و گواستنەوەی بارزانییەکان | ١١١ |
| بارودۆخی هەڤاڵە پەناخوازەکانی بارزانی لەو ماوەیەدا | ١١٣ |
| بارودۆخی پەناخوازان دوای دابڕانیان لە یەکتری تا سەردانە نهێنییەکەی بارزانی بۆ مۆسکۆ | ١١٧ |
| چۆنییەتی چوونی بارزانی بۆ مۆسکۆ | ١١٩ |
| کۆبوونەوەی بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی کرێملن | ١٢١ |
| خوێندنی بارزانی لە مۆسکۆ | ١٢٣ |
| **پاشکۆکان** | ١٢٥ |
| ناوی هەڤاڵە تێکۆشەرەکانی بارزانی لە ڕێڕۆیشتنە مێژووییەکەیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت | ١٢٧ |
| **وێنە مێژووییەکان** | ١٥٩ |

# پێشەکی

دوای کۆتاییهاتنــی جەنگــی دووەمــی جیهانــی و نەمانــی نازییــەت و فاشــییەت لــە جیهــان، خەباتــی ڕزگاریخــوازی گەلــی کــورد لــە کوردســتانی عێــراق جارێکــی تــر ســەریهەڵدایەوە، لــە بەرانبــەردا داگیــرکاری ئینگلیــز و بەکرێگیراوەکانیــان لــە ســەرانی سیســتمی پادشــایەتی عێــراق دەســتیان بــە لێدانــی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد کــرد. مســتەفا بارزانــی دوای بەرگرییەکــی پاڵەوانانــە لــە ســاڵی ١٩٤٥ پەنــای بــردە بــەر ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان و خــۆی و یاوەرانــی خزمەتێکــی گەورەیــان بــە کۆمــاری کوردســتان لــە مەهابــاد کــرد و بــە شــێوەیەکی کاریگــەر بەرگریــان لــێ کــرد و قوربانییەکــی زۆریــان لــە پێنــاوی دا.

دوای کۆتاییهاتنــی کۆمــاری کوردســتان لــە مەهابــاد لــە ئەنجامــی پیلانگێــڕی ئیمپریالیزمــی ئەمریکی-ئینگلیــزی و هاوکاریکردنــی حکومەتــی شاهانشــای ئێــران، هیــچ دەروویــەک لــە بــەردەم بارزانــی و یاوەرانــی نەمابــوو، بۆیــە گەڕانــەوە عێــراق و چەندیــن شــەڕ و پێکدادانیــان دژ بــە ڕژێمــی پادشــایەتی و بەکرێگیــراوی کۆڵۆنیالیزمــی بریتانــی ئەنجــام دا، بــەڵام بەهــۆی ســەختی بــارودۆخ و نەبوونــی پێداویســتییەکانی بەرگــری، بارزانــی یەکێتــی ســۆڤیەتی هەڵبــژارد بۆئــەوەی پەنــای بــۆ ببــات، لــەم نێوەنــدەدا جارێکــی تــر لەگــەڵ هەڤاڵەکانــی ژمارەیــەك شــەڕ و پێکدادانــی خوێنــاوی لەگــەڵ هێــزە ســەربازییەکانی عێــراق، تورکیــا و ئێــران ئەنجــام دایــەوە کــە بــە تەنیــا ســوپای ئــەو وڵاتانــە نــا، بەڵکــو ڕایگشــتی جیهانــی بــە گشــتی و ڕایگشــتی کــوردی بــە تایبەتــی بــە خــۆی ســەرقاڵ کــرد، تــا بارزانــی و یاوەرانــی گەیشــتنە ڕووبــاری ئــاراس (Aras) و لــە ناوەڕاســتی حوزەیرانــی ســاڵی ١٩٤٧ بــەرەو یەکێتــی ســۆڤیەت پەڕینــەوە.

ڕێڕۆیشـتنی بارزانـی و یاوەرانـی بـۆ چوونـە یەکێتـی سـۆڤیەت ئاسـان نەبـوو، بەڵکـوو سـەخت، درێژخایـەن و مەترسـیدار بـوو. بارزانــی و یاوەرانـی لـەو شـەڕانەدا بـە تەنیـا نەبـوون، بەڵکـوو جەمـاوەری کوردسـتان بەوپـەڕی دڵگەرمـی و هیـوا و ئومێـدەوە لەگەڵیانـدا بـوون. ڕێڕۆیشـتنی بارزانـی و یاوەرانـی پەنجـا و دوو ڕۆژی خایانـد. مسـتەفا بارزانـی و یاوەرانـی تاوەکـوو هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ دژ بـە ڕژێمـی پاشـایەتی عێـراق و هاتنەئـارای سیسـتمی کۆمـاری، لـە یەکێتـی سـۆڤیەت مانـەوە. پاشـان حکومەتـی یەکێتـی سـۆڤیەت و گەلـی سـۆڤیەت هەمـوو پێداویسـتییەکیان پێشـکەش کـردن بـۆ گەڕانەوەیـان بـۆ کۆمـاری عێـراق، بـۆ ئـەوەی هەمـووان بـە ئاسـتبەرزی زانسـتی و زانیارییـان بـە باشـترین شـێوە خزمـەت بـە گەلەکەیـان بکـەن. بارزانـی وەک پاڵەوانێکـی خۆشەویسـت لـە نێـو گەلەکەیـدا دەرچـوو، هـاوکات لـە لایـەن هێـزە دیموکـرات و پێشـکەوتنخوازەکانی ناوچەکـە و ئـەو هێزانـەی ئـازادی و ئاشـتییان لـە جیهانـدا خـۆش دەوێـت، خـودان کەسـایەتییەکی مێژوویـی ڕێزلێگیـراوە.

بارزانـی ڕێکەوتـی ٦ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٥٨ لـە ڕێگـەی قاهیـرەوە دوای دیـداری جەمـال عەبدولنـاصر سـەرۆك کۆمـاری مسر، گەڕایـەوە بەغدا. لـە فڕۆکەخانـەی بەغـدا لـە لایـەن ڕۆڵـەی چینوتوێژەکانـی گەلـی عێـراق پێشـوازییەکی پاڵەوانانـەی لـێ کرا. لـە ڕاسـتیدا میوانداریکردنـی بارزانییەکان لـە لایـەن یەکێتـی سـۆڤیەت و گەلـی ئـەو وڵاتـە لـە بارودۆخێکـی تـا ئەوپەڕ دژواردا بـوو کـە ئەمەکدارییـان بـۆ میوانداریکردنی بارزانییەکان پاشـخانێکی قووڵی لە لای کورد بە جێ هێشـتووە لە ڕێز و خۆشەویسـتی و دۆسـتایەتیان بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت و گەلەکـەی.

لـە کاتێکـدا سوپاسـی هـەوڵ و ماندووبوونـی بەشـی ڕاگەیاندنـی مەکتەبـی سیاسـی پارتیـمان، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و هەمـوو ئـەو برایانـە دەکـەم کـە بەشـداربوون لـە ئامادەکردنـی ئـەم نامیلکەیـە و پێشکەشـکردنی بـە خوێنەرانـی خۆشەویسـت و پێزانینـی خۆمیـان ئاراسـتە دەکـەم. ئومێـدەوارم ئـەم بەرهەمـە ببێتـە یارمەتیدەرێـك بـۆ خەباتگێـڕان و تێکۆشـەرانی کـورد لـە دەستنیشـانکردنی دۆسـتە ڕاسـتگۆکانی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان و دوژمنەکانـی.

هەروەهـا هیواخـوازم ئـەم بەرهەمـە ڕەنگدانـەوەی لاپـەڕە پڕشـنگدارەکانی مێـژووی خەباتـی بارزانـی بـێ کـە مـاوەی نیـو سـەدە لـە پێنـاو ڕزگارکردنـی گەلـی کـورد و کوردسـتان و گەیشـتن بـە ئامانجـە نیشـتمانییەکانیدا تێکۆشـاوە.

**مەسعود بارزانی**

**١٥ی ئایاری ١٩٨٢**

# بەشی یەکەم

# پەنا بردنە بەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## پەیوەندیکردنــی بارزانییــەکان و ئەندامانــی لیژنــەی ئـازادی لــە باشـووری کوردسـتان بـە شۆڕشـگێڕانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان

کاتێـك گەمـارۆی ئابـووری خرایـە سـەر ناوچـەی باشـووری کوردسـتان بە شـێوەیەکی گشـتی بـە تایبەتـی ناوچـەی بـارزان، ئـەم گەمارۆیـە لەگـەڵ هاتنـی وەزری زسـتان توندتـر و سـەختتر بـوو، هـاوکات بۆردوومانکردنـی گونـدە کوردییـەکان لـە لایـەن فڕۆکەکانـی بریتانیـا و عێـراق بـە شـێوەیەکی بەربـەری (Barbarian)ییانـە دەسـتی پێکـرد کـە بەهۆیـەوە دەیـان منـداڵ، پیـر و ئافـرەت بوونـە قوربانـی و چەندیـن گوندیـش سـووتان و هـەزاران کەسـیش لـە زێـد و شـوێنی خۆیـان دەربـەدەر بـوون. بەهـۆی ئـەو ڕووداوانـەوە مسـتەفا بارزانـی لەگـەڵ شـێخ ئەحمـەد بارزانـی[1] بـرای و سـەرکردەی شۆڕشـی ١٩٤٥ گفتوگـۆ و ڕاوێـژی کـرد، لـە ئەنجامـدا بڕیاریـان دا پەیوەنـدی بـە کۆمەڵـەوە بکـەن لـە مەهابـاد بـۆ ئـەوەی بچنـە پـاڵ شۆڕشـگێڕان، لـە ئەگـەری ئـەوەی ئەگـەر کۆمەڵـە بتوانێـت خانـەوادەی شۆڕشـگێڕانی باشـووری کوردسـتان لـە خـۆ بگرێـت و داڵدەیـان بـدات.

---

(١) شـێخ ئەحمـەد محەمـەد عەبدولسـەلام بارزانـی (١٨٩٢ـ ١٩٦٩): لـە گونـدی بـارزان لـە دایـك بـووە. براگـەورەی مسـتەفا بارزانـی و سـەرۆکی ڕۆحـی تەکیـەی نەقشـبەندی بارزانـە. چاکەخوازێکـی ئایینـی و کۆمەڵایەتییـە و خاوەنـی دیوانـە شـیعرە. سـاڵی ١٩١٤ و دوای لـە سـێدارەدانی شـێخ عەبدولسـەلامی براگـەورەی لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانی تورکـە عوسـمانییەکان، بـووە سـەرۆکی تەکیـەی بـارزان. سـەرکردایەتی شۆڕشـی یەکەمی بارزانـی کـرد لـە سـاڵی ١٩٣٢، پاش نسـکۆی شـۆڕش لە ١٩٤٥ خـۆی و هەموو پشـتوانانی باشـووری کوردسـتانیان بـەرەو خۆرهەڵاتـی کوردسـتان بـە جێهێشـت و بەرگریـان لـە کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان کـرد، دواتـر پـاش کۆتاییهاتنی کۆمـار گەڕایەوە باشـووری کوردسـتان، لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٤٧-١٩٥٨ لـە شـاری بەسـرە لـە ژووری لـە سـێدارەدان زیندانـی کـرا، دوای کۆتاییهاتنـی ڕژێمـی پادشـایەتی لـە عێـراق ئـازاد کـرا.

بارزانـی بـۆ ئـەم مەبەسـتە شـاندێکی ڕەوانـە کـرد بـۆ ئـەوەی گفتوگـۆ لەگـەڵ بەرپرسـانی کۆمەڵـە بکـەن. شـاندەکە لـە لایـەن برایانـی کۆمەڵـە بەوپـەڕی سـنگفرەوانییەوە پێشـوازیان لـێ کـرا و ئامادەیـی خۆیـان دەربـڕی بـۆ پێشـوازیکردن لـە شۆڕشـگێڕانی شـۆڕشـی سـاڵی ١٩٤٥ و خانەوادەکانیان و پێشکەشـکردنی هەمـوو جـۆرە کۆمەکییـەك و لـە خـۆ گرتـن و داڵدەدانیـان.

بـەم شـێوەیە بارزانـی بڕیـاری چوونـی بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دا. خانـەوادەی شۆڕشـگێڕان هاوشـانی هێزێـك بـە ڕێکەوتـن کـە لـە دواوەیـان دەڕۆیشـت و پاسـەوانی لێیـان دەکـرد بـۆ وەڵامدانـەوەی هـەر ئەگـەر و ڕووداوێکـی نەخـوازراو. هەمـووان بـە یەکـەوە لـە ڕێگەیەکـی شـاخاوی نـاسراوەوە بـەرەو ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـە ڕێکەوتـن تـا گەیشـتنە سـنووری ئێـران. شـاری شـنۆ کـە شـارێکی کوردییـە یەکەمیـن وێسـتگە بـوو کـە خانـەوادەی شۆڕشـگێڕان لـە سـنووری ئێـران گەیشـتنە نـاوی و لێـی دابەزیـن، لەگـەڵ دابەزینیـان لـە لایـەن خەڵکـی شـارەکەوە پێشـوازییەکی برایانەیـان لـێ کـرا و جێیـان بـۆ کرایـەوە.

مسـتەفا بارزانـی نەپەڕییـەوە نـاو سـنووری ئێـران تـا گەیشـتنی دوایەمیـن خانـەوادەی شۆڕشـگێڕان بـۆ نـاو سـنووری ئـەو وڵاتـە، زۆربـەی شۆڕشـگێڕانیش لـە عەشـیرەتی بـارزان و ناوچەکانـی دەوروبـەری بـوون.

دوای ئـەوەی خانـەوادە پەناهەنـدەکان لـە شـاری شـنۆ و گوندەکانـی دەوروبـەری جێگیـر بـوون، مسـتەفا بارزانـی سـەردانی شـاری مەهابـادی کـرد بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی بـە بەرپرسـانەوە بـکات، دواتـر سـەردانی عەشـیرەتە کوردەکانـی کـرد کـە ئامانجـی بـوو لـەم ڕێگەیـەوە خانـەوادە پەناهەنـدەکان بەسـەر ئـەو ناوچانـەدا دابـەش بکرێـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش هەوڵەکانـی سـەرکەوتوو بـوو و بەڕێـزەوە لـە لایـەن

عەشـیرەت و بەرپرسـانەوە پێشـوازی لـێ کـرا. پاشـان مسـتەفا بارزانـی گەڕایـەوە و لیژنەیەکـی پێکهێنـا کـە ئەرکـی دابەشـکردنی خانـەوادە پەناهەنـدەکان بـوو لـە چوارچێـوەی ناوچـەی خۆرئـاوای ئازەربایجـان.

شـیاوی ئاماژەیـە مسـتەفا بارزانـی بـە مەبەسـت خانـەوادەی شـێخانی بارزانـی لـە کەسـە نزیکەکانـی خـۆی هـەر یەکەیانـی لەگـەڵ کۆمەڵێك خانـەوادەی شۆڕشـگێڕان بەسـەر ناوچەیەکـدا دابـەش کـرد کـە پێـی وابـوو ئـەم کار و ڕێـکارەی زیاتـر خانـەوادەکان دەپارێزێـت و بـەردەوام دەتوانێـت ئـاگاداری بـارودۆخ و گوزەرانیـان بـێ. هـاوکات خانـەوادەی خـۆی و شـێخ ئەحمـەد بارزانـی بـرای لـە مەهابـاد جێگیـر بـوون، لـە لایەکـی تـرەوە خانـەوادەی شـێخ محەمـەد سـەدیق بارزانـی بـۆ شـاری نەغـەدە گوازرایەوە، لـە هەمـان کاتـدا خانـەوادەی شـێخ بابـۆ بارزانـی[١] لـە شـاری شـنۆ مایەوە و خانـەوادەی شـێخ محەمـەد خالیـد بارزانـی[٢] لە گونـدی کۆکی جێگیـر بوون.

لە ڕاستیدا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو جۆرە هاوکاری و یارمەتییەکیان پێشکەش بە خانەوادەی کوردە شۆڕگێڕەکانی باشووری کوردستان کرد، لە دابینکردنی شوێنی حەوانە و نیشتەجێبوون و دڵنەواییکردنیان.

---

(١) محەمـەد شـێخ محەمـەد بارزانـی نـاسراو بـە (بابـۆ). بـرای مسـتەفا بارزانییـە، لـە پەیڕەوانـی ڕێبـازی سـۆفیگەری بـووە و کەسـایەتییەکی ئاشـتیخواز بـووە، دوای نسـکۆی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان لـە سـاڵی ١٩٤٥ ڕووی لـە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان کـرد، سـاڵی ١٩٧٥ و دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە ئێـران کۆچـی دوایـی کـرد.

(٢) شـێخ محەمـەد خالیـد ئەحمـەد بارزانـی: بەشـداربووی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان لـە سـاڵی ١٩٤٥، سـاڵی ١٩٤٦ یەکێـك بـووە لـە پشـتوانانی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان لـە مەهابـاد. دوای گەڕانـەوەی بـۆ عێـراق، سـاڵی ١٩٤٧ لـە شـاری بەسـڕە لـە خـوارووی عێـراق زیندانـی کـراوە و سـاڵی ١٩٥٨ ئـازاد کراوە. دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە ١٩٧٥ پەناهەنـدەی ئێـران بـووە. دواتـر بووەتـە سـەرۆکی حزبوڵـڵای کـوردی و سـاڵی ١٩٩١ بەشـداری لـە ڕاپەڕینـی باشـووری کوردسـتان کـردووە.

دوای جێگیربوونـی خانەوادەی کوردە شۆڕشـگێرەکان لـەو ناوچانەی باس کـران، کۆمەڵـە و کەسـایەتییە کوردییەکانـی مەهابـاد داوایـان لـە مسـتەفا بارزانـی کـرد سـەردانی عەشـیرەتە کوردییەکانـی ئێـران بـکات بـۆ ئـەوەی بۆچوونیـان بزانێـت لـە بـارەی پێکهێنـان و دامەزراندنـی حکومەتێکی کوردی لـە مەهابـاد و بۆچوونـی بەرپرسـانیان پـێ ڕابگەیەنێـت و دواتریـش بـۆ ئـەم مەبەسـتە جەمـاوەر جـۆش بدرێـت. بارزانـی وەڵامـی داواکارییەکـەی دایەوە و سـەردانێکی بـە نێـو ناوچەکانـی ئورمێیـە، نەغـەدە، خانـە، میاندۆئـاب و شـنۆ ئەنجـام دا و لـە هەوڵەکانـی سـەرکەوتوو بـوو و گەڕایـەوە مەهابـاد بـۆ ئـەوەی ئەنجامـی سـەردانییەکانی بـۆ ئـەو ناوچانـە بـە بەرپرسـان بگەیەنێت و ئەنجامـەکان شـی بکاتـەوە.

دوای ڕاوێژی نێوان قازی محەمەد و کەسایەتییە کوردییەکانی ئێران و کۆمەڵە و مستەفا بارزانی، لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوە و ڕاوێژانەدا بڕیار درا بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئەوە بوو دوای ڕاوێژکردن بە کۆماری ئازەربایجانی میللی لە شاری تەورێز، کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ٢٢ـی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ ڕاگەیەنرا کە بەهۆیەوە لە هەموو کوردستان ئاهەنگ و خۆشی دەربڕین دەستی پێکرد.

قـازی محەمـەد بـە سـەرۆك کۆمـار هەڵبژێـردرا، مسـتەفا بارزانیـش پلـەی ژەنەڕاڵـی پـێ درا کـە هەمـان پلـە بـە کەسـایەتییە کوردییەکانـی ئێرانیـش درا و کابینـەی ئەنجوومەنـی وەزاری ئـەم کۆمـارە پێکهێـنرا کـە تێیـدا بارزانـی بـووە سەرپەرشـتیاری سـوپای کـوردی.

بارزانـی دەسـتی بـە پێکهێنانـی چەندیـن یەکـەی سـەربازی ڕێکخـراو کـرد لـە هێزەکانـی خـۆی، هـاوکات ئەفسـەرە کوردەکانـی باشـووری کوردسـتان کـە یـاوەری بـوون و لـە شۆڕشـی دووەمـی بـارزان بەشـدار

بـوون و بـە یەکـەوە پەنایـان بردبـووە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، دەسـتیان کـرد بـە سەرپەرشـتیکردنی ئـەو یەکـە سـەربازییانە، کـە ئـەو هێزانـە لـە چـوار فەوجـی سـەربازی ڕێکخـران و بەرپرسـانیان بـۆ هەڵبژێـردرا و ئامیـری هـەر فەوجێکیـش بریتـی بـوو لـە: نەقیـب ڕوکـن میرحـاج ئەحمـەد تاهیـر ئاکرەیـی[1]، نەقیـب مسـتەفا خۆشـناو[2]، نەقیـب بەکـر

(١) میرحاج ئەحمەد تاهیر ئاکرەیی (١٩١١– ١٩٨٨): ساڵی ١٩٣٥ کۆلێژی سەربازی لە بەغدا بە پلەی مولازمی دووەم تەواو کردووە. پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە، پاشان دوای نسکۆی شۆڕشەکە پەنای بردووەتە بەر خۆرهەڵاتی کوردستان. یەکێك بوو لە سەرکردەکانی سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ کە هەمان ساڵ بە ئەندامی لێژنەی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەڵبژێردراوە، یاوەری مستەفا بارزانی بووە لە پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس و چوونیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٧، هەروەها ساڵی ١٩٥٣ بە ئەندامی لێژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی – عێراق هەڵبژێردراوە، ساڵی ١٩٥٨ هاوڕێ لەگەڵ مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاوەتەوە عێراق، پاشان لە لایەن هەواڵگری عێراق تیرۆر کراوە.

(٢) نەقیب مستەفا خۆشناو (١٩١٢– ١٩٤٧): لە پارێزگای سلێمانی لە دایك بووە، دەرچووی کۆلێژی سەربازی عێراقییە لە ساڵی ١٩٣٤ بە پلەی مولازمی دووەم. ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزانەوە کردووە و یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی لێژنەی ئازادی، هەمان ساڵ و دوای نسکۆی شۆڕشەکە پەنای بردووەتە بەر خۆرهەڵاتی کوردستان، ساڵی ١٩٤٦ بووە یەکێك لە سەرکردەکانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد و بووە یەکێك لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردی. دوای کەوتنی کۆمار گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، پاشان لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لە لایەن دەسەڵاتدارانی پاشایەتی عێراقی لە گرتووخانەی ناوەندی بەغدا لە سێدارە درا، دواتر لە گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانی بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر بە خاك سپێردرا.

عەبدولکەریم[١] و مولازم جەلال ئەمین بەگ[٢].

هەر یەك لە ئەسعەد خۆشەوی[٣] و محەمەد ئاغا مێرگەسۆری[٤]

---

(١) بەکر عەبدولکەریم حەوێزی (١٩١٠-١٩٩٩): ساڵی ١٩٣٦ لە کۆلێژی سەربازی بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە، ساڵی ١٩٤٦ یەکێك بوو لە سەرکردەکانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد. دوای کەوتنی کۆمارەکە خۆی ڕادەستی دەسەڵاتداران نەکرد، بەڵکوو ساڵی ١٩٥٧ خۆی ڕادەست کرد. ساڵی ١٩٦٢ بە پلەی ڕائید و فەرماندەی بەرگری میللی پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کرد. ساڵی ١٩٦٤ ڕاگری کۆلێژی جەنگی بوو لە شۆڕشی ئەیلوول، هاوکات ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو لە کوردستانی عێراق.

(٢) جەلال ئەمین بەگ (١٩١١ـ ٢٠٠٤): ساڵی ١٩٣٨ بە پلەی مولازمی دووەم کۆلێژی سەربازی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٤ پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزانەوە کردووە و یەکێکیش بووە لە سەرکردەکانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ساڵی ١٩٤٧ و دوای ڕوخانی کۆمار لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێران دەستگیر دەکرێت و تا ساڵی ١٩٥٠ لە زیندان دەمێنێتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٥٣ لە عێراق زیندانی دەکرێت. ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول دەکات و ساڵی ١٩٧٤ جارێکیتر پەیوەندی بە شۆڕش دەکاتەوە.

(٣) ئەسعەد خۆشەوی (١٩١٧ـ ١٩٧٨): ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە و پاشان لە ساڵی ١٩٤٦ چووەتە ڕیزەکانی سوپای کۆماری کوردستان لە مەهاباد. یەکێك بوو لە یاوەرانی مستەفا بارزانی لە پەڕینەوە لە ئاوی ئاراس و چوونیان بەرەو یەکێتی سۆڤیەت. ساڵی ١٩٥٨ یاوەری بارزانی بوو لە گەڕانەوەیان بۆ عێراق. ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول و ساڵی ١٩٦٣ بووەتە فەرماندەی فیرقەی یەکی سوپای شۆڕشی کوردستان، ساڵی ١٩٧٥ و دوای نسکۆی شۆڕش پەناهەندەی ئێران بووە و لە پەناهەندەییدا کۆچی دوایی کردووە.

(٤) محەمەد ئاغا مێرگەسۆری: لەدایکبووی ناوچەی بارزانە، ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە و هەمان ساڵ دوای نسکۆی شۆڕشەکە دەچێتە خۆرهەڵاتی کوردستان و دەبێتە پەناهەندە، ساڵی ١٩٤٦پەیوەندی بە سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد دەکات، ساڵی ١٩٤٧ گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول دەکات، ساڵی ١٩٦٥ دەبێتە یاریدەدەری ئامیر لیوای سەفین، ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کردووە. ناوبراو باوکی فاخیر مێرگەسۆری ئەندامی لێژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

پلـەی عەقیدیـان لـە سـوپای کـوردی لـە کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد بـە دەسـتهێنا کـە پلەکەیـان هاوتـای ڕاوێـژکاری سـەربازی مسـتەفا بارزانـی بـوو. دواتـر بارزانـی ژمارەیـەك گەنجـی ڕەوانـەی قوتابخانـەی تەورێـز کـرد لـە پایتەختـی کۆمـاری ئازەربایجانـی میللـی بـۆ فێربوونـی تۆپهاوێـژی و ئامێـری پەیوەنـدی و ئەندازیـاری.

ئـەم هێزانـە بوونە پێکهاتەی سـوپای شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان کە خاوەنی توانـا و لێوەشـاوەیی و ئەزموومەنـی شـەڕ بـوون لـە بەرپەرچدانـەوەی سـتەم و زۆرداری و خـودان ورەیەکـی بـەرز بـوون کـە بەهۆیـەوە توانیـان بەرگـری لـە کۆمـاری کوردسـتان و سـنوورەکەی بکـەن، بـە تایبـەت کـە بـوون و خۆڕاگـری خۆیـان بەرانبـەر لـە شـەڕ و پێکدادانـەکان دژی سـوپای ئێـران لە گۆڕەپانەکانـدا سـەلماند.

سـوپای کوردسـتان یەکەمیـن شـەڕی بەرانبـەر بـە سـوپای ئێـران لـە بـەرەی سـەقز ئەنجـام دا، لـە شـەڕێکی خوێناویـدا لـە نزیـك گونـدی قـاراوا، سـوپای ئێـران بەرانبـەر بـە سـوپای کۆمـاری کوردسـتان شکسـتی هێنـا کـە بەهۆیـەوە سـوپای ئێـران چەندیـن کـوژرا و برینـداری هەبـوو و سـەد و هەشـتا سەربازیشـی بەدیـل کەوتـە دەسـت سـوپای کۆمـاری کوردسـتان و چەندیـن چـەك و کەلوپەلـی سـەربازیش لـە لایـەن سـوپای کۆمـارەوە دەسـتی بەسـەردا گیـرا، سـوپای ئێـران لـە بەرانبـەر ئـەو شکسـتەدا ناچـار بـوو بـەرەو سـەربازگەی ناوەنـدی سـەقز پاشەکشـە بـکات. ئـەم شـەڕە لـە بەرەبەیـان تاوەکـوو خۆرئاوابـوون درێـژەی کێشـا.

ژەنـەڕاڵ مسـتەفا بارزانـی هـاوڕێ لەگـەڵ قـازی محەمـەد سـەرۆکی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان سـەردانی بـەرەی شـەڕەکەیان کـرد بـە

مەبەستی بەسەرکردنەوەی سوپای کۆمار و ڕێزلێنان لە سەرباز و ئەفسەرانی سوپا بەهۆی ئەو نەبەردی و ئازایەتییەی بەرانبەر بە سوپای ئێران نواندیان و بوونی خۆیان لە گۆڕپانی شەڕەکە نیشان دا. بارزانی و قازی هانی سەربازان و ئەفسەرانی سوپای کۆماریان دا لە پێناو بەرزکردنەوەی زیاتری وره و خۆڕاگریان. فەوجی عەقید بەکر عەبدولکەریم شەڕەکەی دژ بە سوپای ئێران ئەنجام دا، هاوکات هەر یەك لە محەمەد ئەمین میرخان[١]، مامەند مەسیح[٢]،

---

(١) محەمەد ئەمین میرخان (١٩١٧ـ ١٩٦٢): ساڵی ١٩٤٥ چووەتە پاڵ ڕیزەکانی شۆڕگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزان. ساڵی ١٩٤٦ لە سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد خزمەتی کردووە. یەکێك بووە لە یاوەرانی بارزانی لە چوونیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، دوای دوازدە ساڵ ئاوارەیی لە ساڵی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە عێراق و وەك مامۆستا دامەزراوە. ساڵی ١٩٦١ بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە و لە ١٨ی ئاداری ١٩٦٢ لە شەڕی مریبا بریندار بووە، پاشان لە لایەن چەتەکانەوە لە نەخۆشخانەی موسڵ شەهید دەکرێت.

(٢) مامەند مەسیح (١٩٠٥ـ ١٩٦٨): ساڵی ١٩٣٢ بەشداری شۆڕشی یەکەمی بارزانی کردووە، ساڵی ١٩٤٣ یەکێك بوو لە یەکەمینەکان کە بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان کرد. ساڵی ١٩٤٦ بووە یەکێك لە سەرکردە سەربازییەکانی سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد. یاوەری بارزانی بوو بۆ پەڕینەوە لە ئاوی ئاراس و چوونیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٧، ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە عێراق.

فـارس كانـی بۆتـی، حەسـەن سـلێمان مێرگەسـۆری[١]، میـرزا ئاغـا ڕەشـۆ[٢]، ئیبراهیـم یوسـف دۆڵەمـەری و عەزیـز محەمـەد خەیلانـی[٣] ڕۆڵـی

(١) حسـێن سـلێمان مێرگەسـۆری (١٩٣٠ـ ١٩٨٣): لەدایكبـووی ناوچـەی بارزانـە و بەشـداری شۆڕشـی دووەمـی بارزانـی كـردووە لـە سـاڵی ١٩٤٥، دوای نسـكۆی شۆڕشـەكە بووەتـە پەناهەنـدە لـە ئێـران. دواتـر لـە سـوپای كۆمـاری كوردسـتان خزمەتـی كـردووە و سـاڵی ١٩٤٧ لـە شـەڕی قانـە و هەڤرسـت بەشـداری كـردووە، هەمـان سـاڵ یـاوەری بارزانـی بـوو لـە پەڕینـەوە لـە ئـاوی ئـاراس و سـاڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتـەوە خاكـی نیشـتمان. سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بـە ڕیزەكانـی شۆڕشـی ئەیلـوول كـردووە، سـاڵی ١٩٨٣ لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانی عێـراق، ئەنفال دەكرێـت.

(٢) میـرزا ئاغـا ڕەشـۆ (١٩٢٠ـ ١٩٦١): سـاڵی ١٩٤٥ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی دووەمـی بـارزان كـردووە، لـە سـوپای كۆمـاری دیموكراتـی كوردسـتانیش خزمەتـی سـەربازی كـردووە. یەكێـك بـووە لـە یاوەرانـی مستەفا بارزانـی لـە پەڕینـەوە لـە ئـاوی ئـاراس و چوونیـان بـۆ یەكێتـی سـۆڤیەت. لـە كۆمـاری ئۆزبەكسـتانی یەكێتـی سـۆڤیەت توانیویەتـی بخوێنێـت و بڕوانامـەی بكالۆریۆسـی لـە كشـتوكاڵ بـە دەسـت هێنـاوە. دوای دوازدە سـاڵ لـە پەناهەندەیـی، گەڕاوەتـەوە خاكـی نیشـتمان، سـاڵی ١٩٦١ لـە شۆڕشـی ئەیلـوول یەكێـك بـووە لـە سـەركردە سـەربازییەكان و هەمـان سـاڵ لـە شـەڕی پێـرس شـەهید دەبێـت.

(٣) عەزیـز محەمـەد خەیلانـی نـاسراو بـە عوزێـر خەیلانـی (١٩١٦ـ ١٩٨١): لـە گونـدی خەلانـی سـەر بـە ناوچـەی بـارزان لـە دایـك بـووە. سـاڵی ١٩٤٣ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی دووەمـی بارزانـەوە دەكات و سـاڵی ١٩٤٥ بەشـداری لـە شـەڕی بادلیـا و بەرازگـر كـردووە. دوای نسـكۆی شـۆڕكە، دەچیتـە خۆرهەڵاتـی كوردسـتان، پاشـان لـە سـاڵی ١٩٤٦ پەیوەنـدی بـە سـوپای كۆمـاری دیموكراتـی كوردسـتان دەكات و هەمـان سـاڵ بەشـداری لـە شـەڕی قـاراوا دەكات، پاشـان سـاڵی ١٩٤٧ لـە هـەر دوو شـەڕی نلـووس و مەرگـوڕ بەشـدار دەبێـت. یەكێكـە لـە یاوەرانـی بارزانـی لـە پەڕینـەوە لـە ئـاوی ئـاراس و چـوون بـۆ یەكێتـی سـۆڤیەت. سـاڵی ١٩٥٦ توانیویەتـی بڕوانامـەی دبلـۆم لـە پەیمانگـەی كشـتوكاڵ بـە دەسـت بهێنێـت. سـاڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتـەوە خاكـی نیشـتمان. سـاڵی ١٩٦١ سـەركردەیەكی شۆڕشـی ئەیلـوول بـوو و یەكێـك بـوو لـە نزیكـەكان و پاسـەوانی بارزانـی بـوو. دوای نسـكۆی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە ئێـران پەناهەنـد بـووە، سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەنـدی بـە ڕیزەكانـی شۆڕشـی گـوڵان كـردووە، سـاڵی ١٩٨١ لـە لایـەن هێزەكانـی حزبـی دیموكراتـی كوردسـتانی ئێران شـەهید بـووە.

پاڵەوانانەیـــان لـــە ســـەرکەوتن بەســـەر ســـوپای ئێرانـــدا بینـــی. بەهـــۆی ئـــەو پاڵەوانیەتییـــەی لـــە شـــەڕەکەدا نواندیـــان، قـــازی محەمـــەد ڕێـــزی لێنـان و پلـەی بـەرز کردنـەوە. پاشـان بارزانـی و قـازی محەمـەد گەڕانـەوە مەهابـادی پایتەخـت و دیلەکانیـان لەگـەڵ خۆیانـدا بـردەوە. ڕۆژی دواتـر دیلەکانیـــان بـــە ناوەڕاســـتی شـــەقامەکانی شـــاردا گێـــڕا، لـــە بەرانبـــەردا جەمـاوەر بەوپـەڕی دڵخۆشـی و متمانەیـان بـە ئازایەتـی سـوپای کـوردی لـە سـەرکەوتن بەسـەر دوژمـن، تەماشـای دیلەکانیـان دەکـرد و هوتافـی ســەرکەوتنیان  دەکێشــا.

# بڵاوبوونەوەی تیفۆئید

پەتای تیفۆئید (typhoid)[1] بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کوردستان بڵاو بووەوە کە بەهۆیەوە هەزاران کەس گیانیان لە دەست دا، خێزان هەبوو بە تەواوەتی لەناوچوون، بەو ڕادەیەی کە دوو هەزار کەس لە خانەوادەی شۆڕگێڕەکان بوونە قوربانی. لە هەمووی خراپتر نەبوونی پزیشکی کورد و دەرمان و پێویستی تری پزیشکی بوو، بۆیە حکومەتی کۆماری کوردستان پەنای بردە بەر حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت بە ئەوەی پزیشك و دەرمان و چارەسەری پێویست بگەیەنێتە کوردستان، یەکێتی سۆڤیەت لە بەرانبەردا بە ئەرێنی وەڵامی داواکارییەکەی دایەوە و پێکوتەی تایبەت و دژ بە پەتاکەی دابین کرد کە بەهۆیەوە ڕێژەی مردن کەم بووەوە.

مستەفا بارزانی سەردانی تاکە نەخۆشخانەی مەهابادی کرد کە پڕ بوو لە تووشبووانی پەتاکە بۆ ئەوەی بە چاوی خۆی ببینێت کە پیاوەکانی چۆن لەگەڵ مردن ململانێ دەکەن و هیچ هاوکاری و دەرمانێکی پێویستیان لە بەر دەستدا نییە.

ژمارەیەك کەسایەتی و پارتە کوردستانییەکان لە باشووری کوردستان پەیوەندیان بە ژەنەڕاڵ بارزانی کرد و پارێزەر هەمزە عەبدوڵڵا[2]-یان بۆ

---

(١) پەتایەکی بەربڵاوە لە ئەنجامی خواردن و خواردنەوەی پیس بڵاو دەبێتەوە. مێژووی دەرکەوتنی ئەو پەتایە هاوکاتە لەگەڵ مێژوو و تەمەنی مرۆڤ بە دیاریکراوی زانایان مێژووی تۆمارکردنی یەکەمین حاڵەتی ئەو پەتایە بۆ ٢٠٠،٠٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێننەوە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانیش بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە هەژاری و پشێوی نالەباری ژیانی کۆمەڵگەکانە.

(٢) هەمزە عەبدوڵڵا عومەر (١٩١٥-١٩٩٨): تێکۆشەر و نووسەری سیاسی، ساڵی ١٩٣٤ یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی حزبی شیوعی عێراق، پاشان لە ١٩٤٦ بووە سکرتێری پارتی، ساڵی ١٩٥١ لە پارتی جیا بووەوە، پاشان لە ١٩٥٦

لای ڕەوانـە کـرد بۆئـەوەی گفتوگـۆی لەگەڵ بـکات. هەمزە عەبدوڵڵا گەیشـتە مەهابـاد و چـاوی بـە بارزانـی کـەوت و پێشـنیازی دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کـوردی بـە سـەرۆکایەتی بارزانـی خستەڕوو، دوای ڕاوێژکـردن بارزانـی ڕەزامەنـد بـوو و چەنـد ڕێنوێنییەکـی بـە هەمـزە عەبدوڵـلا دا.

لـەو ماوەیـەدا بارزانـی بـەردەوام سـەردانی شـاری تەورێـزی پایتەختـی کۆمـاری ئازەربایجانـی میللـی دەکـرد بـە مەبەسـتی گفتوگـۆ کـردن لەگـەڵ بەرپرسـان و دروسـتکردنی هەماهەنگـی لەگـەڵ ژەنەڕاڵەکانیـان و سـەرکردە سـۆڤیەتییەکان کـە لـە کۆمارەکـەدا بـوون.

بارزانـی لـە دروسـتکردنی پەیوەنـدی و بەهێزکرنـی هەماهەنگـی لەگەڵ بەرپرسـان و ژەنەڕاڵـە سـۆڤیەتییەکان سـەرکەوتوو بـوو کـە ئـەم پڕۆسـە و هەوڵـە دیپلۆماسییە بایەخێکـی گـەورە و زۆر گرنگـی هەبـوو. لـە لایەکی تر بـە پەرۆشـەوە بـە نێـو هێزەکانی سـوپادا دەگـەڕا بـە مەبەسـتی ئاگاداربوون لـە بـارودۆخ و بەڕێوەچوونـی پڕۆسـەکانی مەشـق کـردن. لـە ڕاسـتیدا سـەربازەکانی سـوپای کۆمار وانەی گرنگ و پێویسـتیان لە بارزانی وەردەگرت لـە بەجێهێنانـی ئەرکـی سـەربازیان و پەیوەندیـان بـە هاووڵاتیانـەوە.

سـەربازێکی سـوپای کۆمـاری کوردسـتان دەگێڕێتـەوە کـە بارزانـی بـە مەبەسـتی پشـکنین و ئاگاداربـوون لـە بـارودۆخ و ڕەوشـی سـەربازی، سـەردانی فەوجـی نەقیـب بەکـر عەبدولکەریمـی کـرد. پاشـان لـە کاتـی گەڕانەوەیـدا بـۆ بـارەگای تایبەتـی خـۆی لـە ڕێگـەدا پیاوێکـی

---

لەسـەر ڕاسـپاردەی سـەرۆك مسـتەفا بارزانـی گەڕایـەوە نـاو حـزب و بـووە ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی یەکگرتـووی کوردسـتان. سـاڵی ١٩٥٨ بـۆ جـاری دووەم بـووە سـکرتێری حـزب، پاشـان لـە کۆنگرەی چـوارەم لـە سـاڵی ١٩٥٩ لـە حـزب دوور خرایـەوە، سـاڵی ١٩٩٨ لـە سلێمانی کۆچـی دوایـی کـردووە.

بــە تەمەنــی بینــی دەگریــا، لــە ئەســپەکەی هاتــە خــوارەوە و لێــی نزیــك بــووەوە و پرســیاری لــێ کــرد کــە بۆچــی دەگرییێــی؟ پیــاوە بــە تەمەنەکــە لــە وەڵامــدا پێــی وت کــە یەکێــك لــە ســەربازەکانی فەوجەکــەی نەقیــب بەکــر عەبدولکەریــم دەســتدرێژی کردووەتــەوە ســەر خەڵکــی گوندەکــەی. لــە بەرانبــەردا بارزانــی بــە پەلــە بــۆ جــاری دووەم گەڕایــەوە فەوجەکــەی نەقیــب بەکــر و کۆبوونــەوەی بــە هەمــوو ســەربازەکان کــرد و فەرمانــی پێکــردن بــە جێبەجێکردنــی ئەرکەکانیــان و چۆنیەتــی مامەڵەکردنیــان لەگــەڵ خەڵــك، دواتــر پرســیاری لــێ کــرد و پێــی وتــن کــە ئایــا ئێــوە بــۆ پاراســتنی ســنووری کوردســتان و بەرگریکــردن لێــی و بەرگریکــردن لــە شــەڕەفی کوردســتان و خەڵکەکــەی هاتــوون یاخــود بــۆ دژایەتیکردنیــان؟ هــاوکات دەســتی کــرد بــە لێپێچینــەوە لــە بکەرانــی ئــەم ڕووداوە.

## چالاکییەکی پاڵەوانانە بە سەرکردایەتی شەهید مستەفا خۆشناو

شەڕ و بەیەکدادانێك لە نێوان سوپای کۆماری کوردستان و سوپای ئێران لە بەرەی سەقز نزیك گوندی مل قەرەنی ڕوویدا. فەوجەکەی مستەفا خۆشناو ئەرکی ئەو ناوچەیەی لە ئەستۆدا بوو. ئەو فەوجە چووە ناو شەڕێك کە تێیدا دوژمن هەموو جۆرە چەك و تەقەمەنی و میکانیزمێکی پێشکەوتووی جەنگی بە کارهێنا، بەڵام سوپای کوردستان توانی زیان بە سوپاکەی دوژمن بگەیەنێ.

ئەو شەڕ و پێکدادانە ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو کە لە ئەنجامدا سوپای ئێران دوای ئەو زیانە گەورەیەی بەری کەوت بەرانبەر بە سوپای کۆماری کوردستان شکستی هێنا و دەیان کوژراو و برینداری لە گۆڕەپانی شەڕەکە بە جێهێشت و چەندان پارچە چەك و کەلوپەلی سەربازیش کەوتە دەست سوپای کۆمار.

لەو شەڕەدا خۆشەوی خەلیل خۆشەوی[١] یەکێك لە ئامیر سریەکانی فەوجەکە شەهید بوو، بەڵام ئامیر سریەکانی تر سەعید ئولی بەگ[٢]، ساڵح

---

(١) خۆشەوی خەلیل خۆشەوی سێلکی: یەکەمین شەهیدی مێژووی نەتەوەی کوردە لە کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد، کە لە شەڕی قاراوا نزیك شاری مەهەباد لە ساڵی ١٩٤٦ شەهید بوو. شەهید خۆشەوی کاتێك شەهید بوو تەمەنی لە نۆزدە ساڵ تێپەڕ نەبووبوو. بەشەهیدبوونی خەمێکی قووڵ بارزانییەکان و خەڵکی ناوچەکەی داگرت، بەهۆی ئەوەی ناوبراو بەو تەمەنەیەوە فەرماندەیەکی لێوەشاوە بوو و خودان ئازایەتییەکی بێسنوور بوو. پرسەکەی بە فەرمی دانراو بە بەشداری کەسایەتییە باڵاکانی حکومەتی کوردی و خەڵکێکی زۆری مەهاباد بەڕێوەچوو، هەروەها هێمنی شاعیری دیاری کورد قەسیدەیەکی لاوانەوەی کاریگەری بۆ هۆنیوەتەوە.

(٢) سەعید ئولی بەگ (١٩٢٨ـ ٢٠١٦): ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە، پاشان چووەتە پاڵ سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦. ساڵی ١٩٤٧ یاوەری بارزانی بوو لە پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس و چوونیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٥٩ دوای سێزدە ساڵ مانەوە لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان. ساڵی

عەبدولعەزیز عەمادی، مستەفا میرۆزی[١]، حەیدەر عارف بەگ[٢] کە لە شەڕەکەدا بەشدار بوون و بەهۆی ئەو پاڵەوانەتی و ئازایەتییەی لە شەڕەکەدا نواندیان، ڕێزلێنانیان لە لایەن سەرکردایەتی سوپا و کۆمارەوە پێ درا و پلەیان بەرز کرایەوە. هاوکات بەهۆی نواندنی هەمان ئازایەتیی و لێوەشاوەییەوە هەر یەك لە کەکۆ مەلاعەلی مێرگەسۆری[٣]، تیلۆ باقی محەمەد[٤]، حەدۆ محەمەد

---

١٩٦١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول کردووە، ساڵی ١٩٧٥ و دوای نسکۆی شۆڕش بووەتە پەناهەندە لە ئێران، ساڵی ١٩٦٦ لە لایەن سەرۆك مەسعود بارزانییەوە میدیالیای بارزانی نەمری پێ بەخشراوە.

(١) مستەفا جادر عارس میرۆزی (١٩٠٧ـ ١٩٧٧): بەشداری شۆڕشی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی کردووە لە ساڵی ١٩١٤، پاشان لە ساڵی ١٩٣٢ پەیوەندی بە شۆڕشی یەکەمی بارزان کردووە، دواتریش ساڵی ١٩٤٣ چووەتە ڕیزەکانی شۆڕگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزان، دوای نسکۆی ئەم شۆڕشە بووەتە پەناهەندە لە ئێران و ساڵی ١٩٤٦ پەیوەندی بە سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان کردووە، پاش کەوتنی کۆماریش یاوەری بارزانی بووە بۆ پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس و چوونیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، کە دوای دوازدە ساڵ مانەوە لەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان.

(٢) حەیدەر عارف بەگ: لە خانەوادەیەکی شۆڕگێڕ و بە توانا لە دایك بوو، کە لە ناوچەی مۆکس لە باکووری کوردستان نیشتەجێ بوونە، ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ خانەوادەکەی پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزانەوە کردووە، دوای نسکۆی شۆڕشەکە دەچنە خۆرهەڵاتی کوردستان و وەك پەناهەندە دەمێننەوە، ساڵی ١٩٤٦ دەبێتە یەکێك لە فەرماندەکانی سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان.

(٣) کەکۆ مەلاعەلی مێرگەسۆری (١٩١٧ - ٢٠٠٠): ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە، دوای نسکۆی شۆڕشەکە دەبێتە پەناهەندە لە خۆرهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٤٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان دەکات. ساڵی ١٩٤٧ بەشدار بووە لە شەڕی نەلووس و بە سەختی بریندار دەبێت، دوای کەوتنی کۆمار خۆی ڕادەست نەکرد و تا ساڵی ١٩٥٩ وەك شۆڕشگێڕ لە چیاکان ماوەتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٦١ بەشداری شۆڕشی ئەیلوول دەکات و دەبێتە یەکێك لە فەرماندەکانی بادینان. ساڵی ١٩٩٦ لە لایەن سەرۆك مەسعود بارزانییەوە میدالیای بارزانی نەمری پێ بەخشراوە.

(٤) تیلۆ باقی محەمەد (١٩٠٦ ـ ١٩٨٣): لەدایکبووی گوندی زورگەڤانی ناوچەی بارزانە، ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزانەوە کردووە، ساڵی ١٩٤٥ و دوای نسکۆی شۆڕشەکە

مشك پریا[١]، تەیموز ئاری قەتران[٢]، کاکشار ئەحمەد عارس مێرگەسۆری[٣] ڕێزلێنانیان پێ درا و پلەیان لە لایەن سوپاوە بەرز کرایەوە.

لە بەرەکانی دیکەی سەردەشت چەند شەڕ و پێکدانێکی دی ڕوویان دا، بە هەمان شێوە سوپای ئێران لە هەموویان شکستی هێنا. بەم جۆرە ورە و مۆڕاڵی سوپای کوردستان زیاتر بەرز بووەوە و گیانی قوربانیدان و تێکۆشان و پاراستنی سنووری کۆمار لە لایەن

---

ڕوو لە خۆرهەڵاتی کوردستان دەکات و دەبێتە پەناهەندە، ساڵی ١٩٤٦ دەچێتە ڕیزەکانی سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٤٧ یاوەری بارزانی دەکات بۆ چوونە یەکێتی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان و ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول دەکات، ساڵی ١٩٨٣ لە پرۆسەی ئەنفالکردنی بارزانییەکان شەهید دەبێت.

(١) حەدۆ محەمەد مشك پریا: یەکێك بووە لە یاوەرانی بارزانی لە پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس و چوونیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٧، ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان. ساڵی ١٩٨٣ بەر پرۆسەی ئەنفالکردنی بارزانییەکان کەوتووە و شەهید بووە.

(٢) تەیموز ئارب قەتران (١٩٢٤ـ ٢٠١٤): پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە لە ساڵی ١٩٤٣، پاش نسکۆی شۆڕشەکە چووەتە خۆرهەڵاتی کوردستان ساڵی ١٩٤٦ بەشداری لە سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان کردووە. یەکێك بوو لە یاوەرانی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧ کە لە ڕووباری ئاراس بەرەو یەکێتی سۆڤیەت پەڕینەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان. ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە، پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بووەتە پەناهەندە لە ئێران. ساڵی ١٩٩٦ لە لایەن سەرۆك مەسعود بارزانییەوە میدالیای بارزانی نەمری پێ بەخشراوە.

(٣) کاکشار ئەحمەد عارس مێرگەسۆری (١٩٢٢ ـ ١٩٩٣): یەکێك بووە لە بەشداربووانی شۆڕشی دووەمی بارزان و لە ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بەو شۆڕشە کردووە. دوای نسکۆی شۆڕش ڕووی لە خۆرهەڵاتی کوردستان کردووە و ساڵی ١٩٤٦ خزمەتی سەربازی لە سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان دەست پێ کردووە. یەکێکی ترە لە یاوەرانی بارزانی کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە و چوونە یەکێتی سۆڤیەت. پاشان لە ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان. ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلول، ساڵی ١٩٧٥ دوای نسکۆ بووەتە پەناهەندە لە ئێران. لە شاری ئەسفەهان لە کۆماری ئیسلامی ئێران کۆچی دوایی کردووە.

سەربازانی سوپای کوردستان زیاتر بوو، بە تایبەت ئەوانەی خاوەنی ئەزموونی شۆڕگێڕیان لە شۆڕشەکانی بارزان بە دەست هێنابوو و دەیانتوانی ئەرکی خۆیان لە بەرەکانی شەڕ و پێکدادان بە زیرەکانە و لێوەشاوەییەوە جێبەجێی بکەن.

سوپای ئێران ناچار بوو لە پێگە و بنکەکانی خۆیدا بمێنێتەوە و دووچاری وەستان بوو و نەیتوانی لە بەرانبەر سوپای کۆماری کوردستان جووڵە بکات، بۆیە لە کاتی گواستنەوەی کەلوپەلە سەربازییەکانی بۆ ناو سەربازگەکان و جووڵەکردنی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر و لە لایەکەوە بۆ لایەکیتر، پەنای بردە بەر دانوستان لەگەڵ هێزەکانی سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان.

پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان هێزەکانی کۆماری دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی حکومەتی میللی ئازەربایجان زیاتر بوو، لە ئەنجامی ئەم پەیوەندی و هەماهەنگییە بڕیار وابوو لە تشرینی دووەمی ١٩٤٦ ژمارەیەك تۆپ و زرێپۆش لە تەورێزەوە بگاتە مەهاباد بە مەبەستی بەشداریکردنی سوپای کوردستان لە هێرش کردنە سەر سەقز[١] بە ئامانجی پاککردنەوەی ئەم ناوچەیە لە سوپای ئێران.

لە ڕاستیدا بڕیارەکە چووە واری کردەنی و ئەو هێزانە بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵ کیبیری[٢] گەیشتە ناوچەکە و هاوڕێ لەگەڵ مستەفا بارزانی کە نیازی

(١) بۆ زانیاریی زیانر، بڕوانە: أبو الحسن تفرشيان، قيام افسران خراسان، چاپ دوم، (تهران ـ انتشارات أطلس ـ ١٣٦٧هـ.ش).
(٢) ژەنەڕاڵ کیبیری: تورکێکی شاری مەراغە بوو و لە خێزانێکی ناسراو و بۆرژوا لە دایك بووبوو، وەزیری پۆستە و پەیوەندییەکان بوو لە کۆماری میللی ئازەربایجان، ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن سوپای محەمەد ڕەزا پەهلەوی لە شاری

وابوو هێرش بکات[1]، بەرەو بەرەی سەقز بەڕێکەوت، بۆ ئەو مەبەستە پلانێکی هاوبەش و کاتژمێری سفر بۆ دەستپێکردنی هێرشەکە دانرا. ئێوارەی ئەو ڕۆژە ژەنەڕاڵ کیبیری هەواڵێکی لە حکومەتی تەورێزەوە پێ گەیشت و داوای لێ کرا دەستبەجێ خۆی و سەربازەکانی بگەڕێنەوە. زرێپۆشەکان بە ئاراستەی تەورێز جووڵەیان کرد، بارزانیش یاوەری ژەنەڕاڵ کیبیری کرد بەرەو میاندۆئاب. هەمان شەو هەواڵی کەوتنی تەورێز لە لایەن سوپای ئێرانەوە گەیشت و بڵاوکرایەوە کە جەعفەر پیشەوەری[2] پەنای بردووەتەوە بەر یەکێتی سۆڤیەت.

بارزانی بە پەلە گەڕایەوە مەهابادی پایتەخت، لەگەڵ گەیشتنەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ قازی محەمەد و سەیفی قازی کۆبووەوە و پێشهات و گۆڕانکارییەکانیان تاوتوێ کرد. پاشان فەرمانی کرد بە کشانەوەی هێزەکانی بەرەو دەوروبەری بۆکان و مەهاباد. هاوکات شێخ محەمەد خالید خانەوادەکەی بەرەو بۆکان گواستنەوە وەك ئامادەکارییەکی پێشوەختە و بۆ سەرپەرشتیکردنی هێزەکانی ئەوێ. بەڵام مستەفا بارزانی کە دڵنیا بوو لەوەی حکومەتی کۆماری دیموکراتی کوردستان بڕیاری داوە

---

مەراغە لە سێدارە درا.

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: أبو الحسن تفرشيان، قيام افسران خراسان، (تهران ـ چاپ رشدية ـ ١٣٦٧ ه.ش)، ص١٠٢ـ ١٠٣.

(٢) میر جەعفەر پیشەوەری (١٨٩٧ـ ١٩٤٨): ساڵی ١٩١٢ بە مامۆستا دامەزراوە، ساڵی ١٩١٨ بووەتە ئەندامی حزبی دیموکراتی ئێران، ساڵی ١٩٢٠ یەکێك بووە لە یاریدەدەرانی میرزا کوچەکخان شۆڕشگێڕی گەیلانی، هاوکات لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی ئێران کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی کردووە. ساڵی ١٩٤٥ کۆماری میللی ئازەربایجانی ڕاگەیاند. ساڵی ١٩٤٦ لەسەر فەرمانی دەسەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت تەبریزی پایتەختی بە جێ هێشت بەبێ هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەختە و سەرتاپاگیر بۆ مانەوەی هێزەکانی لە گۆڕەپانەکان یان کشانەوەیان. ساڵی ١٩٤٨ لە کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی لە لایەن جەعفەر باقرۆف تیرۆر کرا.

خـۆی ڕادەسـتی شـا بـکات، بڕیارەکەی ڕەت کـردەوە و بڕیـاری دا بەرانبەر بە سـوپای ئێـران بەرگـری بـکات، لـەم نێوەنـدەدا گەڕایـەوە و فەرمانـی کـرد بە گواسـتنەوەی خانـەوادەکان لـە بـۆکان و مەهابـادەوە بـەرەو نەغەدە و شـنۆ، هـاوکات ئـەو هێزانـەی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ بارزانـی بـوون، لە شـوێنی خۆیان و لەگـەڵ بارزانـی مانـەوە.

## سەرەتای نسکۆ و گفتوگۆی نێوان قازی محەمەد و بارزانی

محەمەد عیسا مێرگەسۆری کە وەك شۆڕشگێڕێك لەگەڵ ڕووداوەکان ژیاوە و یاوەری بارزانی بووە لە دوا دیداری بارزانی لەگەڵ قازی محەمەد، ئاماژەی بەوە کردووە قازی لە نووسینگەکەی خۆی لەسەر کورسی دانیشتبوو کاتێك بارزانی چووە لای. ئەوکات سەختترین چرکەساتەکانی ژیانی بارزانی بوو و ڕووە و قازی وتی: زۆر دڵگرانم بەو بڕیارەی داوتانە... تکا دەکەم هەڵوێستەکە لەبەرچاو بگرن و پێداچوونەوە بە بڕیارەکەتان بکەن... بڕیاری دروست ئەوەیە شەڕ لەگەڵ سوپای ئێران بکەین. باش دەزانم ئەگەر خۆت ڕادەست بکەیت، لە سێدارە دەدرێیت، هەڵەیت کە بە بەڵێنەکانی شا بڕوا بکەی، تکایە متمانەی پێ مەکە!

قازی لە وەڵامدا وتی: بەڵێ دەزانم ئەوەی تۆ دەیڵێی ڕاستە، بەڵام کات بەسەرچووە، سەدری برام لە تارانە و بەڵێنی ئەوەی پێ دراوە کە حکومەتی ئێران لێبووردنم بۆ دەربکات، هەروەها سەیفی قازی چووە بە سوپای ئێران ڕاگەیەنێ کە بڕیارمان داوە بەبێ هیچ کۆت و مەرجێك خۆمان ڕادەست بکەین بۆ ئەوەی هیچ کەس دووچاری ئەشکەنجە و زیان نەبێ... وەک ئێوە دەزانن من تەنیام و کەسم نییە.

قسەکانی قازی کاری زۆریان لە بارزانی کرد و پێی وت: لەگەڵ ئێمە بە، ئێمەی بارزانییەکان تا دوایەمین کەسمان خزمەتت دەکەین، تا دوا دڵۆپی خوێنمان بەرگریت لێ دەکەین و دەتپارێزین، تۆ بە تەنیا نیت، بەڵکوو سەرۆکی نەتەوەیەکی، ئەگەر بمێنیتەوە گەلانی جیهان دەزانن گەلی کورد سەرۆکەکەی دەپارێزێت. پاشان

چاوەڕوانــی هــەر دەرفەتێــك دەکەیــن بــە پشــتوانی خــودا بــۆ لێــدان لــە ســوپای ئێــران و ئەگــەر مردیشــی ئێســقانەکانت پارێــزراو دەبــن.

قـازی بـە چـاوی پـڕ فرمێسـکەوە ڕووە و بارزانی وتـی: ئومێـدەوارم گەلی کـورد سـەربکەوێ و بـە خواسـت و ئاواتەکانـی بـگات و بـە سـەرکردایەتی ئێـوە مافەکانـی بـە دەسـت بهێنـێ، بـە خـوا سـوێندتان دەدەم و وەسـیەتم بـۆ تـۆ خەبـات و تێکۆشـانی بەردەوامتانـە لـە پێنـاو ئـازادی کوردسـتان. قـازی لـە کۆتایـی قسـەکانیدا بارزانـی ڕاسـپارد مەهابـاد بـە جـێ بهێڵـێ.

بارزانـی لـە وەڵامـدا وتـی: ترسـی کوشـتنی خەڵکـی بێتاوانـی مەهابـادم نەبـێ، شـەڕ دەکـەم تـا دوا هەناسـەم بەرگـری لـە مەهابـاد دەکـەم، بـەڵام لەسـەر ڕاسـپاردە و داوای ئێـوە شـارەکە بـە جـێ دێڵـم.

هـەر ئـەوکات قـازی ئـاڵای کوردسـتان و هەندێـك دیـاری و میداليـا کـە لــە نێــو پارچــە پەڕۆیــەك پێچرابــوو، ڕادەســتی بارزانــی کــرد و پێــی وت: بگــرە ئەمــە ئەمانتــە لای ئێــوە. پاشــان فەرمانــی کــرد کــە چەکــی نــوێ بدەنــە پاســەوانەکانی بارزانــی. بارزانــی پــاش دەســتلەملانێیەکی درێــژ و بــە ئــازار قــازی بــە جێهێشــت، دواتــر بارزانــی فەرمانــی بــە هێزەکــەی کــرد دەســتبەجێ مەهابــاد بــە جــێ بهێڵــن، پاشــان ئــەو هێزانــە لــە دووری دە کیلۆمەتــر لــە مەهابــاد جێگیــر کــران.

## بارزانی بڕیاری بەرگری دەدا

بارزانـــی دوای کشـانەوە لــە مەهابــاد لەگــەڵ فەرمانــدەکان کۆبــووەوە و هێزەکانــی بەســەر ناوچــە هەســتیارەکانی نزیــك نەغــەدە، شــنۆ، خانــە و ورمــێ دابــەش کــرد و پاشــان لەگــەڵ شــێخ محەمــەد بارزانــی بــرای ڕاوێژیــان کــرد.

شــێخ محەمــەد بارزانــی سەرپەرشــتی هــەر دوو بــەرەی نەغــەدە و خانــەی کــرد، هــاوکات مســتەفا بارزانــی و هێزەکــەی لــە بــەرەی ورمــێ مانــەوە بــۆ ئــەوەی خــۆی ڕاســتەخۆ ســەرکردایەتی هێزەکانــی ئــەو بەرەیــە بــکات بەهــۆی هەســتیاری ناوچەکــە کــە لــەو بەرەیــەدا ئەســعەد خۆشــەوی و هێزەکــەی کــە چەکــی ئۆتۆماتیکــی ســووك و تــۆپ و ڕەشاشــیان هەبــوو، لەگەڵیــدا بــوون.

خانــەوادەی ئــەو هێزانەی لەگەڵ بارزانیــدا بوون بارودۆخیــان نالەبار بوو و تــا دەهــات لایەنــی ئابووری و بژێویــان خراپتر دەبــوو، تەنانەت نەخۆشــی بــە ناویانــدا بڵاو بــووەوە و بەهۆیــەوە ژمارەیەکــی زۆریــان گیانیــان لــە دەســت دا، بۆیــە بارزانــی گەڕێکــی بە نێــو عەشــیرەتەکاندا کرد بە مەبەســتی بەدەســتهێنانی پشــتوانی و هاوکاریکردنــی ئــەو خانەوادانــە.

چەنــد پێکدادانێــك لــە نێــوان هێزەکانــی مەســتەفا بارزانــی و هێزەکانــی شاهانشــای ئێــران ڕوویــدا کــە ســەدا نــەوەدی ئــەو هێزانــەی ئێــران جــاش بــوون. لــەو ســەروبەندەدا شــای ئێــران محەمــەد ڕەزا پەهلــەوی توانــی ویژدانــی ژمارەیــەك ســەرۆك عەشــیرەت بکڕێــت و ناپاکیــان لــەو بەڵێنەیــان کــرد کــە بــە بارزانیانــدا بــوو، تەنانــەت بــە چــەك و بــە پــارە ڕووبــەڕووی بوونــەوە، بــەڵام بارزانــی لــە هەمــوو پێکدادانەکانــدا

شکستی بە دوژمن هێنا. مایەی نیگەرانی بوو لە کاتی ئەو ڕووداو و پێکدادانەدا فڕۆکەکانی ئێران بێبەزەییانە ئەو شوێنانەیان بۆردوومان کرد کە خانەوادەی شۆڕشگێڕانی لێ بوو!

هەموو هەوڵەکانی سوپای ئێران بەرانبەر بە هێزەکانی بارزانی شکستیان هێنا، بۆیە سوپای ئێران پەنای بردە بەر دانوستان لەگەڵ بارزانی، بۆ ئەو مەبەستەیش عەقید غەفاری ناردە نەغەدە و لەگەڵ بارزانی و شێخ ئەحمەدی برای کۆبووەوە. دوای چەند دانیشتنێك شێخ ئەحمەد بە باشی زانی مستەفا بارزانی بە سەرۆکایەتی شاندێك سەردانی تاران بکات، چونکە پێی وابوو بەرژەوەندی وا دەخوازێت لەگەڵ حکومەتی ئێران دانوستان بکەن. لە بەرانبەردا بارزانی پێشنیازەکەی شێخ ئەحمەدی بە دوو هۆ پەسند کرد:

١- نالەباری دۆخی ئابووری بەو پێیەی خۆراك و پێداویستییەکانی تر زۆر کەم بوون، بۆیە خانەوادەی شۆڕشگێڕان هەڕەشەی مردنیان لەسەر بوو.

٢- بارزانی بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر نەیدەتوانی بگەڕێتەوە باشووری کوردستان، چونکە بەفر بە تەواوەتی چیا و ڕێگەکانی داپۆشیبوو.

بارزانی لەگەڵ ئەوەی دانوستانی پەسەند کرد و بڕیاری دا بچێتە تاران، حکومەتی ئێران دەستی کرد بە ناردنی خۆراك بۆ خانە، شنۆ و نەغەدە. پاشان لە ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ بارزانی لەگەڵ هەر یەك لە نەقیب عیززەت عەبدولعەزیز[1]، نەقیب میرحاج ئەحمەد،

(١) عیززەت عەبدولعەزیز: ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزان

نـووری ئەحمـەد تەهـا[1]، محەمـەد ئەمیـن میرخـان، جەمیـل تۆفیـق حسـێن[2] و خالیـد زراری سـەردانی تارانیـان کـرد کـە لـەو سـەردانییەدا عەقیـد غەفاریـش یـاوەری کـرد.

بارزانـی و شـاندی یـاوەری گەیشـتنە تـاران، گفتوگـۆ و دانوسـتانەکانی لەگـەڵ بەرپرسـانی بـاڵای ئێـران تایبـەت بـوو بـە بابەتـی بوونـی لـەو وڵاتـە. بارزانـی لـە دانوسـتانەکاندا بـۆی دەرکـەوت هەڵوێسـتی

کـردووە، دوای نسـکۆی شۆڕشـکە ڕووی کردووەتـە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان و سـاڵی ١٩٤٦ چووەتـە ڕیزەکانـی سـوپای کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان، لـە ١٩ـی حوزەیرانـی ١٩٤٧ لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانی عێـراق لـە سـێدارە دراوە و لـە زێـدی لەدایکبوونـی لـە ئامێـدی بـە خـاك سـپێردراوە.

(١) نـووری ئەحمـەد تەهـا (١٩٢١ـ ١٩٩١): لەدایکبـووی شـاری سـلێمانییە، سـاڵی ١٩٤١ کۆلێـژی سـەربازی عێـراق بـە پلـەی مولازمـی دووەم تـەواو کـردووە، یەکێـك بـووە لـە دامەزرێنەرانـی لێژنـەی ئـازادی لـە سـاڵی ١٩٤٥، پـاش نسـکۆی شۆڕشـی دووەمـی بارزانـی لـە ١٩٤٥ پەنـای بردووەتـەوە بـەر خۆرهەڵاتـی کوردسـتان، دواتـر بووەتـە یەکێـك لـە فەرمانـدە سـەربازییەکانی سـوپای کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٤٦. دوای کەوتنـی کۆمـار، خـۆی ڕادەسـتی دەسـەڵاتداران نەکـرد و خـۆی شـاردەوە. لـە سـاڵی ١٩٦٠ بـە ئەندامـی لێژنـەی ناوەنـدی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەڵبژێـردرا، سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی شۆڕشـی ئەیلـوول کـردووە و وەك فەرمانـدەی یـەك بـەرەکان دانـراوە. دوای کۆڕەوەکـەی ئاداری ١٩٩١ لـە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان کۆچـی دوایـی کـردووە و تەرمەکـەی لـە شـاری سلێمانی بـە خـاك سـپێردراوە.

(٢) جەمیـل تۆفیـق حسـێن (١٩١٢ـ ١٩٦٣): سـاڵی ١٩٣٩ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی حزبی هیـوا کـردووە و سـاڵی ١٩٤٥ چووەتە ڕیزی شۆڕشـگێڕانی شۆڕشـی دووەمی بـارزان. پاش نسـکۆی شـۆڕش بووەتـە پەناهەنـدە لـە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان. سـاڵی ١٩٤٦ چووەتـە ڕیـزی سـوپای کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان. یەکێـك بـووە لـە یاوەرانـی بارزانـی لـە پەڕینـەوە لـە ڕووبـاری ئـاراس و ڕێڕۆیشـتن بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت. پاشـان دوای دوازدە سـاڵ مانـەوە لـەو وڵاتـە، لـە سـاڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتـەوە خاکـی نیشـتمان و سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی شۆڕشـی ئەیلـوول کردەوە و لـە سـاڵی ١٩٦٣ سـەرکردایەتی شـەڕی مەتینـی کـردووە و هـەر لـەو شـەڕەدا شـەهید بـووە.

ئێـران نەرێنییـە و پێـی وابـوو دانوسـتانەکان درێژخایەنـن و پلانگێـڕی تێدایـە کـە بێگومـان بۆچـوون و خوێندنەوەکانـی دروسـت دەرچـوون! بۆیـە لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانی ئەمنـی ئێـران چاودێـری خرایـە سـەر کـە هاوکاتـی ئـەم دۆخـە، نەقیـب میرحـاج ئەحمـەد بەشـێك لـە پێداویسـتییەکانی ئەنجـام دەدا. ڕۆژانـە ڕۆژنامەکانـی دەخوێنـدەوە بـۆ ئاگاداربـوون لـە ڕووداو و بـارودۆخ و پێشـهاتەکان، هەواڵێکـی بینـی کـە تێیـدا ئامـاژە بـە دەرچوونـی بڕیـاری لەسـێدارەدان بـۆ بارزانـی و عیـززەت عەبدولعەزیـز و خـۆی دەرچـووە، بۆیـە خێـرا گەڕایـەوە بـۆ ئـەوەی هەواڵەکـە بـە بارزانـی ڕابگەیەنـێ. بـە چـاوی پـڕ فرمێسـك گەڕایـەوە، ئـەو ڕۆژە عیـززەت عەبدولعەزیـز نەخـۆش بـوو، خـەم و پـەژارە هەمووانـی داگـرت، بـەڵام بارزانـی پێـی وتـن: خـەم مەخـۆن، مـردن لـە پێنـاو نیشـتمان شـەڕەفی تێکۆشـان و خەباتـە. هەروەهـا بارزانـی داوای دانبەخۆداگرتـن و ئارامـی لێیـان کـرد.

بارزانـی دەبـوو بـۆ دەرچـوون لـەو کارەسـات و کۆسـتە گەورەیـە بـە دوای دەریچەیەکـدا بگـەڕێ، بۆیـە ناچـار بـوو پەنـای بـردە بـەر باڵیۆزخانـەی ئەمریـکا کـە لـە نزیـك شـوێنی ئەوانـدا بـوو، هـەر یـەك لـە عیـززەت عەبدولعەزیـز و میرحـاج ئەحمـەدی لەگەڵـدا بـوو. لەگـەڵ گەیشـتنیان چاویـان بـە باڵیـۆزی ئەمریـکا کـەوت و داوایـان لـێ کـرد لـە ڕووی مرۆییـەوە بێتـە سـەر هێـڵ و ڕێگـە لـە جێبەجێکردنـی سـزای لەسـێدارەدانیان بگرێـت. گفتوگـۆی نێـوان بارزانـی باڵیـۆزی ئەمریـکا لـە کتێبـی «کۆمـاری کوردسـتان و گەشـتێك بـەرەو لای پیـاوە ئـازاکان» تۆمـار کـراوە. لـە بەرانبـەردا باڵیـۆزی ئەمریـکا بـە دەنـگ داواکارییەکـەی بارزانییـەوە چـوو و جێبەجێکردنـی سـزاکەی لـە لایـەن

دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە ڕاگرت، هاوکات دەرفەت دروست بوو بۆ ئەوەی بارزانی چاوی بە شای ئێران بکەوێت.

بەر لە چوونی بۆ لای شا، یەکێك لە وەزیرەکانی حکومەتی ئێران سەردانی بارزانی کرد و بارزانی ئاگادار کردەوە لە شێوازی چاوپێکەوتنی شا، بە شێوەیەك دەست لەسەر سنگ بوەستێ و پاشان بۆی بچەمێتەوە وەك ڕێز و شکۆیەك بۆ شا! بەڵام بارزانی ڕێنماییەکانی وەزیرەکەی ڕەت کردەوە و پێی وت: من نە بۆ شا و نە بۆ هیچ کەسێکی تر ناچەمێمەوە، خۆچەماندنەوە بەس شیاوی خوای گەورەیە. بارزانی زۆر بە ئاسایی و بێ هیچ گرنگیپێدانیك مامەڵەی لەگەڵ وەزیر و ڕێنماییەکانی کرد، بۆیە شا بەو ڕەفتار و هەڵوێستەی بارزانی کاریگەر بوو، لە چاوپێکەوتنەکەدا پێی وت کە لە بەردەم دوو بژاردە دای، یان مانەوە لە ئێران و خۆڕادەستکردنت بە سوپای ئێران کە پاشان حکومەتی ئێران دەست دەکات بە گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی ناوچەی کوردستان و لە نزیك شاری هەمەدان نیشتەجێیان دەکات و بۆ ماوەی شەش مانگ بۆ ساڵێکیش خۆراك و پێداویستیان بۆ دابین دەکات» دواتر زەوییان بەسەردا دابەش دەکات و وەك هاووڵاتی ئێران دەژین. بژاردەی دووەمیش بریتی بوو لە دەستبەجێ دەرچوونیان لە ئێران بە خۆیان و خانەوادەکانیانەوە.

بارزانی پەنای بردە بەر مانۆڕ و وەڵامی دایەوە و پێی ڕاگەیاند کە ناچارە پرس و ڕاوێژ بە شێخ ئەحمەدی براگەورەی بکات، چونکە ئەو سەرۆکی ڕاستەقینەی بارزانییەکانە. شیاوی ئاماژەیە بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدان دژی مستەفا

بارزانـی و هەڤاڵەکانـی گەیشـتبووە شـێخ ئەحمـەدی بـرای لـە شـنۆ، بۆیـە وەزیرێکـی شـا و ژمارەیـەك ئەفسـەری وەك بارمتـە گـرت و ڕایگەیانـد هەرگیـز ئازادیـان نـاکات تاکـو بارزانـی و هەڤاڵەکانـی نەگەڕێنـەوە.

لـە بەرانبـەردا حکومەتـی ئێـران بـە مەرجەکانـی شـێخ ئەحمـەد ڕازی بـوو لـە پێنـاو ئازادکردنـی دەسـتگیرکراوەکانی و ڕادەسـتی تۆپـەکان بـە سـوپای ئێـران. هەمـووان بڕوایـان وابـوو مسـتەفا بارزانـی هەرگیـز ناگەڕێتـەوە، کاتێکیـش کـە بـە سـەلامەتی گەڕایـەوە هەمـووان تووشـی سەرسـوڕمان بـوون و گەڕانەوەکەیـان وەك پەڕجـوو بینـی!

بارزانـــی دوای گەڕانـــەوەی لەگـــەڵ شـــێخ ئەحمـــەدی بـــرای و هێزەکانـــی کۆبـــووەوە و ئەنجامـــی دانوســـتانەکانی لەگـــەڵ شـــا و بەرپرســـانی ئێـــران پـــێ ڕاگەیانـــدن. ئـــەوە بـــوو بارزانـــی دەســـتگیرکراوەکانی ئـــازاد کـــرد و بڕیـــاری کشـــانەوەی بـــۆ نـــاو ســـنوورەکانی عێـــراق دا، بـــەڵام تـــا ئـــەوکات کـــە ســـەرەتاکانی بەهـــار بـــوو، ڕێگـــەکان بەهـــۆی زۆری بەفـــرەوە گیرابـــوون و ڕێگـــەی پەڕینـــەوە و دەرچـــوون نەبـــوو. بارزانـــی تۆپەکانـــی ڕادەســـتی ســـوپای ئێـــران نەکـــرد و تەنانـــەت هیـــچ وەڵامێکـــی بـــۆ حکومەتـــی ئێـــران نەنـــارد، ســـەرەڕای ئـــەوەی بەرپرســـانی ئێـــران و ئەفســـەرەکانی پەیوەندیـــان پێـــوە دەکـــرد بـــۆ زانینـــی بۆچوونـــی و ســـەبارەت بـــە هەڵبژاردنـــی یەکێـــك لـــە دوو بژاردەکـــە.

بارزانـی بـە ئەنقەسـەت ئـەم شـێوازەی بـە کارهێنـا کـە ئامانجـی بەدەسـتهێنانی کات بـوو، بەڵکـوو لـەم نێوەنـدەدا بـارودۆخ بـاش دەبێـت و ڕێگـە شـاخاوییەکان ببنـەوە. هـاوکات سـوپای ئێـران لـە ناوچەکـەدا بڵاوەیـان کـرد بـە ئامانجـی لێـدان لـە هێزەکانـی بارزانـی.

بـەڵام بارزانـی پێویسـتی بـە پشـتوانی عەشـایەرە کوردییـەکان بـوو بۆئـەوەی تـا کۆتایـی وەرزی بەهـار هـاوکاری خانـەوادەی شۆڕشـگێڕان بکـەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش سـەردانی سـەرۆك عەشـیرەکانی کـرد و گەڕێکـی بـە نێـو ناوچەکـەدا دەسـت پێکـرد و گفتوگـۆی لەگەڵـدا کـردن و پێـی ڕاگەیانـدن، ناچـارە تـا هاتنـی وەرزی هاویـن لـە ناوچەکـەدا بمێنێتـەوە. وەك هەمـوو جارێـك سـەرۆك عەشـیرەکان بەڵێنیـان پـێ دا کـە هـاوکاری پێشـکەش بکـەن و داڵـدەی خانـەوادەی شۆڕشـگێڕان بـدەن و ناپاکـی لەگەڵـدا نەکـەن. بارزانـی گەڕایـەوە و هێزەکانـی ڕێکخسـتەوە و خـۆی بـۆ گەڕێکیـتر ئامـادە کـرد و هـەر یـەك لـە شـێخ محەمـەد سـەدیق بارزانـی و شـێخ محەمـەد خالیـد بارزانـی سەرپەرشـتی هـەر دوو بـەرەی خانـە و نەغەدەیـان کـرد.

هێـزە ئاسـمانییەکانی شاهانشـای ئێـران دەستپێشـخەریان کـرد بـە لێـدان و بۆردوومانکردنـی ئـەو گونـدە کوردییانـەی کـە خانـەوادەی شۆڕشـگێڕان و ناوەندەکانـی خـۆ کۆکردنەوەیـان لـێ بـوو. بەهـۆی ئـەم هێـرش و بۆردوومانانـەوە ژمارەیـەك منـداڵ و پیـر و ئافـرەت شـەهید بـوون، دواتـر یەکـە سـەربازییەکانی تـری سـوپای ئێـران بـەرەو شـنۆ پێشـڕەوییان کـرد، بـەڵام هێزەکانـی بارزانـی بۆیـان لـە کەمینـدا بـوون.

چەنـد شـەڕێکیتر لـە نێـوان هێزەکانـی بارزانـی و سـوپای ئێـران بـە هـاوکاری جاشـەکان ڕوویـان دا کـە بەهـۆی ناپاکیکردنـی سـەرۆك عەشـیرەتەکانی مەنگـوڕ و مامـش لـە بارزانـی و خزمەتکردنـی سـوپای دوژمـن، ژمارەیەکـی زۆری شۆڕشـگێڕان شـەهید بـوون.

ئـەو شـەڕە بـە شـەڕی «نالـووس» بـە ناوبانگـە کـە تێیـدا فەوجێکـی سـوپای ئێـران بـە تەواوەتـی تێکشـکا و ژمارەیـەك لـە ئەفسـەران و

سەربازانیشـیان خۆیـان ڕادەسـتی هێزەکانـی بارزانـی کـرد و چـەك و تفاقێکـی زۆریـش کەوتـە دەسـت شۆڕشـگێڕان، ئەمـە جگـە لـە کوژرانـی ژمارەیـەك زۆری سـەربازانی سـوپای ئێـران و ئـەو زیانـە گەورەیـەی بەریکـەوت کـە لـە ئەنجامـدا ناچـار بـوو هێـرش و ئۆپەراسـیۆنە زەمینییەکانـی لـەم ناوچانـەدا ڕابگـرێ، بەڵکـوو تەنیـا لـە ڕێگـەی هێـرش و بۆردوومانـی ئاسـمانییەوە گوندەکانـی بۆردوومـان دەکـرد.

هەروەهـا سـەرۆك عەشـیرەتەکانی ناوچـەی تەرگـەوەڕ و مەرگـەوەڕ بـە هەمـان شـێوە ناپاکیـان لـە بارزانـی کـرد و لـە بەڵێنەکانـی کـە بـە بارزانیـان دابـوو پەشـیمان بوونـەوە و ڕازی بـوون بـە خزمەتکردنـی دوژمـن و چەکیـان دژی هێزەکانـی بارزانـی هەڵگـرت.

بارزانـی لـە گۆجـاڕ ڕووبـەڕووی سـوپای ئێـران بـووەوە کـە خاوەنـی تانـك و هێـزی ئاسـمانی و جاشـێکی زۆر بـوو، بـەڵام شۆڕشـگێڕانی هێزەکانی بارزانـی لـە شـەڕێکی پاڵەوانانـەدا گورزێکـی گەورەیـان لـە سـوپای دوژمـن دا کـە لـەو شـەڕەدا جاشـێك بـە نـاوی شـێرکۆ کـوژرا کـە سـەرۆکی یەکێـك لـە عەشـیرەتە کوردییـەکان و سـەرۆکجاش بـووا! بێجگـە لـە کوژرانـی شـێرکۆ هـاوکات ژمارەیەکـی زۆر لـە سـەربازانی ئێـران و جاشـەکان کـوژران و سـوپای ئێـران ناچـار بـوو بـەرەو دواوە بکشـێتەوە. لـەو شـەڕەدا ژمارەیـەك لـە شۆڕشـگێڕانی هێزەکانـی بارزانـی برینـدار بـوون.

سـوپای شۆڕشـگێڕان و سـوپای ئێـران لـە ناوچـەی قـەسرێ ڕووبـەڕووی یەکـتری بوونـەوە و لـە ئەنجامـدا زیانێکـی زۆر بـەر سـوپای ئێـران کـەوت. هـەر ئـەوکات شـەڕ و پێکـدادان لـە ناوچـەی زێـوە بـەردەوام بـوو، بـەڵام بارودۆخـی سـوپای ئێـران لـەو ناوچەیەیـش لـە ناوچەکانیـتر باشـتر نەبـوو.

ڕێگـەی باشـووری کوردسـتان کرایـەوە و بـارودۆخ کەمێـك باشـتر بـوو، بارزانــی و شــێخ ئەحمــەد گفتوگۆیــان لــە بــارەی بابەتــی خانــەوادەی شۆڕشـگێڕان کـرد کـە لـە نێـوان زێـوە و شـنۆ نیشـتەجێ بـوون.

شـێخ ئەحمـەد بارزانــی پەیوەنـدی بــە حکومەتــی عێراقــەوە کــرد، بەڵکـوو خانـەوادەی شۆڕشـگێڕان بگەڕێنـەوە، لـە بەرانبـەردا حکومەتـی عێـراق ڕەزامەنـدی نیشـان دا.

لـەو ماوەیـە سـەرلەنوێ چەنـد پێکدادانێـك لـە دەوروبـەری زێـوە لـە نێـوان هـەر دوو لادا ڕووی دایەوە کـە تێیدا بارزانییـەکان توانیان فڕۆکەیەکی جەنگـی سـەر بـە هێـزی ئاسـمانی ئێـران لـە نزیـك گونـدی زێـوە بخەنـە خـوارەوە و سـەرجەم تیمەکـەی نـاوی بـە دیـل بکەونە دەسـتی شۆڕشـگێڕان کـە لـە هەمـان کاتـدا ژمارەیـەك ئەفسـەریش بـە دیـل گیـران کـە یەکێك لـەوان کـوڕی فەرمانـدەی گشـتی سـوپای ئێـران بـوو لـە ڕەزایـە کـە دواتر لە ڕێگـەی سـەید عەبدوڵـڵای گەیلانـی[1] پەیوەنـدی بـە بارزانی کرد و لـە بارەی چارەنووسـی کوڕەکـەی پرسـیاری کـرد، لـە بەرانبـەردا بارزانـی پێـی ڕاگەیانـد کـە بـە دیـل گیـراوە و بەڵێنـی پـێ دا ئـازادی بـکات بەرانبـەر بـە ڕاگرتنـی هێرشـە ئاسـمانییەکانی سـوپای ئێـران بـۆ سـەر خانـەوادەی شۆڕشـگێڕان، ئەگەرنـا لـە بـری ئـەو هێرشـانە کوڕەکـەی دەکـوژن.

بـەم شـێوەیە بۆردوومانـی ئاسـمانی ڕاوەسـتا و فڕۆکەکانـی ئێـران تەنیـا بەسـەر ئاسـمانی ناوچەکانـدا دەسـووڕانەوە و زانیارییـان کۆدەکـردەوە،

(١) عەبدوڵـڵا قـادر نەهـری: باوکـی نەقیـب سـەید عەزیـز شـەمزینی یـەك لـە سـەرکردەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٥٩ - ١٩٦٤. نـەوەی ماڵباتـی نەهرییـە لـە شـێخانی نەقشـبەندی خالیـدی و نـەوەی شـێخ عوبەیدوڵـڵای شۆڕشـگێڕی کـوردە.

دواتـر دەسـت بـە ڕاگواسـتنەوەی خانـەوادەکان کـرا بـەرەو عێـراق و لـە ڕێگـەی ڕووبـاری گادەر کـە لـە هەمـان کاتـدا هێزەکانـی دواوە لەگـەڵ سـوپای ئێـران لـە شـەڕکردن بـەردەوام بـوون.

لــە میانــی پڕۆســەی ڕاگواســتنەوەکەدا ژمارەیــەك منــداڵ بەهــۆی ســەرما و نەخۆشــییەوە گیانیــان لــە دەســت دا، لەگــەڵ گەیشتنیشــیان بــە ڕووبــاری گادەر، بارزانــی بەڵێنەکــەی بــردە ســەر و ســەرجەم دیلەکانــی ئــازاد کــرد و لــە ڕێگــەی خەڵکــی ناوچەکــەوە ڕەوانــەی ســوپای ئێرانــی کردنــەوە. شــیاوی ئامــاژە بــۆ کردنــە هێزەکانــی بارزانــی پردێکیــان لــە دار دروســت کــرد بــۆ ئــەوەی خانــەوادەکان لــە ڕووبــاری گادەر بــە ســەریدا بپەڕنــەوە.

لــە دیوەکــەی تــری ڕووبــاری گادەر لــە ســەر ســنووری عێــراق پۆلیســی عێراقــی وەســتا بــوون بــۆ وەرگرتنــەوەی خانــەوادەکان کــە عومــەر عەلــی[1] یــەك لــە فەرمانــدە ســەربازییەکانی عێراقیــان لەگەڵــدا بــوو و لەســەر کەنــاری ڕووبارەکــە لــە چاوەڕوانیــدا بــوو و سەرپەرشــتی پڕۆســەی ڕادەســتکردنەوەی خانەوادەکانــی دەکــرد.

مســتەفا بارزانــی خواحافیــزی لــە هــەر یــەك لــە براکانــی شــێخ ئەحمــەد، شــێخ بابــۆ و شــێخ محەمــەد ســەدیق و نزیکەکانــی و ئەندامانــی

(١) عومـەر عەلـی (١٩١٠ـ ١٩٧٤): لـە نەتـەوەی تورکمان بـوو، سـاڵی ١٩٢٨ بـە پلـەی مولازمـی دووەم کۆلێـژی سـەربازی لـە بەغـدا تـەواو کـردووە. سـاڵی ١٩٤٨ پلـەی عەقید بـووە لـە سـوپای عێراق. سـاڵی ١٩٥٤ پلەکەی بۆ زەعیـم بەرز کراوەتەوە و پاشان بووەتە موتەسـەڕیفی لیـوای سلێمانی. پاشـان کۆتاییهاتنـی سیسـتمی پادشـایەتی و هاتنەئـارای سیسـتمی کۆمـاری لـە سـاڵی ١٩٥٨ بـۆ مـاوەی حـەوت سـاڵ بڕیـاری بەندکردنـی بـۆ دەرچـوو، بـەڵام سـاڵی ١٩٦١ ئـازاد کـرا و سـاڵی ١٩٧٤ کۆچـی دوایـی کـرد. ناوبـراو بـەوە نـاسراوە بەرانبـەر بـە نەتەوەپەروەرانـی کـورد زۆر تونـد بـووە.

خانەوادەکەی و ئەوانیتر کرد. لە ١٧ و ١٨ـی نیسانی ١٩٤٧ دوو کاروانی بارزانییەکان کە پێکهاتبوون لە ١٥٥٠ پیاو، ١٦٨٨ ئافرەت و ١٣٢٩ منداڵ گەیشتنە ناو سنووری عێراق و خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کرد.

ئەوانەی لەگەڵ بارزانی مانەوە نزیکەی پێنج سەد کەس بوون کە لە باشترین شۆڕشگێڕەکان بوون، هەروەها لەگەڵ چەندین ئەفسەر لەوانە نەقیب عیززەت عەبدولعەزیز، نەقیب بەکر عەبدولکەریم، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحموود قودسی، نووری ئەحمەد تەها ئەوانە بڕیاریان دا خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق بکەنەوە سەرەڕای ئەوەی بارزانی نەیاری ئەو بڕیارە بوو. هەر یەك لە نەقیب ڕوکن میرحاج ئەحمەد و مولازم عەبدولرەحمان موفتی[1]، هەروەها شێخ سلێمان شێخ عەبدولسەلام

(١) عەبدولرەحمان تەیب عەبدوڵڵا (١٩٢٠_١٩٩٣): لەدایکبووی ئامێدییە، بە پلەی مولازمی دووەم بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە، ساڵی ١٩٤٥ دوای نسکۆی شۆڕشەکە چووەتە خۆرهەڵاتی کوردستان، ساڵی ١٩٤٦ یەکەم کەس بوو کە ئاڵای کۆماری دیموکراتی کوردستانی لە ڕۆی ڕاگەیاندنی کۆمارەکە بەرز کردەوە و لە سوپای ئەو کۆمارەدا خزمەتی کردووە. لە پەڕینەوە لە ئاوی ئاراس یاوەری بارزانی بوو. ساڵی ١٩٥٤ بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە کارگێڕی ئابووری لە زانکۆی تەشقەند بە دەست هێناوە، ساڵی ١٩٥٩ لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاوەتەوە، ساڵی ١٩٦٤ بە پلەی ڕائید لە سوپای عێراق خانەنشین کراوە و لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

بارزانـی[1] و شـێخ عەلـی محەمـەد سـەدیق بارزانـی[2] دوو لـە ئەندامانـی ماڵباتەکــەی و کەســە نزیکەکانــی یاوەریــان کــرد.

بارزانـی لـە ڕێـی ناوچـەی خواکـوڕك ڕووی لـە ناوچـەی مزووری بـاڵا کرد لـە سـنووری تورکیـا و پاشـان ڕووی کـردە دەشـتی بەرازگـر. هێزەکانـی لـە مـزووری بـاڵا دابـەش کرد، هەر یەك لە ئەسـعەد خۆشـەوی، محەمـەد ئەمین میرخـان، مسـتەفا مـزووری و مامەنـد مەسـیح و شـێخ سـلێمان بارزانـی وەك بەرپرسـی کۆمەڵـە چەکدارییەکانـی هێزەکانـی دانـا. بارزانـی لـە ناوچەکـەدا

(١) شـێخ سـلێمان شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی (١٩٠٥ ـ ١٩٧٩): کـوڕی گـەورەی شـەهید شـێخ عەبدولسـەلامی دووەمـی بارزانییـە، سـاڵی ١٩٣٢ بەشـداری لـە شـۆڕشـی یەکەمـی بـارزان کـردووە، کـە هەمـان سـاڵ بووەتـە پەناهەنـدە لـە تورکیـا. سـاڵی ١٩٣٨ بـۆ شـارۆچکەی پـردێ دوور خراوەتـەوە، لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٣٩ – ١٩٤٣ بۆ سلێمانی دوور خراوەتـەوە، پاشـان لـە ١٩٤٣ بـۆ شـاری حیللـە لـە خـوارووی عێـراق دوور خراوەتـەوە. وەك سـەرکردە بەشـداری شـۆڕشـی دووەمـی بارزانـی کـردووە لـە سـاڵی ١٩٤٥» پـاش نسـکۆی شـۆڕش چووەتـە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان و لـە ١٩٤٦ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی پارتـی دیموکراتـی کـورد کـردووە، یەکێـك بـووە لـە سـەرکردەکان کـە یـاوەری بارزانـی بۆ پەڕینـەوە لـە ئـاوی ئـاراس و چوون بـۆ یەکێتی سـۆڤیەت. سـاڵی ١٩٤٨ بووەتـە ئەندامی سـەرکردە لـە کۆنفرانسـی باکـۆ، سـاڵی ١٩٥٩ دوای دوازدە سـاڵ مانـەوە لـە یەکێتـی سـۆڤیەت گەڕاوەتـەوە خاکـی نیشـتمان.

(٢) عەلـی محەمـەد سـدیق بارزانـی (١٩٢٨-١٩٨٣): لەدایکبـووی گونـدی بارزانـە، برازای مسـتەفا بارزانییـە. سـاڵی ١٩٤٥ بەشـداری لـە شـۆڕشـی دووەمـی بـارزان کـردووە و دوای نسـکۆی شـۆڕشـەکە پەنـای بردووەتـە بـەر خۆرهەڵاتـی کوردسـتان. سـاڵانی ١٩٤٦ – ١٩٤٧ بەرەنـگاری سـوپای شاهانشـای ئێـران و چەتـەکان بووەتـەوە، سـاڵی ١٩٤٦ شـەش ئەفسـەری کۆمـاری میللـی ئازەربایجانـی لـە نەغـەدە ئـازاد کـرد کـە لـە لایـەن چەتـە ئازەرییەکانـەوە دەسـتگیرکرابوون. سـاڵی ١٩٤٧ یـاوەری بارزانـی کـرد بـۆ پەڕینـەوە لـە ئـاوی ئـاراس و چوونـە یەکێتـی سـۆڤیەت، سـاڵی ١٩٤٨ ئەندامـی سـەرکردە بـوو لـە کۆنفرانسـی باکـۆ، سـاڵی ١٩٥٩ دوای دوازدە سـاڵ لـە ئاوارەیی گەڕایەوە خاکی نیشـتمان، سـاڵی ١٩٦٠ وەك مامۆسـتا لـە ناوچـەی بـارزان خزمەتـی کـردووە، سـاڵی ١٩٨٣ بـەر پرۆسـەی ئەنفالکردنـی بارزانییـەکان کـەوت و شـەهید بـوو.

جێگیر بوو و بە وردی چاودێری ڕووداوەکانی دەکرد، هاوکات پەیوەندی بە مەحموود ئاغای زێباری[١] و هەندێك کەسایەتی ناوچەی ڕواندز کرد بۆ ئاشنابوون و ئاگاداربوون لە بارودۆخەکە.

بارزانی لەڕێی ئەوانەوە زانی دەسەڵاتدارانی عێراق هەر یەك لە شێخ ئەحمەد و کوڕە گەورەکانی و شێخ محەمەد سەدیق بارزانی و شێخ بابۆ بارزانی و سادقی کوڕی و شێخ عوبەیدوڵڵا مستەفا بارزانی و شێخ ئیسماعیل بارزانی و شێخ ئیبراهیم بارزانیان دەستگیر کردووە و دەستبەجێ لەگەڵ خۆڕادەستکردنەوەیان بۆ گرتووخانەی بەسرە گوازراونەتەوە. بەڵام بارزانییەکانیتر ڕەوانەی دیانا[٢] کراون، دواتر پیاوەکان بەسەر گرتووخانەکانی موسڵ و کەرکووك دابەش کراون و خانەوادەکانیش لە نزیك سەربازگەی دیانا جێگیر کراون و بارودۆخیان لەوپەڕی خراپی دایە.

بارزانی لە گوندی ئەرگووشی سەر بە ناوچەی مزووری باڵا بوو، کاتێك دەسەڵاتدارانی عێراق بە شوێنەکەیان زانی هێزەکانی سوپای عێراقیان جووڵە پێکرد و لە ١٤ی ئایاری ١٩٤٧ باری لەناکاویان لە ناوچەکانی زێبار و ڕواندز ڕاگەیاند، هاوکات گەمارۆی ئابووریان خستە سەر ئەو ناوچانە و هەماهەنگیان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی تورکیا کرد.

---

(١) مەحموود زێباری یەکێکە لە سەرۆك عەشیرەتەکانی زێباری و باوکی هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە و باوکی حەمایل خانی هاوسەری سێیەمی مستەفا بارزانی و دایکی سەرۆك مەسعود بارزانی و باوکی نووسەری ئەم کتێبەیە. ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بووە لە سەردەمی پادشایەتی.
(٢) دیانا: ساڵی ١٩٤٧ گوندێك بوو لە نزیك ڕواندز لە سنووری پارێزگای هەولێر، بەڵام ئێستە بووەتە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

چەند ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانێك لە نێوان هێزەکانی بارزانی و سوپای عێراق بە پاڵپشتی هێزەکانی پۆلیس ڕووی دا. حکومەتی عێراق عەلی قامچی ڕەشی[1] ناردە لای بارزانی بۆ ئەوەی داوای لێ بکات دەستبەجێ خۆی ڕادەست بکات، ئەگەرنا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە دژی دەست پێ دەکات و بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر سوپای تورکیا بۆ ئەوەی هەموو ڕێگەیەکی بە ڕوودا دابخات.

بارزانی ئاگاداری جوولەی سوپای عێراق بوو، بە تایبەت کە هەماهەنگی لەگەڵ سوپای تورکیادا هەیە، بۆیە فەرمانی بە هێزەکانی کرد بە ڕۆژ گوندەکە بە جێ بهێڵن و بچنە چیا بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەگەری بۆردوومانی ئاسمانی، دواتر بە هێزەکانی ڕاگەیاند لە گوندی دری کۆببنەوە و خۆیشی ڕاستەوخۆ چووە ئەو گوندە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیان پێ بکات.

هێزەکانی سوپای عێراق بەمەیان زانی و بۆ ئەم مەبەستە چواردە فڕۆکەیان ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی گوندی دری بۆردوومان بکەن کە لە ئەنجامدا سێ شۆڕشگێڕ شەهید بوون و چواردەی تریش بریندار بوون. بارزانی لە گوندەکە لەگەڵ هەر یەك لە نەقیب ڕوکن میرحاج ئەحمەد، شێخ سلێمان بارزانی، محەمەد ئەمین میرخان و ئەسعەد خۆشەوی کۆبووەوە و بڕیاری دا بچێتە یەکێتی سۆڤیەت و داوای پەناهەندەیی لە حکومەتی ئەو وڵاتە بکات، پاشان لەگەڵ هێزەکەی ڕوویان کردە گوندی پێداڤ لەسەر سنووری عێراق – تورکیا.

(١) ڕێگەپێدراو (مفوظ)ی پۆلیس بوو.

# بەشی دووەم

# ڕێڕۆیشتن بەرەو یەکێتی سۆڤیەت

# ڕێڕۆیشتن بەرەو یەکێتی سۆڤیەت.. مانەوە تا سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووز[١]

بارزانـی هێزەکانـی لـە گونـدی پێـداڤ لەسـەر سـنووری نێـوان عێـراق – تورکیـا کۆکـردەوە و پێـی ڕاگەیانـدن بـڕوات و ڕۆیشـتنەکەی درێژخایـەن و دژوار و پـڕ مەترسـی دەبێـت. بارزانـی شۆڕشـگێڕانی سەرپشـك کـرد کـە یـان یـاوەری بکـەن یانیـش هـەر یەکێکیـان ئـارەزوو دەکات بگەڕێتـەوە نـاو کەسـوکارەکەی. لـەو کۆبوونەوەیـەدا هەمـوو دژواری و مەترسـییە چاوەڕوانکراوەکانـی ڕۆیشـتنەکەی پـێ ڕاگەیانـدن، لـە بەرانبـەردا هەمـووان بڕیاریـان دا یـاوەری بکـەن و پشـت بـە خـوا دەرئەنجامەکـەی هـەر چییـەك بـێ. بارزانـی دوای بڕیـاری شۆڕشـگێڕەکان ئامـۆژگاری و ڕێنماییەکانـی خـۆی ئاراسـتە کـردن کـە پێویسـتە هـەر یەکێـك لـەو سـەفەرەدا پێـوەی پابەنـد بێـت و وتـی: ئەگـەر چوونـە نـاو هـەر گوندێـك پێویسـتە لەگـەڵ خەڵـك و دانیشـتووانەکەی بـە باشـی مامەڵـە بکـەن و هیـچ کەسـتان بـۆی نییـە خراپـە بەرانبـەر هیـچ کـەس بـکات و هەڕەشـە لـە هیـچ یەکێـك بـکات و قسـەی نەشـیاوی پـێ بڵـێ تەنانـەت ئەگـەر ئـەو کەسـە ئامـادە نەبـوو کۆمەکیشـتان بـکات بـۆ دابینکردنـی خـۆراك و پێداویسـتیتر، هەروەهـا لـە نێـوان خۆشـتاندا وەك بـرا ڕەفتـار بکـەن.

دواتـر بارزانـی ڕێڕۆیشـتنەکەی بـەرەو یەکێتـی سـۆڤیەت ڕێکخسـت و هـەر یـەك لـە مستەفا میرۆزی و مامەنـد مەسیحی لـە پێشـەوی کاروانەکە

(١) ئـەم زانیارییانـە لـە هەندێـك لـە یاوەرانـی بارزانـی وەرگیـراوە کـە لـە چـوون بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت یاوەریـان کـرد بـە تایبـەت محەمـەد عیسـا مێرگەسـۆری، دکتـۆر سـەعید ئەحمـەد نـادر و عەزیـز محەمـەد دۆڵەمـەری.

دانـا و ئەسـعەد خۆشەویشـی کـردە بەرپرسـی دواوەی کاروانەکـە، بارزانـی و ئەوانیتریـش لـە ناوەڕاسـتی کاروانـەدا بـوون. شـیاوی ئاماژەیـە لەگـەڵ دەرچوونـی بارزانـی و یاوەرانـی، هـەر دوو حکومەتـی عێـراق و تورکیـا لـە دژی هێزەکانـی بارزانـی هەماهەنگیـان کردبـوو.

هێزەکانـی بارزانـی لـە میانـی بڕینـی ڕێیەکـی شـاخاوی و سـەخت چوونـە نـاو خاکـی تورکیـا، دواتـر چوونـە سـەر چیای چـار چەلـی هەرکیا. سـەرکەوتن و تێپەڕیـن بەسـەر ئـەو چیایـەدا ئاسـان نەبـوو، بەڵکـوو زۆر سـەخت بـوو، بـەڵام بارزانـی و یاوەرانـی توانیـان بیبڕیـن و سـەربکەون و گەیشـتنە بەرزاییـەك پێـی دەوتـرێ تەشـتا پێداقـێ کـە دیـارە ئـەو ڕۆژە بـە تەواوەتـی بـە پـێ ڕۆیشـتوون تـا بـەو بەرزاییـە گەیشـتوون، بـەڵام ڕۆژی دواتـر لـە بەرەبەیانـەوە تـا خۆرئاوابـوون دووبـارە بـەردەوام ڕۆیشـتن تـا گەیشـتنە گونـدی بایـێ کـە نزیکـەی پـازدە ماڵێـك دەبـوو و دەکەوێتـە بـەری باکـووری چیـای چـار چەلـی هەرکیـا.

کاتێـك کاروانەکـەی بارزانـی گەیشـتنە نـاو گوندەکـە زۆر مانـدوو بـوون، چونکـە هەمـوو ئـەو ڕێگەیـان بـڕی بـوو بێئـەوەی پشـوو وەربگـرن، هەروەهـا تینوێتـی و برسـیەتیش تینـی بـۆ هێنابـوون. بـە گەیشـتنیان بـۆ نـاو گوندەکـە، دانیشـتووانەکەی پێشـوازییەکی گەرمیـان لـێ کـردن و خـواردن و خواردنـەوە و شـوێنی حەوانەویـان بـۆ دابیـن کـردن و ئـەو شـەوە لـەو گونـدە مانـەوە.

بارزانـی لـە لایـەن موختـاری گوندەکـە زانیـاری پـێ درا کـە حکومەتـی تورکیـا دەروازەکانـی لـە بـەردەم کاروانەکـەی گرتـووە، لـە لایەکیـترەوە بـە هەمـان شـێوە ڕێگـە سەرەکییەکانیشـی گرتـووە بـۆ ئـەوەی بارزانـی نەتوانـێ بـەرەو باکـوور بـڕوات، لـە لای خۆرئاوایـش ڕێگەکانـی داخسـتبوو

بۆئـەوەی کاروانەکـە نەگاتـە نـاو خاکـی ئێـران، بۆیـە جگـە لـە گرتنبـەری ڕێگـەی زینیـا ئاسـنگەرا کـە کەوتبـووە نێـوان هـەردوو ناوچـەی شـەمدینان و دزا گەڤـەری، هیـچ ڕێگەیەکیـتر لـە بـەردەم بارزانـی و کاروانەکەیـدا نەمابـوو بـۆ ئـەوەی لەوێـوە دەربـاز بـبن.

سـەرەڕای ئـەوەی کاروانەکـە پشـووی پێویسـتی وەرنەگرتبـوو هـاوکات ڕێگـەی بەردەمیشـیان سـەخت بـوو، بـەڵام بارزانی بڕیـاری دا ڕێڕۆیشـتنەکە بـەردەوام بـێ، چونکـە ترسـی ئـەوەی هەبـوو فڕۆکـە جەنگییەکانـی تورکیـا گونـدی بایـێ بۆردوومـان بکـەن و دانیشـتووانە هەژارەکـەی کۆمەڵکـوژ بکـەن. بارزانـی داوای لـە موختـاری گوندەکە کـرد یاوەریان بـکات بۆ ئەوەی ڕێگەیـان نیشـان بـدات، بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش چەنـد کەسێکی گوندەکـە ئامادەیـی خۆیـان نیشـان دا و خۆبەخشـانە یـاوەری کاروانەکەیـان کـرد کـە هەمـووان کـۆك بـوو ڕێگەیەکـی بێکێشـە بگرنەبـەر کـە هەرچەنـدە ڕێگەکە درێژیـش بـێ، بۆیـە بارزانـی پێشـنیازەکەیانی پەسـند کـرد و شـەو درێژەیـان بـە ڕۆیشـتنەکەیان کـردەوە.

ڕێڕۆیشـتنەکە زۆر سـەخت بـوو کـە ناچـار بـوون مـاوەی سـێ کاتژمێـر بـە کەنـاری ڕووبـاردا بـڕۆن کـە هەندێـك جـار بـە دووری چەنـد دە مەترێـك لـە پێگـە و مۆڵگـەی سـوپای تورکیـا نزیـك دەبوونـەوە. بـەڵام بـەر لـە هەڵهاتنـی گزنگـی بەیـان هێزەکانـی بارزانـی توانیـان زینیـا ئاسـنگەرا تێپەڕێنـن کـە زۆر نزیکـی پێگـە سـەربازییەکانی سـوپای تورکیـا بـوو. دوای دەرکەوتنـی خـۆر سـوپای تورکیـا لـە پـڕ کاروانەکـەی بینـی، بۆیـە خێـرا بـە تـۆپ و ڕەشـاش هێزەکانـی بارزانـی تۆپبـاران کـرد، هـاوکات چەکـی ئاسـمانیش بۆردوومانـی دەسـت پێکـرد، بـەڵام بێئـەوەی یـەك کـەس لـە کاروانـی هێزەکـەی بارزانـی زیانـی پـێ بـگات.

کاروانــی هێزەکــەی بارزانــی هەرچەنــدە ڕێگــەی بەردەمیــان ســەخت و ماندووکــەر بــوو، بــەڵام بــە ئاراســتەی چوونــە نــاو خاکــی ئێــران درێژەیــان بــە ڕۆیشــتن دا و گەیشــتنە ناوچــەی تەرگــەوەڕ و مەرگــەوەڕ، دواتــر چوونــە نــاو هــەر دوو گونــدی جێرمــی و بێتــکارا کــە بــە گەیشــتنیان خەڵکــی ناوچەکــە پێشــوازییەکی گەرمیــان لــە بارزانــی و یاوەرانــی کــرد و خــواردن و خواردنەوەیــان بــۆ ئامــادە کــردن، تەنانــەت هەندێــك لــە خەلکــی ئــەو ناوچەیــە بــە بیســتنی هەواڵــی گەیشــتنی بارزانــی و هەڤاڵەکانی بــە پەلــە نــان و پەنیریــان ئامــادە کــرد. لــە ڕاســتیدا بارزانــی و یاوەرانــی مــاوەی چــواردە کاتژمێــر بــە پــێ ڕۆیشــتبوون، بۆیــە ماندوویەتــی و برســییەتی و تینوێتــی تینــی بــۆ هێنابــوون.

کاروانــی هێزەکــەی بارزانــی بــە گەیشــتنیان بــە هــەر دوو گوندەکــە، بەســەر ماڵەکانــدا دابــەش بــوون. دوای وچانێکــی کــورت بارزانــی فەرمانــی پێکردنــەوە لــە ڕۆیشــتن بــەردەوام بــوون، تــا گەیشــتنە گونــدی ئەمبــی کــە گونــدی گــەورەی بەگــزادەکان بــوو، ئــەو شــەوە هێزەکــەی بارزانــی لــەو گونــدە مانــەوە. حکومەتــی ئێــران بــە گەیشــتنی هێزەکــەی بارزانــی بــۆ ئــەو گونــدەی زانــی، بۆیــە نوێنەرێکــی نــارد چــاوی بــە بارزانــی بکەوێــت و دانوســتانی لەگــەڵ بــکات بــۆ ئــەوەی هــۆکار و مەبەســتی چوونــی بارزانــی بــۆ دووەم جــار بــۆ ئێــران بزانێــت.

نوێنەرەکــەی حکومەتــی ئێــران دوای گفتوگــۆی لەگــەڵ بارزانــی، پێــی ڕاگەیانــدن کــە دوای دوو ڕۆژیــتر دەگەڕێتــەوە لایــان دوای ئــەوەی ناوەڕۆکــی ئــەو گفتوگۆیانــە دەگەیەنێتــە بەرپرســانی حکومەتەکــەی. ئێــران مەبەســتی بــوو لــەم ڕێگەیــەوە کات بــە دەســت بهێنــێ و هــەوڵ بــدات بــەر لــە ڕۆیشــتنی بارزانــی بگرێــت بــە بیانــووی دانوســتان

لـە شـوێنی خۆیـدا بیهێڵێتـەوە و پاشـان هێـز بنێرێـت و لـە بارزانـی و هێزەکـەی بـدات. بـەڵام بارزانـی درکـی بـە نیـازی خراپـی حکومەتـی ئێـران کـرد و فەرمانـی بـە کاروانەکـە کـرد بـە ڕێ بکەوێتـەوە تـا گەیشـتنە گونـدی سـێرۆ کـە دەکەوێتـە نێـوان سـنووری ئێـران – تورکیـا، بـە گەیشـتنیان بـەو گونـدە پشـوویەکی کورتیـان دا، پاشـان بەڕێکەوتنـەوە تـا گەیشـتنە ناوچەکانـی عەشـیرەتی شـکاك. خەڵکـی ناوچەکـە بـە دڵگەرمییـەوە پێشـوازیان لـێ کـردن، تەنانـەت هەندێـك لـە گەنجـەکان چوونـە نـاو کاروانەکـەی بارزانـی!

خەڵکـی ئـەو ناوچەیـە هەمـوو جـۆرە خـواردن و خواردنـەوە و پێداویسـتییەکی بەردەسـتیان بـۆ هێزەکـەی بارزانـی ئامـادە کـرد و یەکێـك لـە نزیکەکانـی سـمکۆی شـکاك[1] سـەردانی بارزانـی کـرد کـە لـەو چاوپێکەوتنـەدا بارزانـی سوپاسـی عەشـیرەتی شـکاکی کـرد کـە تـا ئەوپـەڕی برایانـە پێشـوازیان لـە کاروانەکـەی کـردووە. پاشـان کاروانەکـە بەڕێکەوتـەوە تـا گەیشـتە نزیـك گـەرووی

---

(١) ئیسـماعیل محەمـەد عەلـی خـان ئیسـماعیل ئاغـای شـکاك نـاسراو بـە سـمکۆی شـکاك سـاڵی ١٨٨٧ لـە دایـك بـووە، دوای مردنـی باوکـی و جەعفـەر ئاغـای بـرای سـەرکردایەتی هـۆزی شـکاکی وەرگرتـووە. دوای کۆتاییهاتنـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی سـمکۆ وەک سـەرکردەیەکی سیاسـی نـاوی دەرکـرد و لـە پێنـاو دامەزراندنـی ئیدارەیەکـی کوردیـدا ساڵی ١٩١٩ شۆڕشـی بەرپا کـرد و گەلـێ ناوچـەی گرنگی خستە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی. سـاڵی ١٩٢١ لـە ئەنجامـی لەشکرکێشـییەکی گـەورەی هێزەکانـی حکوومەتـی ئێرانـدا ناچـار بـوو پاشەکشـێ بـکات و پەنـا بباتـە بـەر تورکیـا. سـاڵی ١٩٢٤ بـە بڕیارێکـی لێبووردن گەڕایـەوە ئێران و سـاڵی ١٩٢٦ جارێکیـتر شۆڕشـی بەرپا کـردەوە، بـەڵام جارێکیـتر شۆڕشـەکەی سـەرکەوتوو نەبـوو و بـۆ ماوەیـەک لـە تورکیـا دەستبەسـەر بـوو. پـاش ئازادکردنـی گەڕایـەوە ئێـران و سـاڵی ١٩٣٠ بـە پیلانێکـی کاربەدەسـتانی ئێـران لـە شـاری شـنۆ کـوژرا.

گلـی کەتۆلـی، بـە گەیشـتیان بـۆ ئـەو گـەرووە، حکومەتـی ئێـران قـازی عەشـیرەتی شـکاکی ڕەوانـەی لای بارزانـی کـرد بـۆ ئـەوەی دانوسـتانی لەگـەڵ بـکات.

حکومـەت ڕژد بـوو لەسـەر جێبەجێکردنـی پلانەکـەی پێشـووی لـە گونـدی ئێمپـی، واتـە هەمـوو هەوڵێکـی بـۆ ڕاگرتنـی کاروانەکـەی بارزانـی و لەباربردنـی ڕێڕۆیشـتنەکەی بـوو. هێشـتا قـازی نەگەڕابـووەوە، بارزانـی فەرمانـی بـە کاروانـی هێزەکانـی کـرد بـە ڕێ بکـەون. بـەم شـێوەیە گەیشـتنە گـەرووی کەتۆلـی کـە گەروویەکـی درێـژ و زۆر بـەردەڵان و سـەخت و کەمئـاو بـوو، تێپەڕیـن لـەو گـەرووە ڕۆژێکـی تـەواوی خایانـد. پاشـان گەیشـتنە نـاو ناوچـەی عەشـیرەتی مللـی و عەشـیرەتی عرووسـی تـا نزیـك شـارۆچکەی ماکـۆ لـە نزیـك سـنووری نێـوان ئێـران و تورکیـا بوونـەوە.

بارزانـی بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـە هەوڵـی دەدا خـۆی لـە هـەر بەریەکەوتنێـك لەگـەڵ حکومەتـی ئێـران بـە دوور بگرێـت، چونکـە ئامانجـی بـوو پارێـزگاری لـە گیانـی شۆڕشـگێڕەکانی بـکات تـا دەگەنـە خاکـی یەکێتـی سـۆڤیەت، بۆیـە ڕۆژ هەبـوو لـە پێنـاو خـۆ بـە دوور گرتـن لـە شـەڕ و پێکـدادان لـە بـری بڕینـی دوو کیلۆمەتـر، ڕۆژەکـە بـە تەواوەتـی لـە ڕۆیشـتندا بـن.

بـارودۆخ لـە ماکـۆ تـەواو جیـاواز بـوو و هـەر دەبـوو ڕووبـەڕووی دوژمـن ببنـەوە، چونکـە بـە گەیشـتنیان بـۆ نـاو خاکـی تورکیـا دەبـوو ڕووبـەڕووی سـوپای تورکیـا ببنـەوە کـە لـەو ناوچەیـەدا جێگیـر بـوون. سـوپای ئێرانیـش لـە چەنـد ناوەندێکـی گرنـگ لـە دەوروبـەری ماکـۆ جێگیـر ببـوون، بۆیـە بارزانـی لـە نزیـك ماکـۆ هێزەکانـی بـە

شـــێوەیەکی ســـەربازی ڕێکخســـتەوە و نەخشـــەیەکی دانـــا وەك ئامـــادەکاری بـــۆ ئەگـــەری هـــەر شـــەڕ و پێکدادانێـــك.

ســـەرەنجام شـــەڕ لەگـــەڵ هێـــزە ســـەربازییەکانی ســـوپای ئێـــران کـــە خاوەنـــی چەکـــی پێشـــکەوتوو بـــوو، ڕووی دا و چەنـــد کاتژمێرێکـــی خایانـــد. بارزانییـــەکان لـــەو شـــەڕەدا توانـــای شـــەڕکردن و ئازایەتییەکـــی بەرزیـــان نیشـــان دا و شـــەڕەکە بـــە شکســـتی ســـوپای ئێـــران و کشـــانەوەیان بـــۆ شـــارۆچکەی ماکـــۆ کۆتایهـــات و چەندیـــن کـــوژراو، برینـــدار و دیـــل و چـــەك و تەقەمەنیـــان لـــە دوای خۆیـــان بـــە جێهێشـــت. دەبـــوو ســـوپای شکســـتخواردووی ئێـــران لـــە پـــردی ماکـــۆ بپەڕێتـــەوە، بـــەڵام بارزانـــی فەرمانـــی بـــە مامەنـــد مەســـیح و مســـتەفا میـــرۆزی کـــرد هێـــرش بکەنـــە ســـەر پردەکـــە و دەســـتی بەســـەردا بگـــرن، و پاســـەوانی لـــێ بکـــەن تاوەکـــوو کاروانـــی هێزەکـــەی بارزانـــی دەپەڕێتـــەوە.

ســـوپای ئێـــران چەنـــد هێرشـــێکی کـــردە ســـەر پردەکـــە، بـــەڵام لـــە بەرانبـــەر خۆڕاگـــری بارزانییـــەکان لـــە هەمـــوان شکســـتیهێنا و لـــە ئەنجامـــدا زیانێکـــی زۆری بەرکـــەوت، بـــە شـــێوەیەك ١٨٠ ســـەرباز بـــە دیـــل کەوتـــە دەســـت بارزانییـــەکان، هەروەهـــا دەیـــان کـــوژراو و برینداریـــان لـــە گۆڕەپانـــی شـــەڕەکەدا جێهێشـــت. پاشـــان بارزانـــی فەرمانـــی بـــە هێزەکـــەی کـــرد خۆیـــان بـــە چـــەك و تفاقـــی پێویســـت ئامـــادە بکـــەن و دواتـــر بـــە ڕێبکـــەون.

لـــەو شـــەڕەدا بارزانییـــەکان چـــوار شـــەهیدیان دا، ئەوانیـــش مـــل محەمـــەد ئەمیـــن لێـــرێ[1]، ســـاڵح لێـــرێ، حەجـــی گوێـــزی و محەمـــەد مـــەلا

(١) مل محەمەد ئەمین لێرێ: لە شەڕی قزلداغ لە شاهانشای ئێران بریندار بووە، لە بۆردوومانی گوندی هاسون لە شاهانشای ئێران لە لایەن فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی شاهانشای ئێران بریندار و دواتر شەهید بوو و لە هەمان گوند ئەسپاردەی خاك کراوە.

محەمـەد مێرگەسـۆری[1] بـوون. هەروەهـا چـوارده شۆڕشـگێڕیش برینـدار بـوون، بـەڵام محەمـەد عیسـا مێرگەسـۆری کـە لەسـەر دەسـتی باوکـی فێـری پزیشـکی و چارەسـەری میللـی بووبـوو، برینداره‌کانـی تیمار دەکرد.

کاروانەکـە لـە ڕۆیشـتن بـەردەوام بـوو تـا گەیشـتنە باکـووری ماکـۆ و شـەهیدەکانیان ئەسـپاردەی خـاك کـرد، هـاوکات بریندارەکانیـان بـە سـواری ئەسـپ گواسـتەوە و هەندێـك جاریـش شۆڕشـگێڕەکان هەڵیاندەگرتـن، دیـارە ئـەو ئەسـپانەی بریندارەکانیـان پـێ دەگواسـتەوە، لـە شـەڕی ماکـۆ وەك دەسـتکەوتی شـەڕ بـە دەسـتیان هێنابـوو. کاروانەکـە درێـژەی بـە ڕۆیشـتن دا، تـا گەیشـتنە ناوچـەی عەشـیرەتی جەلالیـی کـوردی. دوای ماوەیـەك ڕۆیشـتن بـە خاکـی ئـەو ناوچەیـەدا، بارزانـی فەرمانـی بـە هێزەکانـی کـرد بوەسـتن. بارزانـی پەیامێکـی بـۆ عومـەر ئاغـای سـەرۆك عەشـیرەتی جەلالیـی نـارد و پێـی ڕاگەیانـد دەیـەوێ بـۆ ماوەیـەك لـە سـنووری ناوچەکـەی ئـەودا بمێنێتـەوە، تاکـوو پەیوەنـدی بـە یەکێتـی سـۆڤیەت دەکات. هەروەهـا بارزانـی پێـی ڕاگەیاندبـوو کـە دڵنیـای دەکاتـەوە هیـچ کـەس لـە شۆڕشـگێڕەکانی دەسـتدرێژی ناکەنـە سـەر هیـچ کەسـێکی عەشـیرەتەکەی، بەڵکـوو مەبەسـتیانە کـە بـە پێـی پێویسـت خواردنیـان بـۆ دابیـن بکـەن و ناپاکیـان لەگەڵـدا نەکـەن. لـە

---

(١) محەمـەد مـەلا محەمـەد تاجەددیـن نـاسراو بـە محەمـەد مێرگەسـۆری (١٩٢٧ ـ ١٩٤٧): لەدایکبـووی بارزانـە، سـاڵی ١٩٤٥ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی دووەمـی بـارزان کـردووە، پـاش نسـکۆی شـۆڕش پەنـای بردووەتـە بـەر خۆرهەڵاتـی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٤٦ چووەتـە ڕیزەکانـی سـوپای کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٤٧ لەگـەڵ کاروانەکـەی بارزانـی بـەرەو یەکێتـی سـۆڤیەت ڕۆیشـتووە، سـاڵی ١٩٤٧ لـە شـەڕی پـردی ماکـۆ لـە لایـەن سـوپای شاهانشـای ئێـران شـەهید بـووە.

بەرانبـــەردا عومـــەر ئاغـــا ســـوێندی بـــە خـــوا خـــوارد کـــە هاوکاریـــان بـــکات و هەرگیـــز ناپاکیـــان لەگـــەڵ نەکـــەن، بەڵکـــوو تـــا دوا پیـــاوی عەشـــیرەتەکە بەرگریـــان لـــێ بـــکات.

عومـــەر ئاغـــا دوای ئـــەوەی لـــە لای بارزانـــی دەرچـــوو، فەرمانـــی بـــە ئەندامانـــی عەشـــیرەتەکەی کـــرد شـــەو گوندەکانیـــان بـــە جـــێ بهێڵـــن و ڕووو بکەنـــە ماکـــۆ. لـــە بەرانبـــەردا ئەندامانـــی عەشـــیرەتەکەی فەرمانـــی ئاغاکەیـــان جێبەجـــێ کـــرد و هیـــچ کەسیان لـــە گونـــدەکان نەمـــا. کاتێـــك ڕۆژ بـــووەوە ژمارەیـــەك لـــە شۆڕشـــگێڕانی بارزانییـــەکان چوونـــە گونـــد بـــۆ ئـــەوەی خـــواردن بێنـــن، لـــە نـــاکاو بینیـــان گونـــدەکان چـــۆڵ کـــراون! بۆیـــە دووچـــاری قەیرانـــی خـــۆراك بوونـــەوە.

بارزانـــی هـــەر یـــەك لـــە میرحـــاج، حەجـــی حەیـــدەر ئەرگووشـــی، خەلیـــل ئەرگووشـــی و داود یوحەنـــای وەك شـــاندی خـــۆی نـــاردە یەکێتـــی ســـۆڤیەت بۆئـــەوەی لەگـــەڵ بەرپرســـانی ئـــەو وڵاتـــە گفتوگـــۆ بکـــەن بـــە مەبەســـتی چوونـــی بارزانـــی و هێزەکـــەی بـــۆ نـــاو خاکـــی ئـــەو وڵاتـــە و داواکاری پەنابـــەری سیاســـی.

شـــاندەکەی بارزانـــی بـــەرەو یەکێتـــی ســـۆڤیەت بەڕێکـــەوت و مـــاوەی چەنـــد ڕۆژێـــك مایـــەوە. ئـــەو ماوەیـــە حکومەتـــی ئێـــران خـــۆی ئامـــادە دەکـــرد بۆئـــەوەی بـــۆ جـــاری دووەم هێـــرش بکاتـــەوە ســـەر هێزەکانـــی بارزانـــی، بـــەڵام کاتێـــک بارزانـــی بـــەوەی زانـــی فەرمانـــی بـــە هێزەکانـــی کـــرد بـــەرەو ڕووبـــاری ئـــاراس لـــە نێـــوان ســـنووری ئێـــران – یەکێتـــی ســـۆڤیەت بـــە ڕێبکـــەون، بـــەم شـــێوەیە هێزەکانـــی بارزانـــی بـــە ڕێکەوتـــن و گەیشـــتنە کەنارەکانـــی ڕووبارەکـــە.

کاتێـک نەقیـب میرحـاج بـۆ گفتوگۆکـردن گەیشـتە ناوچەکانی سـۆڤیەت، بەرپرسـانی ناوچەکـە برووسـکەیان بـۆ مۆسـکۆ کـرد کـە بەرپرسـان لـە مۆسـکۆ چاوەڕێـی هاتنـی بارزانییـان دەکـرد، پاشـان بـۆ پەسـەندکردنی داواکارییەکـەی بارزانـی و چوونـی بـۆ ئـەو وڵاتـە فەرمـان دەرکـرا.

پـاش ئـەوەی دەسـەڵاتدارانی یەکێتـی سـۆڤیەت ڕەزامەندیـان لەسـەر داواکارییەکـەی بارزانـی نیشـان دا، بارزانـی فەرمانـی بـە هێزەکانـی کـرد بـە مەلـە لـە ئـاوی ڕووبـاری ئـاراس بپەڕنـەوە، هەمـووان پەڕینـەوە، بـەڵام بڕیـاری دا خـۆی دوایەمیـن کـەس لـە ڕووبارەکـە بپەڕێتـەوە.

ڕۆژانـی ١٦ – ١٨ـی حوزەیرانـی ١٩٤٧ پەڕینـەوەی هێزەکانـی بارزانـی لـە ئـاوی ڕووبـاری ئـاراس دەسـتی پێکـرد کـە هەندێکیـان بـە مەلەکـردن و هەندێکیتریـان بـە پـێ پەڕینـەوە، ئاسـتی ئاوەکـە لـە هەندێـك شـوێن پێویسـتی بـە مەلەکـردن نەبـوو. بارزانـی داوای لـە مەلەوانـەکان کـرد ڕێڕەوێکـی ئـاوی بدۆزنـەوە بـۆ ئەوانـەی کـە توانـای مەلەکردنیـان نییـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕۆژی سـێیەم ئـەو ڕێـڕەوە ئاوییـە دۆزرایـەوە.

ئاراسـتەی ئـاوی ڕووبـاری ئـاراس زۆر بەهێـز بـوو کـە خەریـك بـوو ژمارەیـەك لـە مەلەوانـەکان بخنکێـن! بـەڵام بارزانـی خـۆی مەلـەی کـرد و لـە خنکانێکـی مسـۆگەر ڕزگاری کـردن.

سـوپای یەکێتـی سـۆڤیەت بینـی سـوپای ئێـران بـەرەو ڕووبـاری ئـاراس پێشـڕەوی دەکات، بۆیـە سـۆڤیەت هانـی بارزانیـان دەدا بـۆ ئـەوەی بـە خێرایـی لـە ڕووبارەکـە بپەڕێتـەوە. بارزانـی نەپەڕییـەوە تـا هەمـووان نەپەڕینـەوە، دواتـر خـۆی وەك دوایەمیـن کـەس لـە پشـتیانەوە بەڕێکـەوت، لـە بەرانبـەردا پاسـەوانانی سـنووری یەکێتـی

سـۆڤیەت بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـە لەسـەر کەنـاری ڕووبارەکـە چاوەڕوانـی کاروانـی بارزانییەکانیـان دەکـرد و چاودێـری پڕۆسـەی پەڕینەوەکەیـان دەکـرد و هانیـان دەدان بـۆ ئـەوەی پەلـە بکـەن، بـە تایبـەت کـە زیاتـر ڕوویـان لـە بارزانـی بـوو خێـرا بـکات.

هـەر کـە بارزانـی و هەندێـك لـە پاسـەوانەکانی پەڕینـەوە، هێزەکانـی سـوپای ئێـران گەیشـتنە ئەودیـوی کەنـاری ڕووبارەکـە و کەسـیان نەدۆزییـەوە، چونکـە هەمـووان بـۆ سـەر کەنـاری سـۆڤیەت پەڕینـەوە.

بـەم شـێوەیە ڕێڕۆیشـتنەکەی بارزانـی و یاوەرانـی درێژخایـەن و سـەخت بـوو و مـاوەی ٦٢ ڕۆژی خایانـد. بارزانـی و هەڤاڵەکانـی توانیـان ٢٢٠ میـل بـە پـێ بـڕۆن تـا گەیشـتنە ڕووبـاری ئـاراس و دواتـر چوونیـان بـۆ نـاو خاکـی یەکێتـی سـۆڤیەت.

## بارزانی و یاوەرانی لە کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی

هـەر کـەس لـە ئاوەکـە پەڕییـەوە چـەك و کەلوپەلەکانـی ڕادەسـتی هێزەکانـی پاسـەوانی سـۆڤیەت کـرد لـە بنکـەی سـاراچلۆ (Sarachlo). لـەو بنکەیـەدا بـە ئۆتۆمبێـل دەگوازرانـەوە بـۆ کامپێکـی ئامادەکـراو بـۆ پێشـوازی کـردن و وەرگرتنـی پەناخـوازەکان لـە نزیـك شـاری نەخچڤـان (Nakhchivan).

ئـەو کامپـە بـە تەلـی دڕکاوی دەورە درابوو و لەلایەن سـوپاوە پاسـەوانی دەکـرا. بەشـی پێویسـتی هـەر کەسـێك بـۆ هـەر ڕۆژێـک نیـو کیلـۆ نـان و یـەک ژەم خواردنـی شـل بـوو، چونکـە ئـەوکات یەکێتـی سـۆڤیەت کێشـەی کەمـی بەروبوومـە کشـتوکاڵییەکانی هەبـوو و تـازە لـە جەنگـی دووەمـی جیهانـی و کارەسـات و نەهامەتییەکانـی دەرچـوو بـوو.

کاتێـك بارزانـی لـە ئاوەکـە پەڕییـەوە ئۆتۆمبێلێکـی سـەربازی لـە جـۆری جێـپ کـە ژمارەیـەك ئەفسـەری سـۆڤیەتی یاوەریـان دەکـرد بـۆ شـاری نەخچڤـان (Nakhchivan)[1] گوازرایـەوە و هـەر لـەوێ نیشـتەجێ بـوو و مـاوەی مانگێـك پەیوەنـدی لەگـەڵ هەڤاڵەکانـی پچـڕا.

شـیاوی باسـە ژمارەیـەك لـە برینـدار و نەخۆشـەکانی هێزەکـەی بارزانـی بـە مەبەسـتی چارەسـەری بـۆ نەخۆشـخانەی شـاری نەخچڤـان گوازرانـەوە، لـەو کاتـەی پزیشـکێکی نهێنـی سەرپەرشـتی بارودۆخـی نەخۆشـخانەی نـاو کامپەکـەی دەکـرد.

---

(١) Nakhchivan: پایتەختـی کۆمـاری ناخچڤانـی ئازەربایجانییـە، ٤٥٠کـم لـە خۆرئـاوای باکـۆ دوورە. تورکـەکان پێیـان وایـە ئـەو شـارە شـوێنی نیشـتەجێبوونی نـووح پێغەمبـەرە، بۆیـە نەخچڤـان بـە تورکـی واتـە شـوێنی نیشـتنەوەی نـووح.

دواتـر زانـرا بارزانـی ئـەو ماوەیـەی لـە هەڤاڵەکانـی دوور بـوو، نەخـۆش کەوتبـوو. هەروەهـا داوای لـە دەسـەڵاتدارانی خۆجێیـی کردبـوو بانگـی نەقیـب ڕوکـن میرحـاج ئەحمـەدی بـۆ بکـەن کـە لـە کامپەکـەدا بـوو. دەسـەڵاتدارانی خۆجێیـی ڕێگەیـان دا میرحـاج سـەردانی بارزانـی بـکات و تـا درەنگانـی شـەو لـە لای مایـەوە، دواتـر بـۆ ڕۆژی دووەم و سـێیەمیش سـەردانی کـردەوە. هەندێـك لـە یاوەرانـی بارزانـی لـە بـارەی ئـەو سـەردانانە پرسـیاریان لـە میرحـاج کـرد، ئەویـش لـە وەڵامـدا پێـی وتـن کـە بارزانـی نەخۆشـە و داوای کـردووە لـەو ڕۆژانـە سـەردانی بـکات. میرحـاج نەیدەویسـت هەواڵـی نەخۆشـکەوتنی بارزانـی بـە هەڤاڵەکانـی ڕابگەیەنێـت تـا ئـەو کاتـەی تەندروسـتی باشـتر دەبێـت نـەوەك نیگـەران بـن، هەروەهـا پێـی ڕاگەیانـدن کـە بارزانـی ڕۆژی دواتـر سـەردانیان دەکات.

بـەم شـێوەیە بارزانـی تەندروسـتی باشـتر بـوو بـە یـاوەری دوو لـە بەرپرسـانی خۆجێیـی سـەردانی کامپەکـەی کـرد و لـە بارودۆخـی هەڤاڵەکانـی و کامپەکـەی پرسـی. لـە ڕاسـتیدا بارودۆخـی هەڤاڵەکانـی بـاش نەبـوو، ئەمەیـش بارزانـی نیگـەران کـرد، بۆیـە کاتێـك گەڕایـەوە نەخچڤـان هەوڵەکانـی چـڕ کـردەوە بـە مەبەسـتی باشـکردنی بارودۆخـی تەندروسـتی و بژێـوی هەڤاڵەکانـی.

هەوڵەکانـی بارزانـی ئەنجامـی ئەرێنیـان لـێ کەوتـەوە بـە شـێوەیەك بـۆ لەمـەودوا مامەڵـەی بەرپرسـان و سەرپەرشـتیارانی کامپەکـە لەگـەڵ پەناخـوازەکان و بارودۆخـی تەندروسـتی و ڕەوشـی بژێویـان باشـتر بـوو، هەروەهـا ئامێرێکـی نەزۆکانـدن (تعقیم)ـیان هێنـا بـۆ تەعقیمکردنـی پەناخـوازەکان لـە ئەگـەری هـەر جـۆرە ڤایـرۆس و میکرۆبێـك.

لـە ڕاسـتیدا ئـەو کامپـە هاوشـێوەی کەرەنتینـە وابـوو، چونکـە ڕێگـە بـە هیـچ پەناخوازێـك نـەدەدرا لـە کامپەکـە بچێتـە دەرەوە یـان لـە دەرەوە پیاسـە و هاتووچـۆ بـکات.

یاوەرانـی بارزانـی مـاوەی چـل ڕۆژ لـە کامپەکـە مانـەوە، پاشـان هـەر یـەك لـە شـێخ سـلێمان شـێخ عەبدولەسـەلام و عەلـی محەمـەد سـەدیق چوونـە لای بارزانـی لـە نەخچڤـان لەگـەڵ دوو پیـاو کـە خزمەتـی بکـەن.

دەسـەڵاتداران بڕیاریـان دا پەناخـوازەکان دابـەش بکـەن و لـە کامپەکـە بـۆ شـوێنەکانیتر بیانگوازنـەوە. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بەسـەر گرووپـی بچـووك بچـووك دابەشـیان کـردن کـە هـەر گرووپێـك لـە پـازدە کـەس پێکهاتبـوو و بەسـەر زەوییـە کشـتوکاڵییەکانی سـێ شـارۆچکە دابـەش کـران و کاریـان تێـدا دەکـرد. مـاوەی شـەش مانـگ ئـەو بارودۆخـە بـەردەوام بـوو کـە بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـە ئـاگاداری هەواڵـی بارزانـی نەبـوون.

لەو ماوەیەدا بارزانی لە شـاری نەخچڤان بۆ شـاری شووشـە (Shusha)[1] گوازرابـووەوە و نزیکـەی مـاوەی سـێ مانـگ لـەو شـارە مایـەوە، پاشـان بـۆ باکـۆی پایتەختـی کۆمـاری ئازەربایجانـی سـۆڤیەتی گوازرایـەوە.

---

(١) شـارێکی ئازەربایجانییـە دەکەوێتـە هەرێمـی ناگۆرنـۆ کاراباخ کە ناوچەیەکی کێشـە لەسـەرە. بـە پێـی سـەرچاوە مێژووییەکان لە سـەرەتادا شووشـە گوندێك بـووە و خاوەنی قەڵایەکـی کـۆن بـوو لـە میرنشـینی ئەرمەنـی ڤارانـدا. ئـەو قەڵایـە لـەو سـەردەم و دواتریـش قەڵایەکـی سـتراتیژی یەکێـك لـە ناوچـە سـەربازییەکانی خۆرهەڵاتـی ئەرمینیـا بـووە و ڕۆڵێکـی گـەورە و بنەڕەتـی هەبـووە لـە هەڵمەتـە سـەربازییەکانی فەرمانـدەی ئەرمەنـی ئاڤـان یۆزباشـی لـە دژی هێزەکانـی سـوپای عوسـمانی بـە تایبـەت بـۆ سـەر باشـووری قەوقـاز لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٧٢٠-١٧٣٠).

دوای ئـەوەی یاوەرانـی بارزانـی بەسـەر گرووپـەکان دابـەش کـران و لـە سـێ شـارۆچکەی لاچیـن (Lachin)[١]، ئاگجەبـەدی (Aghjabadi)[٢] و ئاگـدەم (Agdam)[٣] نیشـتەجێ کـران، لـە لایـەن لیژنەیەکـی حکومییـەوە مافـی پەنابەریـان پێـدرا. وەك لـە پێشـوودا ئاماژەمـان بـۆ کـرد یاوەرانـی بارزانـی بەسـەر گونـد و کێڵگـە کشـتوکاڵییەکانی ئـەو شـارۆچکانە دابـەش کرابـوون و کاریـان تێـدا دەکـرد. ئەسعەد خۆشـەوی لـە شـارۆچکەی لاچیـن خـۆی ٢٠٠ کـەس کاریـان دەکـرد.

بارودۆخـی پەناخـوازان بـە شـێوەیەکی گشـتی خـراپ بـوو، نەخاسـمە لـە ڕووی جلوبـەرگ و خواردنـی پێویسـت. دوای تێپەڕینـی چـوار مانـگ بارزانـی داوای لـە بەرپرسـان کـرد ڕێگـە بـە میرحـاج ئەحمـەد و سـلێمان بـەگ بـدەن سـەردانی بکـەن بـۆ ئـەوەی لـە بـارەی دۆخـی پەناخـوازان پرسـیاریان لـێ بـکات. بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەرپرسـانی یەکێتـی سـۆڤیەت ڕێگەیـان بـە هـەر دوو ناوبـراو دا سـەردانی بارزانـی بکـەن. دوای ئـەوەی چاویـان بـە بارزانـی کـەوت و بارودۆخـی نالەبـاری یاوەرانیـان پـێ ڕاگەیانـد. بارزانـی نیگـەران بـوو و پەیوەنـدی بـە بەرپرسـان کـرد و داوای لـێ کـردن بارودۆخـی

(١) Lachin: بـە واتـەی (هەڵـۆ) دێ. بەرزاییەکانـی کاراباخ دەسـەڵاتی بـە سـەردا کێشـاوە، هەروەهـا لەوەتـەی جەنگـی ناگۆرنـۆ کاراباخ بەشـێکە لـە هەرێمـی کاشـاتاغ. کاتێـك هێزەکانـی ئەرمینیـا دەسـتیان بەسـەر لاچیـن داگـرت، سـەرجەم دانیشـتووە ئـازەری و کوردەکانیـان بـە زەبـری هێـز دەرکـرد و لـە شـوێنی ئەوانـدا ئەرمەنەکانـی ئازەربایجـان و شـوێنەکانیتریان نیشـتەجێ کـرد.
(٢) Aghjabadi: پایتەختـی هەرێمـی ئاگجەبەدییـە لـە ئازەربایجـان و دەکەوێتـە بەشـی ناوەڕاسـتی کۆمـاری ئازەربایجـان. سـاڵی ١٥٩٣ دروسـت کـراوە.
(٣) Agdam: یەکێکـە لـە هەرێمەکانی ئازەربایجان، دەکەوێتـە خۆرئـاوای ئـەو وڵاتـە و سـەر بـە ناوچـەی کاراباخـە، کـە ناوچەیەکـی دەوڵەمەنـدە لـە ڕووی لـە ئابوورییـەوە.

پەناخـــوازان بـــاش بکـــەن، بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەیش بەڵێنـــی لـــە بەرپرســـان وەرگـــرت. میرحـــاج ئەحمـــەد و ســـلێمان بـــەگ لـــە کاتـــی گەڕانەوەیـــان هەواڵیـــان بـــە هـــاوەڵان دا کـــە بارزانـــی لـــە بارەیانـــەوە پرســـیاری لـــێ کـــردوون.

دەســـەڵاتدارانی ســـۆڤیەت لـــە ســـەرەتای ســـاڵی ١٩٤٨ هەمـــوو گرووپەکانـــی یاوەرانیـــان لـــە یـــەك کامپـــی تایبـــەت کۆکـــردەوە بـــۆ ئـــەوەی لەســـەر چـــەك و سیســـتمی ســـەربازی مەشـــق بکـــەن. پێـــش ئەوەیـــش بارزانـــی داوای لـــە دەســـەڵاتدارانی کۆمـــاری ئازەربایجـــان کردبـــوو ڕادیۆیەکـــی ڕادەســـت بکـــەن بـــۆ ئـــەوەی بەرنامـــەکان بـــە زمانـــی کـــوردی پەخـــش بـــکات و ڕێگـــەی پـــێ بـــدەن ڕۆژنامەیـــەك بـــە زمانـــی کـــوردی دەربـــکات.

دەســـەڵاتدارانی ســـۆڤیەت بـــەم شـــێوەیە هەمـــوو گرووپەکانیـــان لـــە یـــەك کامـــپ کۆکـــردەوە و مەشـــقیان دەســـت پێکـــرد. بـــەڵام هـــەردوو داواکارییەکـــەی بارزانـــی جێبەجـــێ نەکـــران، بەڵکـــوو کامپـــی مەشـــقکردن کرایـــەوە و ٣٣ ئەفســـەری ســـۆڤیەتی خولەکانیـــان بەڕێـــوە دەبـــرد و مەشـــقیان بـــە هێزەکانـــی بارزانـــی دەکـــرد، هـــاوکات قوتابخانەیەکـــی تایبەتیـــان بـــۆ بارزانـــی کـــردەوە بـــۆ فێربوونـــی زمانـــی ڕووســـی.

## پەیوەندی نێوان بارزانی و باقیرۆڤ

بارزانـی لـە ڕۆژانـی پشـوو سـەردانی هەڤاڵەکانـی دەکـرد. لـە باکـۆ داوای لـە بەرپرسـانی ئـەو وڵاتـە کـرد ڕێگـەی پـێ بـدەن سـەردانی مۆسـکۆ بـکات بـۆ کۆبوونـەوە لەگـەڵ ئەندامانـی لێژنـەی ناوەنـدی حزبـی شـیوعی سـۆڤیەتی و دۆزی کوردیـان بـۆ شـی بکاتـەوە، بـەڵام بەرپرسـانی باکـۆ داواکارییەکەیـان ڕەت کـردەوە.

مایـەی وەبیرهێنانەوەیـە جەعفـەر باقیـرۆڤ (Jafar Bagirov Abbasoglu)[1] سـەرۆکی کۆمـاری ئازەربایجانـی سـۆڤیەتی نەیـاری بارزانـی و کـورد بـوو. بارزانـی چـاوی پێکـەوت و پێـی وت: گەلـی کـورد گەلێکـی ڕەسـەن و چەوسـاوەیە. هەروەهـا پێـی ڕاگەیانـد هەڤاڵەکانـی وەك دیلـی ئەڵمانـەکان پەنایـان نەبردووەتـە بـەر یەکێتـی سـۆڤیەت، بەڵکـوو بەوپـەڕی ویسـتی خۆیـان پەنایـان بـۆ بـردووە، ئومێدەواریـن یەکێتـی سـۆڤیەت هاوکاریـان بـکات.

بارزانـی هەروەهـا ڕووەو باقیـرۆڤ وتـی: ئێـوە ڕاتـان گەیانـدووە پشـتوانی گەلانـی چەوسـاوە دەکـەن، پێتـان وتـوون هاوکاریـان دەکـەن بـۆ ڕزگاربـوون لـە کۆڵۆنیالیـزم، تـۆ باقیـرۆڤ: ئایـا گەلـی کـورد لـە ئازەربایجـان چەوسـاوە و ژێردەسـتە نەبـوو؟ بـەڵام بەهـۆی هـاوکاری یەکێتـی سـۆڤیەت ئێسـتا ئازەربایجـان بووەتـە یەکێـك لـە کۆمارەکانـی، بۆیـە گەلـی کوردیـش دەیـەوێ خـۆی بڕیـار لـە چارەنووسـی بـدات.

---

(١) میـر جەعفـەر باقیـرۆڤ عەباسئۆغڵوو (١٨٩٦ - ١٩٥٦): سـەرۆکی حزبـی شـیوعی کۆمـاری ئازەربایجانـی سۆسیالیسـتی سـۆڤیەتی بـوو لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٣٢ – ١٩٥٣ لـە ژێـر سـەرکردایەتی جۆزێـف سـتالین.

## گواستنەوەی بارزانییەکان بۆ کۆماری ئۆزبەکستان

دەسـەڵاتدارانی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە ئابـی ١٩٤٨ بڕیاریـان دا بارزانییـەکان بـۆ کۆمـاری ئۆزبەکسـتان بگوازنـەوە. گواسـتنەوەکەیان لـە ڕێگـەی شـەمەندەفەرەوە بـوو کـە مـاوەی دوازدە ڕۆژی خایانـد، تاوەکـوو گەیشـتنە شـاری چەرچیـك لـە نزیـك تەشـقەند کـە حکومەتـی یەکێتی سـۆڤیەت وەك شـوێنی نیشـتەجێبوون بـۆی ئامـادە کردبـوون.

دەسـەڵاتدارانی شـارەکە کامپێکیـان دامەزراندبـوو بـۆ مەشـقپێدانەوەی هـاوەڵان، بـەڵام مسـتەفا بارزانیـان بـۆ تەشـقەندی پایتەخـت گواسـتەوە و حکومـەت خانوویەکـی بـۆ نیشـتەجێبوون پێـدا، ئۆتۆمبێلێکیشـی بـۆ دابیـن کـرد و مامۆستایەکیشـی بـۆ تەرخـان کـرد بـۆ فێربوونـی زمانـی ڕووسـی، لـەم ماڵـەدا محەمـەد نەجیـب بـەرواری لەگـەڵ بارزانـی دەژیـا.

دوای گواسـتنەوەی بارزانـی و یاوەرانـی بـۆ ئۆزبەکسـتان باقیـرۆڤ دەسـتی لـە پیلانگێڕییەکانـی دژی بارزانـی هەڵنەگـرت، بەڵکـوو ڕاپۆرتـی دوژمکارانـەی لـە بارەیـەوە بـۆ دەسـەڵاتدارانی بـاڵای سـۆڤیەت دەنووسـی، نـەك هـەر ئەوەنـدە، بەڵکـو یاریدەدەرێکـی خـۆی ڕەوانـەی ئۆزبەکسـتان کـرد و لەگـەڵ عوسـمان یوسـوپۆڤ سـەرۆککۆماری ئـەو وڵاتـە ڕێککـەوت بـۆ ئەنجامدانـی پیلانگێـڕی دژی بارزانـی و هێزەکانـی.

بـەم شـێوەیە هاوپەیمانییەکـی گـەورە دژی بارزانـی هاتـە ئـارا کـە پێکهاتبـوو لـە سـێکوچکەی باقیـرۆڤ، عوسـمان یوسـوپۆڤ (Osman Yusupov) و لافرێنتـی پ. بیریـا (Lavrentiy Pavlovich Beria)[١]

(١) لاڤرێنتـی پ. بیریـا (١٨٩٩ـ١٩٥٣): کەسـێکی ئـازەری بـوو، سـاڵی ١٩١٧ پەیوەنـدی بـە بەلشـەفییەکانەوە کردبـوو، کاتێـك قوتابـی بەشـی ئەندازیـاری بـوو لـە باکـۆ.

سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نهێنی جۆزێف ستالین (Joseph Stalin)[1].

بارزانی لە لای خۆیەوە دەستی بە یاداشت و نامە نووسین کرد بۆ کرێملن (Kremlin)[2] سەبارەت بە شیکردنەوەی بارودۆخی خۆی و هەڤاڵە پەناخوازەکانی و هەڵوێستە دوژمنکارییەکان کە بەرانبەری نیشان دەدرێ، بەڵام بیریا سەرجەم ئەو یاداشت و نامانەی لە لای خۆی گل دەدایەوە کە لە یەکێك لە نامەکاندا داوای کردبوو ڕێگەی پێ بدرێت سەردانی مۆسکۆ بکات و چاوی بە لێژنەی ناوەندی بکەوێت، بەڵام هیچ لە نامە و داواکارییەکانی نەگەیشتنە جێی مەبەست، بەم شێوەیە دەنگی بارزانی لە گۆشەیەکدا قەتیس مایەوە. تا ڕێکەوتی ١٣ی ئاداری ١٩٤٩ حکومەت

---

ساڵی ١٩١٩ لە دەزگای ئاسایشی کۆماری ئازەربایجانی دیموکراتی کاری کردووە، چەندین پۆستی جیاجیای لە دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت بینیوە، تاوەکوو بووەتە کەسێکی نزیك لە ستالین، ساڵی ١٩٤٨ بە فەرمانی ستالین کراوەتە سەرۆکی کۆمسیۆنی میللی بۆ کاروباری ناوخۆ، کە ئەو کۆمسیۆنە وەزارەتێکی بەرپرس بوو لە چاودێریکردنی هێزەکانی پۆلیس کە لە میانەوە پاکتاوە گەورەکەی ئەنجام دا کە بریتی بوو لە ئۆپەراسیۆنی پاکتاوکردنی حزبی شیوعی و دامەزراوەکانی دەوڵەت بە سەرپەرشتی ستالین. بیریا دوای مردنی ستالین پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرت، پاشان دەستگیر کرا و دادگە ساڵی ١٩٥٣ بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد.

(١) Joseph Vissarionovich Stalin (١٨٧٨ - ١٩٥٣): بە نەژاد جۆرجییە، دووەمین سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت بوو لە دوای ڤلادیمێر لینین لە ناوەڕاستی ساڵانی بیستەمی سەدەی بیستەم تاوەکوو ساڵی ١٩٥٣. هەروەها لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٢ – ١٩٥٢ سکرتێری گشتی لێژنەی ناوەندی حزبی شیوعی سۆڤیەت و سەرۆکی دەوڵەت بووە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤١ – ١٩٥٣.

(٢) Kremlin: بە زمانی ڕووسی واتە قەڵا. دەکەوێتە شاری مۆسکۆ و لەسەر تەپۆلکەی (بۆرۆڤێتسکی)ـیە. میر یۆری دۆلگۆرۆکی لە ساڵی ١١٥٦ دروستی کردووە، پاشان لە سەردەمی میر ئیڤان کالیتا ئەو شوێنە لە قەڵایەکی ئاساییەوە بووە ناوەند و پێگەی میر و مەترانە گەورەکان. پاشان لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ کرایە بارەگای دەزگای باڵای حکوومەت.

پێی ڕاگەیاند خۆی سەردانیکردنی مۆسکۆ ئامادە بکات. بارزانی و هەر یەك لە سەعید مەلا عەبدوڵڵا و زیاب بارزانی کە یاوەری سەردانییەکەی بوون بۆ ناو فڕۆکە سەرکەوتن، بەڵام فڕۆکەکە بە پێچەوانەی مۆسکۆ ئاراستەی وەرگرت و لە بری مۆسکۆ ڕووی لە دورگەیەك لە دەریاچەی ئارال (Aral Sea) کرد، دیار بوو دەسەڵاتداران بڕیاریان دابوو بارزانی بۆ ئەو دورگەیە دوور بخەنەوە!

دەسەڵاتداران حکومەت ڕۆژی دواتر واتە ١٤ی ئاداری ١٩٤٩ هەر یەك لە میرحاج ئاکرەیی و سەید عەزیز شەمزینیان ئاگادار کردەوە کە مستەفا بارزانی گەیشتووەتە مۆسکۆ، ئەم هەواڵەیشیان بۆیە پێدان بۆ ئەوەی سەردانیان بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانیشیان بۆ دورگەیەکی نزیك ئەو دورگەیە دوور خستەوە کە بارزانی لە دەریاچەی ئارال نیشتەجێ بوو. حکومەت لە ڕێکەوتی ١٥ی ئاداری ١٩٤٩ ئەسعەد خۆشەوی، مامەند مەسیح، محەمەد ئەمین میرخان، مستەفا میرۆزی، عەلی خەلیل، عیسا سوار، شێخۆمەر مەلا یونس شانەدەری[١]، موراد ئاغا شێخۆ[٢]، سەعید

(١) شێخۆمەر مەلا یونس شانەدەری (١٩١٥ ـ ١٩٦١): ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە، دوای نسکۆی ئەم شۆڕشە چووەتە خۆرهەڵاتی کوردستان و لە سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان خزمەتی کردووە. ساڵی ١٩٤٧ یاوەری بارزانی کردووە بۆ چوونە یەکێتی سۆڤیەت. دوای دوازدە ساڵ مانەوە لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول کردووە و هەمان ساڵ لە شەڕی پێرس شەهید بووە.

(٢) موراد ئاغا شێخۆ (١٩١٠ ـ ١٩٨٤): لە دهۆك لە دایك بووە. ساڵی ١٩٤٥ بەشداری شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە و هەمان ساڵ دوای نسکۆی شۆڕشەکە ڕووی لە خۆرهەڵاتی کوردستان کردووە و بووەتە پەناهەندە، پاشان لە ١٩٤٦ پەیوەندی بە سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان کردووە و هەمان ساڵ بەشداری لە شەڕی سەردەشت کردووە. یاوەری بارزانی بووە بۆ چوونە یەکێتی سۆڤیەت. ساڵی ١٩٤٩ بۆ دوورگەی مۆنیاك لە یەکێتی سۆڤیەت دوور خراوەتەوە،

ئولی بەگ و سەعید پاڵانی[1] ئاگادار کردەوە کە خۆیان بۆ سەفەرکردن ئامادە بکەن، هەمان ڕۆژ ئەوانیشیان بۆ دورگەیەکی نزیك لە هەردوو دورگەکەیتر لە دەریاچەی ئارال گواستەوە و خرانە سەر کار و ڕۆڵی کرێکاریان پێ درا لە کارگەی لەقوتوونانی ماسی. دیارە هەموو ئەوانەی بۆ ئەو دوورگانە گوازرانەوە، ئاگاداری یەکتری نەبوون و نەیاندەزانی بەسەر ئەو سێ دورگەیەدا دابەش کراون.

ڕێکەوتی ١٥ی ئاداری ١٩٤٩ شێخ سلێمان بارزانی، عەلی محەمەد سەدیق بارزانی و سلێمان بەگ دەرگەڵەیی بە فڕۆکە بۆ دەوروبەری سەمەرقەند گوازرانەوە. ڕۆژی دواتر ١٦ی ئادار دەسەڵاتداران تەواوی پەناخوازەکانیان کۆکردەوە، دواتر بەسەر گرووپی بچووك بچووك دابەشیان کردن کە هەر گرووپێك لە نێوان ١٥ بۆ ٢٠ کەس دەبوو و دابەشی سەر کێڵگە کشتوکاڵییەکانی ئۆزبەکستان کران. پرۆسەی گواستنەوەکە لە ڕێگەی ئۆتۆمبێل و فڕۆکەوە بوو، ئەگەر گواستنەوەکە بۆ شوێنێکی دوور بایە، بە فڕۆکە دەگوازرانەوە. دەسەڵاتداران چاودێرییەکی توند و چڕیان خستە سەر گرووپەکانی پەناخوازانی کورد، بە شێوەیەك سەرەڕای ئەوەی بەشێکیان شوێنەکانیان لێك نزیك بوو، بەڵام بەهۆی ئەو

---

ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان، ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە.

(١) سەعید ئەبو بەکر شێخ ناسراو بە سەعید پاڵانی: لەدایکبووی ناوچەی بارزانە، بەشداری شۆڕشی دووەمی بارزانی کردووە لە ساڵی ١٩٤٥، دوای نسکۆی شۆڕشەکە هاوشێوەی شۆڕشگێڕەکانیتر ڕووی لە خۆرهەڵاتی کوردستان کردووە و دوای ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان پەیوەندی بە ڕیزەکانی سوپای ئەو کۆمارە کردووە. یەکێك بووە لە یاوەرانی بارزانی بۆ چوونە یەکێتی سۆڤیەت و دوای دوازدە ساڵ مانەوە لە ئاوارەیی، ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان.

چاودێرییــە چــڕەوە ئــاگاداری یەکــتری نەبــوون، تەنانــەت دوای چەنــد مانگێــك ئینجــا هەندێکیــان بــە شــوێنی هەندێکیتریــان زانــی و بۆیــان دەرکــەوت نزیــك یەکتریــن. مایــەی ســەرنجە کــە هــەر یەکێکیــان ڕۆژانــە دەبــوو ســێ جــار پەنجەمــۆر لەســەر یاداشــتێك بــکات بــۆ ســەلماندنی بوونــی لــە شــوێنەکەی!

شــەش مانــگ بەســەر ئــەو دۆخــە تێپــەڕی، لــەو ماوەیــەدا پەیوەنــدی نێــوان مســتەفا بارزانــی لەگــەڵ هەڤاڵــە پەناخوازەکانــی و هەڤاڵــەکان لــە نــاو یەکــتری بــە تەواوەتــی پچــڕا بــوو، پاشــان هــەر گرووپێــك بڕیــاری دا بــە شــێوەی تاکلایەنــە مــان بگرێــت و کار نــەکات. هەمــووان داوایــان دەکــرد بارزانــی ببینــن و بارودۆخــی بزانــن. لــە بەرانبــەردا دەســەڵاتداران گوشــاریان خســتنە ســەر بۆئــەوەی بگەڕێنــەوە ســەر کارەکانیــان، بۆیــە بــۆ ماوەیــەك ناچاریــان کــردن دەســت لــە مانگرتــن هەڵبگــرن، بــەڵام پاشــان مانگرتــن دەســتی پێکــردەوە و مــاوەی مانگێکــی خایانــد. هــاوکات بارزانــی لــە لای خۆیــەوە بــەردەوام لــە دورگەکــە نامــەی بــۆ هەڤاڵەکانــی دەنووســی، بــەڵام وەك لــە پێشــوودا ئاماژەمــان بــۆ کــرد، هیــچ یەکێــك لــەو نامانــە نەدەگەیشــت.

گەیشــتینە ســاڵی ١٩٥٠ و بارزانــی بــەوەی زانــی خانمێــك لــە نزیــك شــوێنەکەی ئــەو نیشــتەجێیە و دەیــەوێ ســەردانی مۆســکۆ بــکات، بارزانــی بــۆ ئــەو مەبەســتە یاداشــتێکی بــۆ کرێملــن نووســی و هەمــوو بارودۆخێکــی تایبــەت بــە خــۆی و گرووپــە دوورخراوەکانــی تێیــدا شــی کردبــووەوە. بارزانــی داوای لــە خانمەکــە کــرد یاداشــتەکەی بــۆ بخاتــە نــاو پۆســتەی کرێملــن کــە بــە دیــواری کۆشــکی کرێملــن لــە مۆســکۆی پایتەختــی یەکێتــی ســۆڤیەت هەڵواســرابــوو. مایــەی ســەرنجە بارزانــی کراســەکەی فرۆشــتبوو، بــۆ ئــەوەی لــە بەرانبــەردا بڕێــک پــارە بداتــە خانمەکــە!

لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٥٠ یاداشـتەکەی بارزانـی گەیشـتە شـوێنی مەبەسـت لـە کۆشـکی کرێملـن! وەك وەڵامدانـەوەی نامەکـە، لیژنەیـەك بـە سـەرۆکایەتی ڤینۆگـرادۆڤ (Vinogradov) کـە کەسـێکی نزیـك لـە سـتالین بـوو پێکهێـنرا و بـەرەو ئۆزبەکسـتان بەڕێکـەوت. لیژنەکـە بـە گەیشـتنی بـۆ ئۆزبەکسـتان داوای لـە دەسـەڵاتدارانی ئـەو وڵاتـە کـرد بارزانـی بگەیێننـە تەشـقەند، بـۆ ئـەو مەبەسـتە بارزانـی بـە فڕۆکەیەکـی تایبـەت لـە دورگەکـەوە بـەرەو تەشـقەند گوازرایـەوە کـە لەسـەر نـاوی ئـەو ئاهەنگێکـی نـان خـواردن سـاز کـرا.

بارزانـی لـە کاتـی نانخواردنـدا گریـا! ڤینۆگـرادۆڤ لـە بـارەی گریانەکـەی پرسـیاری لـێ کـرد؟ بارزانی لـە وەڵامدا پێـی وت: من لە پێنـاو گەلەکەم گەلی کـورد دەگریـم کە لە لایـەن دەسـەڵاتدارانی عێراقـەوە دەچەوسـێندرێتەوە و ستەمی لـێ دەکرێـت، بەشـێك لـە ڕۆڵەکانی زیندانـی دەکرێن و بەشـێکیتری لـە نیشـتمانی خۆیـان دوور دەخرێنـەوە، هەروەهـا ڕێگـەی لـێ دەگیرێـت بـە زمانـی نەتەوەیـی خـۆی بخوێنێـت و فێـر ببێـت، لـە کاتێکـدا مـن دەبینم گەلانیـتر لـە ژێردەسـتەیی و کۆیلەیـی و کۆلۆنیالیـزم ڕزگاریـان بـووە.

دواتـر بارزانـی داوای لـێ کـرد لـە کاتـی گەڕانـەوەی بـۆ مۆسـکۆ لەگـەڵ خـۆی ببیـات بۆئـەوەی لـە نزیکـەوە چـاوی بـە بەرپرسـانی حکومەتـی یەکێتـی سـۆڤیەت بکـەوێ، ڤینۆگـرادۆڤ لـە بەرانبـەردا داواکارییەکـەی بارزانـی وتـی: ژمارەیـەك لـە پەناخـوازان مانگرتنـی بەرفرەوانیـان دەسـت پێکـردووە، ئەمەیـش نیگەرانـی لـە لای دەسـەڵاتدارانی خۆجییـەوە دروسـت کـردووە. ناوبـراو داوای لـە بارزانـی کـرد تـا ماوەیەکـی تـر کـە ڕەوشـەکە هێـور دەبێتـەوە لـە نێـوان هەڤاڵەکانـی بمێنێتـەوە، چونکـە داواکاری ئـەوان بەیەکەوەبوونیانـە لەگـەڵ بارزانـی.

بارزانـــی جارێکیـــتر پێداگـــری لەســـەر داواکارییەکـــەی کـــردەوە و زۆری لـــێ کـــرد لەگەڵـــی بچێتـــە مۆســـکۆ و پێـــی وت: ئێمـــە هەموومـــان پەنامـــان هێناوەتـــە بـــەر یەکێتـــی ســـۆڤیەت بـــەو ئومێـــدەی هاوکارمـــان بـــێ لـــە سەرخســـتنی دۆزی گەلـــی کـــورد، بۆیـــە باشـــتر وایـــە مـــن ئەمـــە بـــۆ بەرپرســـانی مۆســـکۆ ڕوون بکەمـــەوە. ڤینۆگـــرادۆڤ دیســـان داواکارییەکـــەی ڕەت کـــردەوە، بـــەڵام بەڵێنـــی پـــێ دا کـــە هـــەوڵ دەدا دوای ماوەیـــەك ئـــەو ســـەفەرەی بـــۆ مۆســـکۆ ڕێـــك بخـــات.

دوای ئەوهـــی بارزانـــی داوای لـــە دەســـەڵاتداران کـــرد زانیـــاری لـــە بـــارەی شـــوێنی گرووپـــە هەڤاڵـــە پەناخوازەکانـــی پـــێ بـــدەن، بۆیـــە نامەیەکیـــان بـــۆ نووســـین و تێیـــدا ئامـــاژە بـــەوە دراوە کـــە بارزانـــی گەڕاوەتەوە ئۆزبەکســـتان و لـــەو خانـــووەدا نیشـــتەجێیە کـــە ســـاڵی ١٩٤٩ لـــە تەشـــقەند تێیدا جێگیـــر ببوو.

هەمـــوو یاوەرانـــی بارزانـــی بـــە گەیشـــتنی ئـــەو نامەیە دڵخۆش بـــوون، دوای ئـــەوە داوای گەڕانـــەوەی هـــەر دوو گرووپـــی شـــێخ سلێمان بارزانـــی و میرحاج ئەحمـــەدی کـــرد لـــە دورگەکـــەوە بۆ تەشـــقەند. هـــاوکات داوای کرد کـــە هەموو گرووپەکانیـــتر لـــە یـــەك کامپـــدا کـــۆ بکرێنـــەوە، لـــە بەرانبـــەردا دەســـەڵاتداران هەموانیـــان کـــۆ کردنـــەوە و لـــە دووری ٧٥کم لە شـــاری ڤێرفســـکی (**virfsky**) نیشـــتەجێ کـــران. پاشـــان مســـتەفا بارزانـــی و وەزیرێك لە کۆماری ئۆزبەکســـتان ســـەردانی کـــردن و حکومەتـــی ئۆزبەکســـتان بـــڕی هـــەزار ڕوبەڵـــی وەك دیـــاری پێشـــکەش بـــە هـــەر یەکێك لـــە هەڤاڵـــە پەناخوازەکانـــی بارزانی کـــرد. هەروەها بارزانـــی لەگـــەڵ حکومەتـــی ئۆزبەکستان ڕێککـــەوت کـــە هـــەر پەناخوازێك ڕۆژانـــە پێنـــج کاتژمێـــر کار بـــکات و ســـێ کاتژمێریـــش لـــە قوتابخانـــە بخوێنێـــت، لـــە هەمـــان کاتـــدا حکومـــەت بڕیـــاری دا بـــە تەرخانکردنـــی بـــڕی ٣٠٠ ڕوبەڵـــی مانگانـــە بـــۆ هـــەر پەناخوازێکـــی بـــە تەمـــەن یـــان کـــە کاری پـــێ ناکرێت.

بارزانـی داوای لـە حکومـەت کـرد قوتابییـە پەناخـوازەکان لـە پەیمانگـە بـاڵاکان وەربگیرێـن، حکومـەت لـە بەرانبـەردا ڕەزامەنـدی نیشـان دا بـە وەرگرتنـی بیسـت قوتابـی لـە پەیمانگـەی پارتینیایـا شـکوللا (**Partinaya Shkulla Institute**) وەرگیـران کـە قوتابخانەیەکـی ڕێکخراوەیـی و سیاسـی بـوو لـە تەشـقەند. دوای ئـەم پێشـهاتانە بـە گشـتی بـارودۆخ و ڕەوشـی ژیـان و گوزەرانـی هەڤاڵـە پەناخـوازەکان بـەرەو باشـی چـوو.

مسـتەفا بارزانـی لـە کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٥٣ داوای لـە هەمـوو یاوەرانـی کـرد لـە باڵەخانـەی دەسـتەی حکومەتـی ئۆزبەکسـتان جێگیـر بـن و پێـی ڕاگەیانـدن، ڕەنگـە حکومـەت گوشـاری بـۆ بهێنـێ بـۆ ئـەوەی داوایـان لـێ بـکات ناوەنـدە حکوومییەکـە بـە جێبهێڵـن، بـەڵام دەبێـت هەمـووان بـە یەکـەوە لـە ناوەندەکـە بمێننـەوە تاوەکـوو دێنـە لایـان و داواکارییەکانیـان بـۆ جێبەجـێ دەکـەن. داواکارییەکەیـش بریتییـە لـە ناردنـی شـاندێك بـە سـەرۆکایەتی بارزانـی بـۆ مۆسـکۆ بۆئـەوەی دۆزی کـورد بـۆ بەرپرسـانی یەکێتـی سـۆڤیەت بخاتـەڕوو، بـەو پێیـەی تاوەکـوو ئێسـتا دەسـەڵاتدارانی ئۆزبەکسـتان سـەردانیکردنی بارزانیـان بـۆ مۆسـکۆ قەدەغـە کـردووە. بارزانـی بـۆ ئـەو مەبەسـتە شـەوی هەڵبـژارد بـۆ ئـەوەی هەڤاڵەکانـی بچنـە نـاو باڵەخانـەی ناوەنـدە حکوومییەکـە لـە تەشـقەند، لـە ڕاسـتیدا هەمـووان بـە یەکـەوە لـە شـەودا چوونـە نـاو ناوەندەکـە، هەرچەنـدە کەشـوهەوا زۆر سـارد بـوو، بـەڵام ئـەوان بـۆ مـاوەی حەفتـا و دوو کاتژمێـر لـە نـاو ناوەندەکـە مانـەوە.

حکومـەت چەنـد جارێـك پەیوەنـدی پێکـردن بۆئـەوەی ناوەندەکـە بـە جێبهێڵـن، بـەڵام هیـچ یەکێـك لـە هـاوەڵان ئامـادە نەبـوو بچێتـە دەرەوە، بۆیـە حکومـەت داوای لـە بارزانـی کـرد لەگـەڵ هەڤاڵەکانـی کـۆ

ببێتـەوە و ناوەندەکـە چـۆڵ بکـەن، سـەرەڕای ئـەوە هوڤـاڵان باڵەخانـەی ناوەندەکەیـان جێنەهێشـت. دوای ئـەوەی هەڤـاڵان پێداگریـان کـرد لەسـەر مانـەوە لـە نـاو باڵەخانـەی ناوەندەکـە، بۆیـە نوێنـەری حکومەتـی ئۆزبەکسـتان چـووە لای بارزانـی «دیـارە بارزانـی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت ناسـناوی مەمیـدۆڤ بـوو» و پێـی ڕاگەیانـد کـە تـۆ هـۆکاری ئـەو قاییمگیرییـەی هەڤاڵەکانتـی. تەنانـەت سـەرۆکی حکومەتـی ئۆزبەکسـتان پێـی وت: حکومەتـی یەکێتـی سـۆڤیەت ئاگـرە و پێویسـتە خـۆ لـە ئاگـر بـە دوور بگـری. بارزانـی لـە وەڵامـدا پێـی وت: بـاش دەزانـم حکومەتـی یەکێتـی سـۆڤیەت ئاگـرە، بـەڵام لەسـەر مـن پێویسـتە بەرگـری لـە دۆزی گەلێکـی سـتەملێکراو بکـەم کـە هەمـوو متمانەیەکـی بـە مـن داوە بۆئـەوەی بەرگـری لـە دۆزەکـەی بکـەم و لـە بەرانبـەر دەسـەڵاتدارانی مۆسـکۆ شـی بکەمـەوە، تەنانـەت ئەگـەر ئـەو ئاگـرە بمسـووتێنێ مـن بەرگـری لـە گەلەکـەم دەکـەم و باکـم بـە تـرس و مـردن نییـە.

دواتـر حکومـەت دانوسـتانی لەگـەڵ یاوەرانـی بارزانـی کـرد کـە خۆیـان لـە ناوەندەکـە قاییـم کردبـوو و ڕەزامەنـدی نیشـان دا بـە هەڵبـژاردن و دەستنیشـانکردنی دوو کـەس، بـەو مەرجـەی یەکێکیـان مسـتەفا بارزانـی نەبێـت لەوانـەی دەچنـە مۆسـکۆ. لـە بەرانبـەردا بارزانـی ڕەزامەنـد بـوو بـەو مەرجـە، بۆیـە هـەر یـەك لـە شـێخۆمەر شانەدەری و مەحمـوود عەبدوڵـڵا[1] بـۆ سـەردانیکردنی مۆسـکۆ هەڵبژێـردران. بارزانـی

(١) مەحمـوود عەبدوڵـڵا حسـێن (١٩٢٠ ـ ١٩٨٣): لەدایکبـووی ناوچـەی بارزانـە، سـاڵی ١٩٤٥ بەشـداری لـە شۆڕشـی دووەمـی بـارزان کـردووە و دوای نسـکۆی شۆڕشـەکە بووەتـە پەناخـواز لـە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان و دواتـر لـە سـاڵی ١٩٤٦ چووەتـە ڕیزەکانـی سـوپای کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان. یەکێکیـتر بـووە لـە یاوەرانـی بارزانـی لـە پەڕینـەوە لـە ڕووبـاری ئـاراس و چوونیـان بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت. سـاڵی

لەمبارەیــەوە گفتوگــۆی لەگــەڵ هەردووکیــان کــرد و لــە بــارەی ئــەو بابەتانــەوە زانیــاری پێــدان گــە پێویســت بــوو لەگــەڵ حکومەتــی ســۆڤیەت قســە و گفتوگــۆی لەســەر بکــەن.

بــەم شــێوەیە شــاندەکە بــەرەو مۆســکۆ بەڕێکــەوت، بــەڵام دەرفەتیــان بــۆ نەڕەخســا چاویــان بــە بەرپرســانی بــاڵای حکومەتــی یەکێتــی ســۆڤیەت بکــەوێ، بەڵکــوو چاویــان بــە ژمارەیــەك بەرپــرس کــەوت و گفتوگۆیــان لەگــەڵ کــردن. لایەنــی ســۆڤیەتی بــە شــاندەکەی بارزانیــان ڕاگەیانــد لــە ماوەیەکــی نزیکــدا مۆســکۆ شــاندێکی بــە پەلــە ڕەوانــەی تەشــقەند دەکات بۆئــەوەی لەگــەڵ مەمیــدۆڤ (بارزانــی) گفتوگــۆ بــکات.

دوای چەنــد ڕۆژێــك لــە گەڕانــەوەی شــاندەکەی بارزانــی، شــاندێکی حکومەتــی یەکێتــی ســۆڤیەت بــە ســەرۆکایەتی ڤینۆگــرادۆڤ گەیشــتە تەشــقەند، بــەڵام ئــەم جــارە ڤینۆگــرادۆڤ هەڕەشــەی لــە بارزانــی و یاوەرانــی کــرد پێــی ڕاگەیانــدن دەبــێ دەســت لــە مانگرتــن هەڵبگــرن. هەروەهــا ڕووەو بارزانــی وتــی، تــۆ هــۆکاری ســەرەکی ئــەو مانگرتنــەی. ڤینۆگــرادۆڤ هەوڵــی دەدا لــەم ڕێگــەوە هەژمــوون و کاریگــەری بارزانــی لــە نێــوان هەڤاڵــە پەناخوازەکانــی کــەم بکاتــەوە، بــەڵام بــۆ بەدەســتهێنانی ئــەو متمانەیــە ســەرکەوتوو نەبــوو، بەڵکــوو زۆرینــەی ڕەهــا لەگــەڵ بارزانــی مانــەوە، تــا ئــەو ڕادەیــەی حکومــەت هانیــدان بــۆ ئــەوەی بچنــە نــاو ڕیزەکانــی حزبــی شــیوعی.

---

١٩٥٩ دوای دوازدە ســاڵ مانــەوە لــە ئاوارەیــی گەڕاوەتــەوە خاکــی نیشــتمان. ســاڵی ١٩٦١ لــە خەبــات بــەردەوام بــووە و پەیوەنــدی بــە ڕیزەکانــی شۆڕشــی ئەیلوولــەوە کــردووە، ســاڵی ١٩٧٥ دوای نســکۆی شــۆڕش بــۆ باشــووری عێــراق دوور خراوەتــەوە و ســاڵی ١٩٨٣ لــە پرۆســەی ئەنفالکردنــی بارزانییــەکان لــە لایــەن حکوومەتــی عێــراق شــەهید کــراوە.

دوای ئـەوە بەشـێك لـە نەیـاری بارزانـی کـە ژمارەیـان سـی کـەس بـوو لیسـتێکیان دایـە دەسـت ڤینۆگـرادۆڤ و پێیـان وت ئـەم کەسانە لـە ڕێبـازی بارزانـی لانـادەن. بۆیـە دەسـەڵاتداران بڕیاریـان دا بـە دووبـارە دوورخسـتنەوەی ئـەو گرووپـە کـە ناویـان لـە خـوارەوە هاتـووە، بـە پاسـاوی بەشـدارییپێکردنیان لـە خولێکـی فێربوونـی ئامێـری پیشەسـازی و ڕێگەوبـان. دیـارە حکومـەت مەبەسـتی بـوو لـەم ڕێگەیـەوە مـاوەی پێنـج مانـگ لـە خولەکـەدا بیانهێڵێتـەوە، پاشـان بـە گوێـرەی بڕیارێـك جارێکیـتر دابەشـیان بکاتـەوە. هەڤاڵـە پەناخوازەکانـی بارزانـی ئەمانـەی خـوارەوە بـوون:

١- حەسۆ میرخان.

٢- محەمەد عیسا مێرگەسۆری[1].

---

(١) محەمـەد عیسـا نـاسراو بـە محەمـەد مێرگەسـۆری (١٩٢٤ - ٢٠٠١): لەدایکبـووی ناوچـەی بارزانـە، باوکـی لـە جووڵانەوەکـەی خەلیـل خۆشـەوی شـەهید بـووە. بەشـداری لـە شۆڕشـی دووەمـی بـارزان کـردووە و دوای نسـکۆی شۆڕشـەکە پەنـای بردووەتـە بـەر خۆرهەڵاتـی کوردسـتان و سـاڵی ١٩٤٦ چووەتـە بـەر خزمەتـی سـەربازی لـە سـوپای کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان و دوای کەوتنـی کۆمارەکـە یـاوەری بارزانـی کـردووە بـۆ پەڕینـەوە لـە ئـاوی ئـاراس و چوونیـان بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت. سـاڵی ١٩٥٦ لـە یەکێتـی سـۆڤیەت بڕوانامـەی دبلۆمـی لـە پەیمانەگـەی ڕووپێـوی زەوی بـە دەسـت هێنـاوە. سـاڵی ١٩٥٩ لەگـەڵ یاوەرانیـتری بارزانـی گەڕاوەتـەوە خاکـی نیشـتمان و دواتـر پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی ئەیلـوول کـردووە. دوای نسـکۆی شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٥ وەك پەناخـواز چووەتـە ئێـران. سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی گـوڵان کـردووە. بەهـۆی خەبـات و تێکۆشـان و ڕۆڵـی پاڵەوانانـەی لـە سـاڵی ١٩٩٣ لـە لایـەن سـەرۆك مەسـعود بارزانییـەوە میدالیـای بارزانـی نەمـری پـێ بەخشراوە.

٣- سەعید ئەحمەد نادر[١].

٤- مەلا شنی قرتاس[٢].

٥- مەحموود عەبدوڵڵا.

٦- شێخۆمەر مەلا یونس[٣].

---

(١) سەعید ئەحمەد نادر (١٩٣٠ – ١٩٩٩): لە ناوچەی بارزان لە دایك بووە، باوکی لە جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی لە ساڵی ١٩٣٥ شەهید بووە. ساڵی ١٩٤٤ پەیوەندی بە شۆڕشگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە و دوای نسکۆی شۆڕش چووەتە خۆرهەڵاتی کوردستان. دواتر لە ساڵی ١٩٤٦ چووەتە ڕیزەکانی سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد. یاوەری بارزانی بووە لە چوونی بۆ یەکێتی سۆڤیەت. ساڵی ١٩٦٥ بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژوو بە دەست هێناوە، دوای گەڕانەوەی ساڵی ١٩٧٠ لە زانکۆی بەغدا وەك مامۆستای مێژوو دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول کردووە، دوای نسکۆی شۆڕشەکە بووەتە پەناخواز لە ئێران. ساڵی ١٩٧٩ بە ئەندامی لێژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوە و بووەتە یەکێك لە فەرماندەکانی شۆڕشی گوڵان.

(٢) مەلا شنی قرتاس: لە ناوچەی بارزان دایك بووە، ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە و دوای نسکۆی شۆڕش وەك زۆربەی شۆڕگێڕانیتر ڕووی کردووەتە خۆرهەڵاتی کوردستان و دوای دامەزراندنی سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ چووەتە ڕیزەکانی ئەو سوپایە. یەکێك بووە لە یاوەرانی بارزانی لە پەڕینەوە لە ئاوی ئاراس و چوونیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، لە ماوەی مانەوەی لەو وڵاتە توانیویەتی بڕوانامەی بکالۆریۆس لە کۆلێژی کشتوکاڵ لە مۆسکۆ بە دەست بهێنێت. ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان، پاشان لە ساڵی ١٩٦١ دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندی بە ڕیزەکانی ئەو شۆڕشە کردووە و یەکێك بووە لە فەرماندەکانی شۆڕش، ساڵی ١٩٦٢ کراوەتە ئامیر لیوای ئاکرێ. لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە شەڕی پێرس شەهید بووە.

(٣) شێخۆمەر مەلا یونس (١٩١٥ – ١٩٦٣): لەدایکبووی ناوچەی بارزانە، ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە و دوای نسکۆی شۆڕشەکە پەنای بردووەتە بەر خۆرهەڵاتی کوردستان و دوای ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان و دامەزراندنی سوپای کوردستان چووەتە ڕیزەکانی ئەو سوپایە.

٧- عیسا سوار.

٨- غەزالی میرخان[١].

٩- محەمەد ئاغا عەبدوڵڵا دۆڵەمەری[٢].

---

یەکێک بووە لە یاوەرانی بارزانی بۆ چوونە یەکێتی سۆڤیەت، دوای دوازدە ساڵ مانەوە لەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان، پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی وەك فەرماندە پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕش کردووە و ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن چەتەکانەوە شەهید کراوە.

(١) غەزالی میرخان غەزالی (١٩٢٣ ـ ١٩٩٧): لەدایکبووی ناوچەی بارزانە و ساڵی ١٩٤٣ یەکێك بووە لە شۆڕشگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزان، دوای نسکۆی شۆڕش ڕووی کردووەتە خۆرهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٤٦ لە سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان خزمەتی کردووە. ساڵی ١٩٤٧ یاوەری بارزانی کردووە بۆ چوونە یەکێتی سۆڤیەت. لە ماوەی مانەوەی لەو وڵاتە بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی تامبۆڤ (Tambov) بە دەست هێناوە. دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی ئەویش ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان. ساڵی ١٩٦١ دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕش کراوە و یەکێك بووە لە فەرماندەکانی شۆڕش. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە شۆڕشی گوڵان کردووە و ساڵی ١٩٩١ بەشدار بووە لە ڕاپەڕینی ئاداری باشووری کوردستان، ساڵی ١٩٩٣ لە لایەن سەرۆك مەسعود بارزانییەوە میدالیای بارزانی نەمری پێ بەخشراوە.

(٢) محەمەد ئاغا عەبدوڵڵا حسێن ناسراو بە محەمەد دۆڵەمەڕی (١٩٢٣ ـ ١٩٩٢): لە ناوچەی بارزان لە دایك بووە. ساڵی ١٩٤٥ وەك شۆڕگێڕ بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە و دوای نسکۆی شۆڕش بووەتە پەناخواز لە خۆرهەڵاتی کوردستان، پاش ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان و دامەزراندنی سوپای کۆمار چووەتە ڕیزەکانی ئەو سوپایە. لە پێڕۆیشتنە مێژووییەکەی بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەشدار بووە. ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول چووەتە ڕیزەکانی شۆڕش و دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بووەتە پەناهەندە لە ئێران، هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە و لە زێدی لەدایکبوونی بە خاك سپێردراوە.

١٠- عەبدال حسێن پیرۆخی[1].

١١- مستەفا ڕەشۆ دۆڵەمەری.

١٢- سەعید ئولی بەگ.

١٣- مەلا نەبی پێندرۆیی[2].

١٤- خودادا بەگزادە[3].

١٥- بەهجەت عەبدولخالیق ئاکرەیی.[4]

(١) عەبدال حسێن شوکر ناسراو بە عەبدال بێرۆخی (١٩٢٥ ـ ١٩٥٤): لە باکووری کوردستان لە دایك بووە، لە ماڵباتی میر شوکر بێرۆخییە کە بە ئازایەتی و جوامێری ناسراون. ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بە شۆڕگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە، ساڵی ١٩٤٥ بەشداری لە شەڕی بەرەی پێرس کردووە و دوای نسکۆی شۆڕشەکە پەنای بردووەتە بەر خۆرهەڵاتی کوردستان، دوای ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان چووەتە ڕیزەکانی سوپای کۆمار، ساڵی ١٩٤٦ بەشداری لە شەڕی بەرەی سەقز و شەڕی نلووس کردووە. یەکێك بووە لە یاوەرانی کاروانەکەی بارزانی بۆ چوونە یەکێتی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٥٤ لە کۆماری ئۆزبەکستان کۆچی دوایی کردووە.
(٢) مەلا نەبی یاسین ناسراو بە مەلا نەبی پیندرۆیی: ساڵی ١٩٢٦ لە ناوچەی بارزان لە دایك بووە. ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی بە شۆڕشگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزانی کردووە و دوای نسکۆی شۆڕش پەنای بردووەتە بەر خۆرهەڵاتی کوردستان، دوای دامەزراندنی کۆمار لە ڕیزەکانی سوپای کۆمارەکە خزمەتی کردووە. یەکێك بووە لە یاوەرانی بارزانی بۆ چوونە یەکێتی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان. ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول کردووە و لە ساڵی ١٩٧٥ شەهید بووە.
(٣) خودادا حەسەن خان میرە بەگ بەگزادە: ساڵی ١٩٢٧ لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە، ساڵی ١٩٤٧ یەکێك بووە لە یاوەرانی بارزانی بۆ چوونە یەکێتی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هاوەڵەکانی گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول کردووە.
(٤) بەهجەت عەبدولخالیق عەبدولقادر ناسراو بە عەبدولخالیق ئاکرەیی (١٩٣٢

١٦- فەقێ ساڵح بەخش.[١]

١٧- تەیمز ئارب.

١٨- عومەر محەمەد ئەمین.[٢]

١٩- حەسکۆ میرۆ[٣].

ـ ١٩٨٥): ساڵی ١٩١٧ لە شارۆچکەی ئاکرێ لە دایك بووە. ساڵی ١٩٤٣ چووەتە ڕیزی شۆڕشگێڕای شۆڕشی دووەمی بارزان، دوای نسکۆی شۆڕش بووەتە پەناخواز لە خۆهەڵاتی کوردستان و دوای ڕاگەیاندی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە سوپای کۆمارەکە خزمەتی کردووە. لە پەڕینەوە مێژووییەی بارزانی و یاوەرانی لە ڕووباری ئاراس یاوەری بارزانی کردووە، لە ماوەی مانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت هاوڕێکانی فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی کردووە، ساڵی ١٩٥٧ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول کردووە.

(١) فەقێ ساڵح بەخش: ساڵی ١٩٤٥ بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە، دوای نسکۆی شۆڕشەکە چووەتە ئێران. لە ساڵی ١٩٤٦ لە سوپای کۆماری دیموکراتی کوردستان خزمەتی کردووە. یەکێك بووە لە یاوەرانی بارزانی بۆ چوونە یەکێتی سۆڤیەت، لە ماوەی مانەوەی بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە زانکۆی تەشقەند بە دەست هێناوە، دواتر بووەتە مامۆستای زانکۆ، لەگەڵ یاوەرانی بارزانی نەگەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان، ساڵی ١٩٩٦ لە تەشقەند کۆچی دوایی کردووە.

(٢) عومەر محەمەد ئەمین (١٩٢٥ ـ ١٩٨٣): لە ناوچەی بارزان لە دایك بووە، یەکێك بووە لە شۆڕگێڕە بەشداربووەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان لە ساڵی ١٩٤٥، دوای نسکۆی شۆڕش پەنای بردووەتە بەر ئێران، لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ چووەتە ڕیزەکانی سوپای کۆمار. یاوەری بارزانی بووە لە پێڕۆیشتنەکەیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، دوای دوازدە ساڵ مانەوە لەو وڵاتە گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان، ساڵی ١٩٨٣ لە ئۆردووگای قوشتەپە لە پارێزگای هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

(٣) حەسکۆ میرۆ (١٩٢٠ ـ ١٩٦١): لە ناوچەی بارزان لە دایك بووە. ساڵی ١٩٤٥ بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە و دوای نسکۆی شۆڕش چووەتە خۆرهەڵاتی کوردستان، دوای ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان پەیوەندی بە ڕیزەکانی سوپای کۆمار کردووە. یەکێك بووە لە یاوەرانی بارزانی لە پەڕینەوە

٢٠- موراد میکائیل[١].

٢١- ملۆ پیرۆ[٢].

٢٢- تەیموور مووسا[٣].

---

لـە ئـاوی ئـاراس و چـوون بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت، سـاڵی ١٩٤٩ بـۆ کۆمـاری ئۆزبەکسـتان گوازراوەتـەوە، دوای دوازدە سـاڵ مانـەوە لـە پەناهەندەیـی سـاڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتـەوە خاکـی نیشـتمان، سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی ئەیلـوول کـردووە و یەکێـک بـووە لـە فەرماندەکانـی شـۆڕش، هەمـان سـاڵ شـەهید بـووە.

(١) موراد میکائیل حاجی ناسراو بە موراد بژیانی، ساڵی ١٩٠٨ لە ناوچەی بارزان لە دایك بووە، ساڵی ١٩٤٣ چووەتە ڕیزی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزان، دوای نسکۆی شۆڕشەکە بووەتە پەناخواز لە خۆرهەڵاتی کوردستان، ساڵی ١٩٤٦ پەیوەندی بە سوپای کۆماری کوردستان کردووە و بەشدار بووە لە شەڕەکانی بەرەی سەقز و تێیدا بریندار بووە. یاوەری بارزانی کردووە لە پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس و گەیشتن بە یەکێتی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان. ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول چووەتە ڕیزەکانی شۆڕش و فەرماندەی چەند کۆمەڵە هێزێك بووە.

(٢) ملۆ پیرۆ ئەحمەد (١٩٣٠ـ٢٠٠٠): لە ناوچەی بارزان لە دایك بووە، یەکێك بووە لەوانەی بەشداری شۆڕشی دووەمی بارزانی کردووە و دوای نسکۆی شۆڕشەکە پەنای بردووەتە بەر خۆرهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و دامەزراندنی سوپاکەی، پەیوەندی بەو سوپایە کردووە، دوای کەوتنی کۆمارەکە لەگەڵ یاوەرانیتری بارزانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت چووە، ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان. دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بووەتە پەناخواز لە ئێران، ساڵی ١٩٩٣ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان و ساڵی ٢٠٠٠ لە زێدی لەدایکبووی کۆچی دوایی کردووە.

(٣) تەیمـوور مووسـا (١٩٣٠ ـ ٢٠١٧): خەڵکـی خۆرهەڵاتـی کوردسـتانە، یەکێـك بـووە لە یاوەرانـی بارزانـی بۆ چوونە یەکێتی سـۆڤیەت، دوای دوازدە سـاڵ مانەوە لە سـاڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتـەوە، سـاڵی ١٩٦٠ بـە مەبەسـتی درێـژەدان بـە خوێنـدن گەڕاوەتـەوە یەکێتـی سـۆڤیەت، دوای دە سـاڵ جارێکیـتر گەڕاوەتـەوە باشـووری کوردسـتان و کراوەتـە وەزیری ئاوەدانکردنـەوەی باکـوور (إعمار الشـمال)، سـاڵی ١٩٧٥ دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلوول چووەتـەوە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان، سـاڵی ٢٠١٠ لـە لایەن سـەرۆك مەسـعود بارزانییەوە میدالیـای بارزانـی نەمـری پـێ بەخشراوە.

٢٣- فارس نوعمان[١].

دەسـەڵاتداران هـەر یـەك لەوانـەی ناویـان هاتـووە بـە دووری ١٠٠کـم لـە کامپەکـە دوور خسـتەوە و خرانـە نـاو خولێـك و هۆشـداریان پـێ درا کـە بـە هیـچ شـێوەیەك نەچنـە نـاو کامپەکـە و ڕێگریـان لـێ کـرا پەیوەنـدی بـە نزیکەکانیانـەوە بکـەن، بـەڵام هـەر چـی پەناخوازەکانیـتر بـوو لـە نـاو کامپەکـە کاری خۆیانیـان دەکـرد.

(١) فـارس نوعـمان شـێخۆمەر (١٩٢٦ ـ ١٩٩٠): لـە ناوچـەی بـارزان لـە دایك بووە، سـاڵی ١٩٤٣ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی دووەمـی بـارزان کـردووە و دوای نسـکۆی شۆڕشـەکە لەگـەڵ مسـتەفا بارزانـی و شۆڕشـگێڕانیتر چووەتـە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان و دوای لەگـەڵ دامەزراندنـی سـوپای کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان پەیوەنـدی بـەو سـوپایە کـردووە. یەکێـك بـوو لەوانـەی یـاوەری بارزانیـان کـرد بـۆ چوونـە یەکێتـی سـۆڤیەت، سـاڵی ١٩٥٩ وەك زۆرێـك لـە هاوەڵەکانیـتری بارزانـی گەڕاوەتـەوە خاکـی نیشـتمان، پاشـان لـە سـاڵی ١٩٦١ بەشـداری لـە شۆڕشـی ئەیلـوول کـردووە، ڕێکەوتـی ١١ی ئـاداری ١٩٩٠ لـە شـاری دهـۆك کۆچـی دوایـی کـردووە.

# بارزانی لە کرێملن

جۆزێـف سـتالین لـە ٥ی ئـاداری ١٩٥٣ مـرد، بـە مردنـی سـتالین گۆڕانـکاری بەسـەر سیاسـەتی یەکێتـی سـۆڤیەتدا هـات. دوای تێپەڕینـی مانگێـك بەسـەر مردنـی سـتالین ناپاکـی هـەر یـەك لـە عوسـمان یوسـوپۆڤ، ئاچـۆڤ (achov)، حەسـەنۆڤ (Hasanov)، باقیـرۆڤ و بیریـا بـۆ دەسـەڵاتدارانی یەکێتـی سـۆڤیەت ئاشـکرا بـوو و سـزای لەسـێدارەدان بـۆ زۆربەیـان دەرچـوو، ئاشـکرایە هـەر یەکێکیشـیان دوژمنایەتـی زۆری بارزانیـان دەکـرد. بـەم شـێوەیە سـەردەمێکی نـوێ هاتـە ئـارا و مالینکـۆڤ (Georgy Malenkov)[1] بـووە سـەرۆکوەزیران و نیکیتـا خرۆشـۆڤ (Nikita Khrushchev)[2]ـیش بـە سـکرتێری گشـتی حزبـی شـیوعی سـۆڤیەت دانـرا

(١) Georgy Maximilianovich Malenkov (١٩٠١–١٩٨٨): دوای مردنـی سـتالین بـە ماوەیەکـی سـەرۆکی یەکێتـی سـۆڤیەت بـوو، بـەڵام دوای پێداگـری ئەندامانـی دەسـتەی سـەرۆکایەتی و بـە ناچـاری سازشـی کـرد لەسـەر سـەرۆکایەتی حـزب بەرانبـەر بـە مانـەوەی لـە پۆسـتی سـەرۆکوزەیران. پاشـان بەهـۆی ململانێـی لەگـەڵ خرۆشـۆڤ لـە سـاڵی ١٩٥٥ لە پۆسـتی سـەرۆکوەزیران دەسـتی لە کار کێشـایەوە، دواتریش لە ١٩٥٧ لە سـەرۆکایەتی ئەنجوومەنـی سـەرۆکایەتیش دەسـتی لـە کار کێشـایەوە.

(٢) Nikita Sergeyevich Khrushchev (١٨٩٤-١٩٧١): لـە مـاوەی جەنگـی ساردا سـەرکردایەتی یەکێتـی سـۆڤیەتی کـردووە. سـکرتێری حزبـی کۆمۆنیسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت بـووە لە مـاوەی نێوان سـاڵانی (١٩٥٣–١٩٦٤)، هاوکات لە نێوان سـاڵانی ١٩٥٨ – ١٩٦٤ سـەرۆکی ئەنجوومەنـی یەکێتـی سـۆڤیەت بـووە. کـە ئـەو ئەنجومەنـە لەماوەی ١٩٤٦ تاکـوو ١٩٩١ بەرزتریـن ناوەنـدی بڕیـاردان و جێبەجێکـردن بـووە لـە یەکێتیـی سـۆڤییەت. خرۆشـۆڤ یەکێـک بووە لەوانەی سـتالین بـاوەڕی بە توانا و کەسـایەتییەکەی هەبـووە بۆیـە دوای مردنـی سـتالین، خرۆشـۆڤ بووە یەکێك لـە سـەرکردە و بڕیاردەرانی یەکێتـی سـۆڤیەت. لـە سـەردەمی ئـەودا پەیوەندییەکانـی نێـوان یەکێتـی سـۆڤیەت و خۆرئـاوا تـا ڕادەیـەك بـەرەو باشـی چـوو، بـە شـێوەیەك سـەرەڕای ناکۆکییەکانـی لەگـەڵ ئەمریـکا، بـەڵام سـاڵی ١٩٥٩ سـەردانی ئـەو وڵاتـەی کـرد.

و نیکـۆلای بۆلگانیـن (Nikolai Bulganin)[١] کرایـە وەزیـری بەرگـری.

بارزانـی لـەو ماوەیـەدا بـە نهێنـی سـەردانی هەڤاڵـە دوورخراوەکانـی کـرد و پێـی ڕاگەیانـدن مەبەسـتییەتی بچێتـە مۆسـکۆ، چونکـە دەرفـەت ڕەخسـاوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش داوای لـە سـەعید ئەحمـەد و عەبدوڵـڵا حسـێن کـرد بـۆ چوونـە فڕۆکەخانـە یـاوەری بکـەن و پێـی وتـن چوونـی بـۆ مۆسـکۆ زۆر نهێنییـە. پاشـان سـەردانی تەشـقەندی کـرد و پلیتـی فڕۆکـەی وەرگـرت و بـە سـەعید ئەحمـەد و عەبدوڵـڵا حسـێنی ڕاگەیانـد لـە تەشـقەند یـەك ئاسـتەنگ هەیـە، چونکـە لـەوێ فڕۆکـە لـە شـاری چکالـۆڤ (Chkalov)[٢] ڕادەوسـتێ. بارزانـی ترسـی لـەوە هەبـوو دەسـەڵاتدارانی تەشـقەند بـە مەبەسـتەکەی بزانـن و برووسـکە بـۆ بەرپرسـانی چکالـۆڤ بکـەن و لـە چوونـی بـۆ مۆسـکۆ ئاگاداریـان بکەنـەوە. بارزانـی بـە دوو هەڤاڵەکـەی وت، ئەگـەر لـە فڕۆکەخانـەی چکالـۆڤ دەربچێـت هیـچ ئاسـتەنگێك لـە بەردەمـی نامێنێـت و دەگاتـە شـوێنی مەبەسـت و بـە گەیشتنیشـی برووسـکە بـۆ هەڤاڵەکانـی دەکات.

---

(١) Nikolai Alexandrovich Bulganin (١٨٨٥-١٩٧٥): لە ساڵی ١٩٥٥ سەرۆکوەزیرانی یەکێتـی سـۆڤیەت بـووە لـە سـەردەمی خرۆشـۆڤ و یەکێـك بووە لـە لایەنگرانـی هەوڵە چاکسازییەکانی خرۆشـۆڤ. لـە تەنگـژەی نۆکەنـدی سـوێس پەیامێکـی بـۆ بریتانیـا، فەرەنسا و ئیسـڕائیل نـارد و هەڕەشـەی لـێ کـردن کـە ئەگـەر هێزەکانیـان لـە میسـر نەکشـێننەوە، پایتەختەکانیـان مووشـەکباران دەکات. خرۆشـۆڤ لـە یاداشـتەکانی باسـی ئـەو هەڕەشـانەی کـردووە کـە پێـی وابـووە تەنهـا فێڵکـردن بـووە، ئەگەرنـا یەکێتـی سـۆڤیەت ئـەو کات ژمارەیەکـی کەمـی مووشـەکی کیشـوەربڕی هەبـووە و نەیدەتوانـی بچێتـە نـاو جەنگـی بریتانیـا، فەرەنسـا و ئیسـڕائیل.

(٢) Chkalov: یەکێکـە لـە شـارەکانی ڕووسـیا لـە ڕووسـیای فیـدڕاڵ. نـاوی ئـەو شـارە پێشـتر ڤاسـلۆڤۆ بـوو، بـەڵام سـاڵی ١٩٣٧ ناوەکـەی بـۆ فڕۆکەوانـی بەناووبانگـی ڕووسـی ڤالێـری چکالـۆڤ گـۆڕا. سـاڵی ١٩٥٥ پێگـەی شـارۆچکەی پـێ درا.

بارزانــی لــە ناوەڕاســتی حوزەیرانــی ١٩٥٣ ســەردانی مۆســکۆی کــرد و لەگــەڵ گەیشتنیشــی برووســکەیەکی بــۆ تەشــقەند کــرد کــە بــە ســەلامەتی گەیشــتووەتە شــوێنی مەبەســت. دواتــر بارزانــی چــووە کرێملــن و مــاوەی ســێ شــەو لــە بــەردەم دەرگای کۆشــکی کرێملــن مایــەوە. کاتێــك پاســەوانان و فەرمانبەرانــی بــەردەم کۆشــکەکە لــە بــارەی مانــەوەی لــە بــەردەم دەرگای کۆشــك پرســیاریان لــێ کــرد، لــە وەڵامــدا پێــی وتــن مەبەســتییەتی چــاوی بــە دەســتەی بــاڵای ســۆڤیەت بــە تایبــەت هــەر یــەك لــە خرۆشــۆڤ و بۆلگانیــن بکــەوێ.

حکومەتــی ئۆزبەکســتان بــە ســەردانییەکەی بارزانــی زانــی، بــۆ ئــەو مەبەســتەیش پشــکنینی لــە هەمــوو شــوێنێك دەســت پێکــرد و لــە ڕێگــەی فەرمانبەرانــی ئۆزبەکستانیشــەوە پڕوپاگەنــدەی ئــەوەی لــە نێــوان پەناخــوازان و بارزانییــەکان بــڵاو دەکــردەوە کــە مســتەفا بارزانــی دەگەڕێندرێتــەوە و زیندانــی دەکرێــت، لــە بەرانبــەر ئــەو پڕوپاگەندانــەدا هەڤاڵــە پەناخوازەکانــی بارزانــی ترســیان لــەوە هەبــوو بارزانــی هــەر جــۆرە ئازارێــك بدرێــت.

فەرمانبەرانــی کرێملــن ڕۆژی ســێیەم ڕەزامەندیــان لەســەر داواکارییەکــەی نیشــان دا و ڕەوانــەی ژوورێکیــان کــرد کــە تێیــدا هــەر یــەك لــە خرۆشــۆڤ، مالینکــۆڤ و بۆلگانیــن دانیشــتبوون. بارزانــی چــووە ژوورەکــە و ســڵاوی لێیــان کــرد و بەرانبەریــان ڕاوەســتا، خرۆشــۆڤ پرســیاری لــێ کــرد کــە بۆچــی بەبــێ ئــاگاداری بەرپرســانی تەشــقەند هاتوویتــە مۆســکۆ؟ تــۆ لــە بــارەی ئــەو کارەتــەوە خــۆت بەرپرســیاری! بارزانــی لــە وەڵامــدا پێــی وت: مــن لــەم چرکەســاتەدا خــۆم پــێ ســەرکەوتووە، چونکــە مــن هاتوومەتــە یەکێتــی ســۆڤیەت لــە پێنــاو

گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بۆ باڵاترین دەستە لە خۆرهەڵات کە دەستەی کرێملنە، من هاتووم دۆزی گەلی کوردی ستەمدیدە شی بکەمەوە کە کۆلۆنیالیزم نیشتمانەکەی کردووەتە چوار پارچە. من کەسێکم گەلەکەم متمانەی پێداوم، ئێوەیش وڵاتێکی گەورەن و دەڵێن، هاوکاری هەموو گەلانی چەوساوە دەکەن، بۆیە لەم پێناوەدا هاتووم و لە دەرگای کرێملنم داوە، هەروەها گەلی کورد داوا دەکات هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی بە مافە ڕەواکانی بگات.

دوای ئەو گفتوگۆ سەرپێییە، خرۆشۆڤ، مالینکۆڤ و بۆلگانین ئاماژەیان بۆ کرد کە بارزانی دابنیشێت. بارزانی دانیشت و زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێ کرد. دواتر لە بارەی مێژووی کورد و کەوتنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد و چەند پرسێکیتری کورد پرسیاریان لێ کرد.

بارزانی هەموو ئەو پرسیارانەی وەڵام دایەوە و دواتر باسی لە خراپی دۆخی پەناخوازان کرد کە لە هاتنی بۆ یەکێتی سۆڤیەت یاوەری بوونە. هەروەها لە بارەی باقیرۆڤیشەوە قسەی بۆ کرد کە چۆن بە هاوکاری بیریا پیلانی لە دژ خۆی و یاوەرانی گێڕاوە. پرسیاریان لە بارزانی کرد کە چۆن زانیویەتی بیریا و باقیرۆڤ و داردەستەکەی ناپاکیان لە گەلی سۆڤیەت کردووە؟ ئایا تۆ دەزانین لە نووسینگەکەی بیریا ٧٤ نامەمان دۆزیوەتەوە کە واژۆی تۆی لەسەرە و لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٨ تاوەکوو ١٩٥٣ ئاراستەی کرێملنت کردووە؟ بارزانی لە وەڵامدا پێی وتن کاتێك میوانێك دێتە ماڵت، خاوەن ماڵ بە پێی توانا خزمەتی میوانەکە دەکات، بۆ ئەوەی میوانەکە بە چاوێکی باش لە خاوەن ماڵەکە

بڕوانێــت. لــە ڕاســتیدا ئێــوە دۆســتایەتی هەمــوو گەلانتــان پێخۆشــە، بــەڵام بیریــا و پێڕەکــەی پێچەوانــەی ئــەوە بــوون.

لــە کۆتاییــدا خرۆشــۆڤ بەڵێنــی بــە بارزانــی دا هــاوکاری گەلــی کــورد بکــەن و پێــی وت مۆســکۆ مافــی چــارەی خۆنووســینی گــەلان بــە مافێکــی ڕەوا دادەنــێ، گەلــی کوردیــش یەکێکــە لــەو گەلانــە. هەروەهــا بەڵێنیــان بــە بارزانــی دا بارودۆخــی خــۆی و یاوەرانــی بــاش بکــەن، بــۆ ئــەو مەبەســتەیش فەرمانیــان کــرد خانوویەکــی ئامادەکــراو و ئۆتۆمبێلێــك بدرێتــە بارزانــی. لــە هەمــان کاتــدا بارزانــی داوای کــرد لــە کۆلێــژی زمانــەکان لــە مۆســکۆ بخوێنێــت، بــۆ ئــەو مەبەســتەیش داواکارییەکەیــان پەسـند کـرد. بارزانـی ئـەو ماوەیـە بـە تەنیـا خـۆی بـە فێربوونـی زمانـەکان ســەرقاڵ نەکــرد، بەڵکــوو لــە هەمــان کاتــدا بابەتەکانــی سیاســی، ئابــووری، جوگرافیــا و زانستەکانیتریشــی دەخوێنــد.

خرۆشــۆڤ، مالینکــۆڤ و بۆلگانیــن بــە بەرپرســانی ئۆزبەکســتانیان ڕاگەیانــد بــۆ لەمــەودوا مامەڵەیــان لەگــەڵ پەناخوازانــی کــورد بــاش بکــەن کــە لەگــەڵ بارزانــی هاتوونەتــە یەکێتــی ســۆڤیەت. هــاوکات بارزانــی برووســکەیەکی بــۆ تەشــقەند کــرد و بــە یاوەرانــی ڕاگەیانــد مۆســکۆ مەرجــی بــۆ دانــاوە لەمــەودوا لــە مۆســکۆ بــژی و بارودۆخیــان باشــتر دەکات، هەڤــاڵان بــە خۆشــحاڵییەوە پێشــوازییان لــە برووســکەکەی بارزانـی کـرد. ئیـتر لـەو کاتـەوە بارودۆخـی پەناخـوازان گـۆڕا و بـاش بـوو.

بارزانــی بــە باشــی فێــری زمانــی ڕووســی بــوو، لەمــەودوا دەســتی کــرد بــە توندوتۆڵکردنــی پەیوەندییــەکان لەگــەڵ بەرپرســانی ســۆڤیەت و بلۆکــی سۆســیالیزم، بــە شــێوەیەك بەرپرســان زۆر ســەردانییان دەکــرد، یەکێــك لــەو بەرپرســانەی هاوڕێیەتــی لەگــەڵ بارزانــی دروســت کــرد

ڤۆلۆشــین (Voloshin) بــوو کــە بەرپرســێکی حزبــی شــیوعی بــوو و پەیوەنــدی خزمایەتــی نزیکــی لەگــەڵ خرۆشــۆڤ هەبــوو.

بــەڵام ســی هەڤاڵەکەیــتری بارزانــی کــە گوازرابوونــەوە و خرابوونــە نــاو خولێکــی فێربــوون، دوای تەواوبوونــی خولەکــە حکومــەت نەیدەزانــی چیــان لــێ بــکات، چونکــە بڕیــاری دابــوو دووریــان بخاتــەوە و وەك چــۆن پێشــتر و لــە ســەرەتادا ئــەو بڕیــارەی دابــوو، بــەڵام دوای باشــبوونی بارودۆخیــان نەخاســمە دوای ئــەوەی بارزانــی لــە مۆســکۆ نیشــتەجێ بــوو، یەکێــك لــەو هەڤاڵانــە پەیوەنــدی بــە بارزانــی کــرد و لــە بارودۆخیانــی ئــاگاداری کــردەوە و ڕاوێــژی پێکــرد، لــە بەرانبــەردا بارزانــی پێشــنیازی بــۆ کــردن کــە بگەڕێنــەوە ئــەو کامپەکــەی پێشــتر هەمــووان تێیــدا جێگیــر بــوون. بارزانــی بــە باشــی زانــی بــە شــێوەی گــرووپ گرووپــی ســێ کەســی و چــوار کەســی و هــەر ڕۆژەیــان بــە جیــا بگەڕێنــەوە نــاو کامپەکــە. بــەو شــێوەیە پێشــنیازەکەی بارزانیــان جێبەجــێ کــرد و هەمــووان گەڕانــەوە نــاو کامپەکــە.

ســاڵی ١٩٥٤ بارزانــی داوای لــە حکومەتــی ســۆڤیەت کــرد ڕێگــەی پــێ بــدەن ســەردانی یاوەرانــی بــکات، بەرپرســانی حکومــەت لــە بەرانبــەردا وەڵامــی ئەرێنیــان دایــەوە، بــەو شــێوەیە بارزانــی بــە هاوڕێیەتــی ڤۆلۆشــین و ژمارەیــەك بەرپرســیتری ســۆڤیەت ســەردانی هەڤاڵــە پەناخوازەکانــی کــرد لــە ئۆزبەکســتان و لــە نزیکــەوە پرســیاری بارودۆخیانــی لــێ کــردن. دواتــر لــە بــارەی باشــکردنی بــارودۆخ و بژێویــان گفتوگــۆی لەگــەڵ بەرپرســانی ئۆزبەکــی کــرد.

بارزانــی توانــی ڕەزامەنــدی حکومــەت بــە دەســت بهێنیــت بــۆ وەرگرتنی ١٠٤ کــەس لــە یاوەرانــی لــە پەیمانگــە و کۆلێژەکانــی دەوروبــەری مۆســکۆ.

بارزانـی بـە هەڤاڵـە پەناخوازەکانـی ڕاگەیانـد توانـا و ئـارەزووی هەیـە بـۆ خوێنـدن بۆیـە خـۆی کاندیـد دەکات بۆئـەوەی لـە پەیمانگـەکان وەربگیرێـت. دواتـر ١٠٤ کـەس لـە یاوەرانـی بارزانـی کـۆ کرانـەوە و چوار کەسیشـیان لـە لای بارزانـی مانـەوە ئەوانیـش ئەسـعەد خۆشـەوی، عەلـی خەلیـل[1]، سـەعید ئەحمـەد و محەمـەد ئەمیـن میرخـان بـوو کـە خەلیـل خۆشـەوی بەهـۆی نەخۆشـییەووە گەڕایـەوە و بـە مەبەسـتی چارەسـەری چـووە مۆسـکۆ کـە جگـە لـە ناوبـراو سـێیەکەیتر پەیوەندیـان بـە پەیمانگـە باڵاکانـی مۆسـکۆوە کـرد.

بـەڵام کاندیدەکانیـتر بـۆ خوێنـدن کـە ژمارەیـان سـەد کـەس بـوو، بەسـەر چـوار بـەش دابـەش کـران کـە هـەر بەشـێکیان لـە بیسـت و پێنج کـەس پێـك هاتبـوو و لـە پەیمانگەکانـی نزیـك مۆسـکۆ دانـران.

(١) عەلـی خەلیـل خۆشـەوی (١٩٢٥ـ ٢٠١١): لـە ناوچـەی بـارزان لـە دایـك بـووە، سـاڵی ١٩٣٢ دوای نسـکۆی شـۆڕشـی یەکەمـی بـارزان لەگـەڵ خانەوادەکـەی پەنـای بردووەتـە بـەر کۆمـاری تورکیـا، سـاڵی ١٩٤٣ گەڕاوەتـەوە و پەیوەنـدی بە شۆڕشـی دووەمـی بارزان کردووە، دوای نسـکۆی ئەو شـۆڕشـە چووەتە خۆرهەڵاتی کوردسـتان و سـاڵی ١٩٤٦ دوای ڕاگەیاندنـی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی سـوپای کۆمارەکـە کـردووە، سـاڵی ١٩٤٧ یەکێـك بـووە لـە بەشـداربووانی شـەڕی نالـووس. یـاوەری بارزانـی کـردووە بـۆ چوونـە یەکێتـی سـۆڤیەت. لـە مـاوەی مانـەوەی لـەو وڵاتـەدا بڕوانامـەی بکالۆریۆسـی لە زانسـتە سیاسـییەکان بە دەسـت هێناوە، سـاڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشـتمان. سـاڵی ١٩٦٢ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی شـۆڕشـی ئەیلـوول کـردووە و ئامیـر هێـزی هێزەکانـی شـۆڕش بـووە لە دهـۆك، سـاڵی ١٩٧٥ دوای نسـکۆی شـۆڕشـی ئەیلوول چووەتە ئێران، سـاڵی ١٩٧٩ بەشـداری شـۆڕشـی گوڵانی کردووە. سـاڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە باشـووری کوردسـتان و سـاڵی ١٩٩٦ لـە لایـەن سـەرۆك مەسـعود بارزانییـەوە میدالیـای بارزانـی نەمـری پـێ بەخـشراوە، ڕێکەوتـی ٢١ی کانوونـی ٢٠١١ دوای تەمەنێکـی پـڕ لـە خەبـات و تێکۆشـان لـە شـارۆچکەی پیرمـام لە سـنووری هەولێـر کۆچی دوایی کـرد و لە زێـدی لەدایکبوونـی بـە خاك سـپێردرا.

لە ڕاستیدا بارزانی و شانی یاوەری داوایان لە حکومەتی ئۆزبەکستان کرد گرنگی بەو هاوەڵانە بدەن کە لەو وڵاتە ماونەتەوە. مایەی باس کردنە بارزانی زۆربەی کاتەکان بە تایبەت ڕۆژانی پشوو سەردانی یاوەرانی دەکرد کە لە پەیمانگەکانی دەوروبەری مۆسکۆ دەیانخوێند. ئەوکات حکومەت دەرماڵەیەکی مانگانە و شوێنی نیشتەجێبوون و جلوبەرگ و ژەمەکانی خواردنی بۆ دابین کردبوون و بارودۆخ و گوزەرانی یاوەرانی زۆر باش کردبوو.

بارزانی ساڵی ١٩٥٥ توانی ڕەزامەندی ١٠٠ کورسیتری خوێندن بۆ یاوەرانی وەربگرێت، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ شاندێکی حکومەت سەردانی ئۆزبەکستانی کرد و سەد کەسی لە هاوەڵانی هەڵبژارد. وەك جاری پێشوو ئەو سەد کەسە بەسەر چوار گرووپ دابەش کران و لە شارەکانی دەوروبەری مۆسکۆ جێیان بۆ کرایەوە. هەموو ئەو هاوەڵانە جگە لە عەلی محەمەد سدیق بارزانی، سەید عەزیز شەمزینی، حەسەن حوسامی و دکتۆر مستەفا شەڵماشی کە لە کۆلێژەکانی مۆسکۆ کورسی خوێندیان بۆ دابین کرا، هەموو ئەوانیتر یاوەرانی باشووری کوردستان بوون.

بارزانی لە هێرشی سێقۆڵی بۆ سەر نۆکەندی سوێس لە ساڵی ١٩٥٦[1] هەڵوێستی خۆی خستە پاڵ نەتەوەی عەرەب، بۆ ئەو

(١) ئەو هێرشە بوو کە بریتانیا، فەرەنسا و ئیسڕائیل لە ساڵی ١٩٥٦ بۆ سەر میسر ئەنجامیان دا، کە دووەمین جەنگی ئیسڕائیل بۆ سەر عەرەب لە دوای جەنگی ساڵی ١٩٤٨. ئەم جەنگە بە یەکێك لە گرنگترین ڕووداوە جیهانییەکان دادەنرێت کە توانی ئایندەی هاوسەنگی نێودەوڵەتی لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە دیاری بکات، هەروەها یەکلاکەرەوە بوو ئاوابوونی خۆری کۆلۆنیالیزمی نەریتی و دەرکەوتنی ئەستێرەی دیکە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا.

مەبەستەیش یاداشتێکی ئاراستەی کرێملن کرد و برووسکەیەکی بۆ جەمال عەبدولناسر سەرۆکی مسر کرد و سەرکۆنەی هێرشەکە دوژمنکارانەکەی کرد.

ڕۆشنبیرانی کوردی یەکێتی سۆڤیەت لە نموونەی عەرەبی شەمۆ[1] و کۆردۆییڤ[2] و هاوشێوەکانیتریان بەردەوام سەردانی بارزانی و هەڤاڵە پەناخوازەکانیان دەکرد و داوایان لێ دەکردن، ئەوانیش سەردانیان بکەن. مستەفا بارزانی ساڵی ١٩٥٦ سەردانی شاری یەریڤان (Yerevan)[3]ی پایتەختی ئەرمینیای سۆڤیەتی

(١) عەرەبی شەمۆ (١٨٩٧–١٩٧٨): ڕۆشنبیر و ڕۆماننووسی کورد لە گوندی سوسزی ناوچەی قارسی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانی لە بنەماڵەیەکی سەر بە شێخانی ئێزید-داستی لە دایك بووە. لە نێوان ساڵانی١٩٢٠-١٩٢٤ پەیمانگەی خۆرهەڵاتی لە مۆسکۆ تەواو کردووە، دواتر بووەتە نوێنەری لێژنەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان لە یەریڤان. دیارترین نووسین و دانراوەکانی ئەمانەن: ڕۆمانی (شڤانی کورد -١٩٣٠)، ڕۆمانی (بەربانگ -١٩٥٧)، (ژیانی بەختەوەر -١٩٥٩)، (کوردانی ئەرمەنستان -١٩٦١).

(٢) کوردۆییڤ: مستەفا بارزانی لە کاتی مانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت ئاشنایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕۆشنبیری کوردی یەریڤان کوردۆییڤ پەیدا کرد و تا دوای گەڕانەوەیشی لە یەکێتی سۆڤیەت ئەو پەیوەندییەیان بەردەوام بوو. دەرفەتی پەیوەندی و ئاشنایەتی لە نێوان کوردۆییڤ و یاوەرانی بارزانی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا دروست نەبوو کە هاوەڵان لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت بوون، بەڵام دوای گەڕانەوەیان و لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم کوردۆییڤ لە ناویان و لە باشووری کوردستان باشتر ناسرا.

(٣) یەریڤان: لەوەتەی ساڵی ١٩١٨وە پایتەختی ئەرمینیایە. دەکەوێتە کەنارەکانی ڕووباری هەرازدن کە گەورەترین ڕووباری ئەو وڵاتەیە. مێژووی یەریڤان بۆ سەدەی هەشتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، بە تایبەت مێژووی دروستبوونی هاوکاتە لەگەڵ دروستکردنی قەڵای ئیریبۆنی لە ساڵی ٧٨٢ی پێش زایین لە لایەن پادشا ئارگەشیتی یەکەم لە خۆرئاوای دەشتاییەکانی ئاڕاڕات. بەشێك لە مێژوونووسان پێیان وایە ناوەکەی بۆ پادشایەکی ئەرمەنی

کـرد و چـاوی بـە زۆربـەی کەسـایەتییە کوردییـەکان کـەوت، لەوانـە ژەنـەڕاڵ سـیامەندۆڤ کـە فەرماندەیەکـی دیـاری کـوردی سـۆڤیەتی بـوو لـە جەنگـی دووەمـی جیهانـی.

بارزانـی یارمەتـی کوردانـی یەکێتـی سـۆڤیەتی دا کاتێـك داوای بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمیـان کـرد، بـەڵام حکومەتـی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە وەڵامـدا ڕایگەیانـد ڕێـژەی گەلـی کـورد لـە یەریڤـان کەمـە، بۆیـە لـە ڕووی یاساییەوە مافـی ئۆتۆنۆمیـان نییـە، بـەڵام هەندێك دەستکەوت و ئیمتیازیتریـان پـێ دەدرێـت، لەوانـە کردنـەوەی پەخشـی ڕادیـۆ بـە زمانـی کـوردی و چاپکـردن و بڵاوکردنـەوەی کتێـب و ڕۆژنامـەی کـوردی. سـاڵی ١٩٥٧ کۆنگـرەی جیهانـی قوتابیـان و لاوان بەسـترا کـە تێیـدا قوتابیانـی کوردسـتانی عێراقیـش بەشـدار بـوون و جـەلال تاڵەبانـی[(١)] نوێنەرایەتـی دەکـردن. تاڵەبانـی چـاوی بـە بارزانـی کـەوت و باسـیان لـە بارودۆخـی گەلـی کـورد لـە عێـراق و بارودۆخـی ڕێکخسـتنەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـرد، دواتـر بارزانـی ڕێنمایـی تایبـەت بـە ڕێکخسـتنەکانی پارتـی بـە تاڵەبانـی دا.

---

دەگەڕێتـەوە بـە نـاوی یەرڤـادی چـوارەم، کـە دوایەمیـن پادشـای ماڵباتـی پادشـایەتی ئۆرێنتییـە و دامەزرێنـەری شـاری یەرڤانتۆشـاد بـووە.

(١) جـەلال حوسـامەددین نورەددیـن نـاسراو بـە جـەلال تاڵەبانـی (١٩٣٣-٢٠١٧): سـاڵی ١٩٥٣ بـە ئەندامـی لێژنـەی ناوەنـدی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەڵبژێـردراوە. یەکێـك بـووە لـە سـەرکردەکانی شۆڕشـی ئەیلـوول پاشـان لـە ١٩٦٤ لەگـەڵ سـەرۆکی پارتـی ناکۆکـی دروسـت بـووە، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٦٦ لـە شـۆڕش جیـا بووەتـەوە. بارزانـی سـاڵی ١٩٧٠ لێبووردنـی بـۆ دەرکـرد. سـاڵی ٢٠٠٦ بووەتـە سـەرۆککۆماری عێـراق تاوەکـوو سـاڵی ٢٠١٤ بـە کردەیـی لـە پۆستەکەی بـەردەوام بـووە. لـە ٧ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧ لـە ئەڵمانیـا کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە سـلێمانی بـە خـاك سـپێردراوە.

ساڵی ١٩٥٧ مشتومڕێکی توند لە نێوان بارزانی و میکۆیان (Mikoyan)[١] ئەندامی لێژنەی ناوەندی حزبی شیوعی سۆڤیەتی هاتە ئاراوە، چونکە میکۆیان نەخشەیەکی دروست کردبوو تێیدا زۆربەی خاکی کوردستانی تورکیای خستبووە چوارچێوەی سنووری ئەرمەنستان، لە بەرانبەردا بارزانی دژایەتی خۆی نیشان دا و بەڵگەی پێویستی خستەڕوو کە ئەو خاکانە خاکی کوردن.

بارزانی لە هەمان ساڵدا بەشداری لە تاقیکردنەوەی ژەنەڕاڵەکانی بلۆکی سۆسیالیستی لە بارەی جەنگی پارتیزانییەوە کرد. بارزانی لە پاڵ ژەنەڕاڵ کیمیرسین (Kemersin)ی کۆریای باشوور توانی تاقیکردنەوەکان بە سەرکەوتوو ببڕێت. بارزانی لەو ماوەیەدا پەیوەندی بە زۆربەی شاندە نێودەوڵەتییەکان کرد، نەخاسمە ئەوانەی سەر بە بلۆکی سۆسیالیزم بوو بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان گەلی کورد و گەلانیتر، هاوکات پەیوەندیشی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای کرێملن بەردەوام بوو.

شۆڕشی ١٤ی تەمموز لە عێراق ڕووی دا و سیستمی پادشایەتی کۆتایهات و سیستمی کۆماری هاتە ئارا، هەمووان بە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەیان زانی و هەڤاڵە پەناخوازەکانی بارزانی پەیوەندیان پێوە کرد و لە ڕووداوەکە ئاگاداریان کردەوە، لە کاتێکدا بارزانی خۆی باشتر ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییە بوو. بارزانی بە هەڤاڵەکانی ڕاگەیاند

---

(١) Anastas Ivanovich Mikoyan (١٨٩٥-١٩٧٨): لە ئەرمەنییە بەلشەفییە کۆنەکان بوو و لە ناو دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت خودان کەسایەتییەتی سیاسی کاریگەر بوو، لە سەردەمی ستالین و خرۆشۆڤدا هەژموونی بەسەر سەرپەرشتیکردنی بازرگانی ناوەوە و دەرەوە سەپاندبوو.

و بانگـی نەقیـب ڕوکـن میرحـاج ئەحمـەد دەکات، بـۆ سـەفەرکردن بـۆ دەرەوە و ڕایدەسـپێرێ پەیوەنـدی بـە بەرپرسـانی عێراقـی بـکات. دیـارە ئـەو هـەوڵ ڕێـکارەی بارزانـی هۆکارەکـەی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە ئـەوکات پەیوەنـدی دیپلۆماسـی لـە نێـوان عێـراق و یەکێتـی سـۆڤیەتدا نەبـوو.

کاتێـك میرحـاج گەیشـتە مۆسـکۆ، بارزانـی ڕێکەوتـی ١٥ـی تەمـووز فڕۆکەخانـەی مۆسـکۆی بـەرەو ڕۆمانیـا بـە جێهێشـت کـە ڤۆلۆشـین بـە نوێنەرایەتـی یەکێتـی سـۆڤیەت و ئەسـعەد خۆشـەوی و میرحـاج ئەحمەدیشـی لەگەڵـدا بـوو، بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی بـە عێراقـەوە بکەن. دوای ئـەوەی پەیوەندیـان بـە بەرپرسـانی ڕۆمانییـەوە کـرد، چوونـە سـۆفیای پایتەختـی کۆمـاری بولگارسـتانی میللـی، لەوێیشـەوە ڕووە و پـراگ بەڕێکەوتـن، لـەوێ شـاندێکی کـورد کـە پێکهاتبـوو لـە عوبەیدوڵڵا بارزانـی کـوڕی گـەورەی مسـتەفا بارزانـی، شـێخ سـادق بابـۆ بارزانـی کـوڕی براگـەورەی مسـتەفا بارزانی، پارێـزەر ئیبراهیم ئەحمەد سـکرتێری لێژنـەی ناوەنـدی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ڕائیـد نـووری ئەحمەد بـە بارزانیـان ڕاگەیانـد حکومەتی نوێی عێـراق ڕەزامەندە بـە گەڕانەوەی مسـتەفا بارزانـی بـۆ نیشـتمان.

بـەم شـێوە ڤۆلۆشـین گەڕایـەوە مۆسـکۆ و بارزانـی و شـاندی یاوەریشـی لـە پراگـەوە بـەرەو بەغـدا بەڕێکەوتـن، بـەڵام فڕۆکەکـە لـە قاهیـرەی پایتەختـی مـسر نیشـتەوە. نیشـتنەوەی فڕۆکەکـە دەرفەتـی بـۆ بارزانـی ڕەخسـاند بـۆ ئـەوەی چـاوی بـە جەمـال عەبدولنـاسر بکەوێـت لـە بۆرسـەعید[١]. دواتـر فڕۆکەکـە بارزانـی و شـاندەکەی یـاوەری گەیانـدەوە

(١) شارێکی میسرییە، دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی میسر، لەوەتەی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم پێگە و ناووبانگێکی جیهانی وەرگرتووە.

بەغـدا، بـە گەیشـتنی بارزانـی بـۆ بەغـدا لـە لایـەن جەماوەرێکـی زۆری عێراقـی بـە کـورد و عەرەبـەوە پێشـوازییەکی گەرمیـان لـێ کـرا[1]. بـەڵام لـە بـارەی هەڤاڵـە پەناخوازەکانیـتر بارزانـی هەوڵـی دا و توانـی ڕەزامەنـدی هـەر دوو حکومەتـی سـۆڤیەت و عێراقـی بـە دەسـت بهێنێـت بـۆ گەڕانەوەیـان بـۆ خاکـی نیشـتمان. بارزانـی بـۆ ئـەو مەبەسـتە هـەر یـەك لـە میرحـاج ئەحمـەد و ئەسـعەد خۆشـەوی نـاردە مۆسـکۆ بۆئـەوەی پەیامـی بارزانـی بـە هەڤاڵـە پەناخوازەکانـی بگەیەنێـت لـە بـارەی دۆسـیەی گەڕانەوەیـان.

حکومەتـی سـۆڤیەت بـۆ گەڕانـەوەی سـەرجەم پەناخـوازەکان کارئاسـانی کـرد و بـڕە پارەیەکـی بـە هـەر یەکێکیـان دا بـۆ ئـەوەی دیـاری بکـڕن و لـە گەڕانەوەیـان بـە خانـەوادە و کەسـە نزیکەکانیانـی بـدەن. هەروەهـا لەسـەر نـاوی پەناخـوازان و نـاوی حکومەتـی سـۆڤیەت ئاهەنگـی تایبەتـی بـۆ ئـەو پەناخوازانـە سـاز کـرد کەلـە دەوروبـەری مۆسـکۆ لـە پەیمانگـە و کۆلێـژەکان دەیانخوێنـد، دواتـر بـە شـەمەندەفەر بـۆ بەنـدەری ئۆدیسـا (Odessa) لەسـەر دەریـای ڕەش هەموویانیـان گواسـتەوە. هـەر چـی هەڤاڵـە پەناخوازەکانـی ئۆزبەکسـتان بـوو، بـە هەمـان شـێوە بـە ڕێـزەوە بـە شـەمەندەفەر ڕەوانـەی هەمـان بەنـدەر کـران، هـاوکات ژمارەیەکـی دیاریکـراو لـە هەڤاڵـە پەناخـوازەکان مانەوەیـان لـە یەکێتـی سـۆڤیەت هەڵبـژارد و نەگەڕانـەوە. حکومەتـی سـۆڤیەت پاپۆڕێکـی بـۆ گواسـتنەوەی پەناخوازەکانـی بـۆ بەنـدەری ئۆدیسـا دابیـن کـرد کـە نـاوی گـرۆزني (Grozny) بـوو و هەمـوو

(١) بارزانی ڕێکەوتی ١٨ی ئەیلوولی ١٩٥٨ لە فڕۆکەخانەی پراگ بەرەو قاهیرە بە ڕێکەوت و ڕێکەوتی ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ گەیشتە فڕۆکەخانەی موسەننا لە نزیك بەغدا.

پەناخوازانــی گەیانــدە بەنــدەر بەســڕە لــە باشــووری عێــراق. حکومەتــی عێــراق بــە گەرمــی پێشــوازی لــە یاوەرانــی بارزانــی کــرد و بەرپرســانی حکومەتـی عێـراق لەسـەر نـاوی هـاوەڵان ئاهەنگـی پێشـوازیان سـاز کـرد.

شــیاوی ئامــاژە بــۆ کردنــە زۆربــەی هەڤاڵــە پەناخــوازەکان لــە یەکێتــی ســۆڤیەت ژیانــی خێزانیــان پێــك هێنابــوو و لەگــەڵ هاوســەرە سـۆڤیەتییەکانیان گەڕانــەوە. پاپـۆڕی گرۆزیـا یاوەرانـی بارزانـی گەیانـدەوە عێـراق، لـە دەریـای ڕەشـەوە بـەرەو مەڕمـەڕە ئاراسـتەی گـرت، دواتـر بـەرەو دەریـای ناوەڕاسـت و نۆکەنـدی سـوێس و دەریـای ڕەش، پاشـانیش بــەرەو ئۆقیانووســی هینــدی و کەنــداوی عەرەبــی، تاوەکــوو ڕێکەوتــی ١٦ــی نیسـانی ١٩٥٩ گەیشـتە بەنـدەری بەسـڕە کـە مسـتەفا بارزانـی و بەرپرســانی حکومەتــی عێــراق و نوێنەرانــی پارتــە سیاســییەکان لــە پێشـوازیاندا بـوون و ئاهەنگێکیـان بـۆ سـاز کـرا کـە پێشـتر بەسـڕە هەرگیـز نموونــەی ئاهەنگێکــی بــەو شــێوەیەی بــە خــۆوە نەبینــی بــوو.

حکومەتـی عێـراق هەمـان ڕۆژ شـەمەندەفەرێکی بـۆ ئامـادە کـردن بــۆ ئــەوەی لــە بەســڕەوە بــەرەو هەولێــر بیانگوازێتــەوە، بــەم شــێوەیە ڕۆژی دواتـر ١٧ــی نیسـانی ١٩٥٩ یاوەرانـی بارزانـی گەیشـتنەوە هەولێـر، شــیاوی باســە شــەمەندەفەرەکە بــە هــەر وێســتگەیەکدا تێدەپــەڕی لــە لایــەن خەڵکــەوە پێشــوازیان لــێ دەکــرا. لەســەر نــاوی هــاوەڵان لــە هەولێــر ئاهەنگێکــی قەشــەنگ ڕێکخــرا کــە تێیــدا کەســوکاری هەڤاڵــە گــەڕاوەکان و هەمــوو چینوتوێژەکانــی گەلــی کوردســتان بەشــدار بــوون.

# بەشی سێیەم

# تێبینی و سەرنجەکان لە بارەی بارودۆخی بارزانی و یاوەرانی لە یەکێتی سۆڤیەت

# پەیوەندیکردن بە حکومەتی سۆڤیەت

بارزانی پێشتر لە ماوەی دامەزراندن و پێکهێنانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد و دواتریش پەیوەندی لەگەڵ ئەفسەران و شارەزایانی سەربازی سۆڤیەت هەبوو. بارزانی دوای ئەوەی لە ڕێڕۆیشتنەکەی بە ناو خاکی عێراق و بە تێپەڕینی لە سنوورەکانی نێوان تورکیا و ئێران و دواتر ڕووبەڕووبوونەوەی لە شەڕی ماکۆ لە دژی سوپای ئێران، توانی بگاتە ناو خاکی عەشیرەتی جەلالی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بارزانی دوای ڕاوێژکردن بە بەرپرسانی هێزەکانی و ڕاوێژکارەکانی، بڕیاریان دا پەیوەندی بە حکومەتی سۆڤیەتەوە بکەن. بۆ ئەو مەبەستەیش هەر یەك لە نەقیب ڕوکن میرحاج ئەحمەد، حەجی حەیدەر سلێمان ئەرگووشی[١]، خەلیل ئەرگووشی[٢] و داود یوحەنا

(١) حەجی حەیدەر سلێمان ناسراو بە حەیدەر ئەرگووشی (١٩٢٢ ـ ١٩٨٣): لە ناوچەی بارزان لە دایك بووە، ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە، دوای نسکۆی ئەو شۆڕشە چووەتە خۆرهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٤٦ لە کۆماری دیموکراتی کوردستان چووەتە ڕیزەکانی سوپای کۆمار. یاوەری بارزانی بووە لە چوونیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان. ساڵی ١٩٦١ یەکێك بووە لە فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلوول، ساڵی ١٩٨٣ لە شارۆچکەی هەریر کۆچی دوایی کردووە.

(٢) خەلیل ئیبراهیم عوسمان ناسراو بە خەلیل ئەرگووشی (١٩٢٠ ـ ١٩٩١): لەدایکبووی ناوچەی بارزانە. ساڵی ١٩٤٣ چووەتە ڕیزی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزان و ساڵی ١٩٤٥ دوای نسکۆی شۆڕشەکە پەنای بردووەتە بەر خۆرهەڵاتی کوردستان، دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان پەیوەندی بە ڕیزەکانی سوپای کۆمار کردووە. فەرماندەی فەسیلێك بوو لە کاروانی یاوەرانی بارزانی بۆ چوونە یەکێتی سۆڤیەت، پاش دوازدە ساڵ مانەوە لەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە خاکی نیشتمان. ساڵی ١٩٦٤ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی

نـاسراو بـە لاڤکـۆ هەڵبژێـردران. کـە دیـارە لاڤکـۆ لـە کونسـوڵگەری سـۆڤیەت لـە شـاری ئورمییـە لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کاری دەکـرد و زمانـی ڕووسـی دەزانـی، بۆیـە وەك وەرگێـڕ لەگـەڵ شـاندەکە بـوو کـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە شـانەدەکە دوای پەڕینەوەیـان لـە ڕووبـاری ئـاراس پەیوەندیـان بـە بەرپرسـانی سـۆڤیەتەوە کـرد.

گفتوگـۆی نێـوان شـاندی بارزانـی لەگـەڵ بەرپرسـانی خۆجێیـی و ناوچەیـی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت پەیوەنـدی ئـەو بەرپرسـانەی لەگـەڵ بەرپرسـانی بـاڵای حکومەتـی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە مۆسـکۆی لـێ کەوتـەوە و پێیـان ڕاگەیانـدن مسـتەفا بارزانـی ئـارەزوو دەکات خـۆی هەڤاڵەکانی پەنـا بهێننـە ئـەو وڵاتـە. دوای چەنـد ڕۆژێك مۆسـکۆ وەڵامـی ئەرێنـی دایـەوە و ڕێگـە بـە بارزانـی و هێزەکانـی درا بچنـە نـاو خاکـی سـۆڤیەت.

---

ئەیلـوول کـردووە، دوای نسـکۆی شـۆڕش لـە ١٩٧٥ بووەتـە پەناهەنـدە لـە ئێـران، سـاڵی ١٩٩١ لـە کامپـی زێـوەی تایبـەت بـە پەناخـوازان لـە کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران کۆچـی دوایـی کـردووە.

# چوونی بارزانی بۆ ناو خاکی سۆڤیەت

عەزیـز محەمـەد خەلانـی کـە یـاوەری بارزانـی بـوو لـە پەڕینـەوە لـە ڕووبـاری ئـاراس، ئامـاژە بـەوە دەکات، دوای ئـەوەی هەمـوو هـاوەڵان لـە ڕووبارەکـە پەڕینـەوە، چەنـد کەسـێك لەگـەڵ بارزانـی مابوونـەوە هێشـتا نەپـەڕی بوونـەوە، بۆیـە دوای هەمـووان بارزانـی و ئـەو هاوەڵانـەی پەڕینـەوە کـە لـەو بـەری ڕووبارەکـە بارزانـی چاوەڕوانـی ئەفسـەرێکی دەکـرد بـە پلـەی ڕائیـد (**Mayor** )، دواتـر هەمـووان بـەرەو بنکـەی سـاراچلۆ بەڕێکەوتـن.

دوای وچانێکـی کـورت ئۆتۆمبێلێکـی سـەربازی لـە جـۆری پیـکاپ کـە مایۆرەکـە شـوفێری دەکـرد هـات و گواسـتمانیانەوە کـە بارزانـی لـە پێشـەوەی پیکاپەکـە بـوو، بەڕێکەوتوویـن تاکـوو گەیشـتینە نەخچڤـان کـە ژەنەڕاڵێکـی سـۆڤیەتی لـەوێ بـوو.

بارزانـی و مایۆرەکـە چوونـە بـارەگای ژەنەڕاڵـە سـۆڤیەتییەکە و بـۆ ماوەیـەك کۆبوونـەوە، دواتـر بارزانـی و ژەنەڕاڵەکـە بـە یەکـەوە هاتنـە دەرەوە و بارزانـی پێـی ڕاگەیاندیـن، پێویسـت دەکات بگەڕێینـەوە کامپەکـە. بـۆ ئـەو مەبەسـتەیش ئۆتۆمبێلێکـی سـەربازیان بـۆ هێنـان بـۆ پاسـەوانەکانی بارزانـی، هـەر ئـەو کات چەکەکانمـان ڕادەسـت کـرد و دواتـر بـەرەو کامپەکـە بەڕێکەوتیـن تـا گەیشـینە نـاو کامپەکـە.

## هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان بارزانی و باقیرۆڤ

بارزانـی بـە هەمـوو شـێوەیەك هەوڵـی دا بەرگـری لـە مافەکانـی گەلـی کـورد بـکات و پرسـی کـورد بـۆ بەرپرسـانی بـاڵای حکومەتـی سـۆڤیەت ڕوون بکاتـەوە، بـۆ ئـەو مەبەسـتەیش پێشـنیازی بـۆ مۆسـکۆ کـرد پشـتوانی لـە گەلـی کـورد بـکات.

دەسـەڵاتدارانی کۆمـاری ئازەربایجانـی سـۆڤیەتی وەڵامـی هەندێـك لـە داواکارییەکانـی بارزانیـان دایـەوە، بـەو شـێوەیە هێزەکانـی بارزانیـان لـە کامپێکـی نزیـك باکـۆ لەسـەر کەناراوەکانـی دەریـای قەزویـن کۆکـردەوە و ئەفسـەران و شـارەزایانی سـۆڤیەت مەشـقی سـەربازییان پـێ دەکـردن.

بارزانـی داوای کردنـەوەی ڕادیۆیەکـی کـرد بۆئـەوەی بەرنامەکانـی بـە زمانـی کـوردی پەخـش بـکات و ئاراسـتەی گەلـی کـورد بکریـت لـە عێـراق، ئێـران و تورکیـا، هـاوکات داوای کـرد چاپخانەیـەك بـۆ دەرکردنـی بڵاوکـراوەی کـوردی بکرێتـەوە، بـەڵام وەك دەردەکـەوێ داواکارییەکانـی جێبەجـێ نەکـرا، چونکـە حکومەتـی کۆمـاری ئازەربایجـان پێشـنیازی کـرد ئەگـەر ئۆتۆنۆمـی بـە کـورد بدرێـت پێویسـت دەکات بـە کۆمـاری ئازەربایجانـی سـۆڤیەت ببەسـترێتەوە، هەروەهـا پێویسـت دەکات ڕەحیـم قـازی بـرازای قـازی محەمـەدی پێشـەوای کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان بکرێتـە سـکرتێری بارزانـی کـە ئـەو کات سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کـورد بـوو کـە دیـارە دەسـەڵاتدارانی ئازەربایجـان بـە سـەرۆکایەتی باقیـرۆڤ مەبەسـتیان بـوو چالاکیـە حزبییـەکان لـە پێنـاو بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان زینـدوو بکەنـەوە!

بەڵام بارزانی ئەو پێشنیازانەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند: گەلی کورد پێویستە خۆی بڕیار لە چارەنووسی بدات، ئەگەر ئامانجە نەتەوەییەکانی بە دەست بهێنێت، ئەوا بە ڕیفراندۆم بڕیار دەدات کە ئایا پەیوەندی بە سۆڤیەتەوە بکات، یان دەوڵەتێکی هاوشێوەی کۆماری سۆڤیەتی ئازەربایجان لە چوارچێوەی یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتدا دروست دەکات، یان بڕیار لەسەر سەربەخۆیی تەواوەتی دەدات.

باقیرۆڤ لە بەرانبەر وەڵامەکەی بارزانی تووڕە بوو و پەیوەندییەکانی لەو کاتەوە لەگەڵ بارزانی یەکلاکردەوە و دوژمنایەتییەکانی بەرانبەر بە بارزانی دەست پێکرد، بە تایبەت کە بارزانی هەموو پێشنیازە ئاماژە بۆ کراوەکانی ناوبراوی ڕەت کردبووەوە.

## هۆکارەکانی دوورخستنەوەی بارزانی و هێزەکانی

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد باقیرۆڤ سەرۆککۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی ڕقی بەرانبەر بە بارزانی هەبوو و ڕاپۆرتی لە دژی خۆی و هەڤاڵە پەناخوازەکانی بۆ حکومەتی سۆڤیەت دەنارد، بە تایبەت ئەوکاتەی بیریا وەزیری ناوخۆی حکومەتی سۆڤیەت بوو و پەیوەندییەکی نزیك و دۆستانەی لەگەڵ باقیرۆڤ هەبوو.

هەر کە ناکۆکییەکی ئاسایی لە نێوان بارزانییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت دروست بوو، باقیرۆڤ و لایەنگرانی ئەو ناکۆکییەیان قۆستەوە و وەك بەڵگە وەریانگرت و بە کاریان هێنا و نووسراوێکیان ئاراستەی بەرپرسانی باڵا کرد کە تێیدا هاتبوو ئەگەر بارزانییەکان هەندێکیان لە هەندێکیان دوور نەخرێنەوە، بارگرانی و زەحمەتی بۆ دەوڵەت دروست دەکەن. لەسەر ئەو بنەمایە دواتر بڕیار درا بە دابەشکردن و دوورخستنەوە و گواستنەوەیان بۆ ناوچە جیاجیاکان.

# چۆنیەتی دابەشکردن و گواستنەوەی بارزانییەکان

بارزانـــی داوای لـــە دەســـەڵاتدارانی ئۆزبەکســـتان کـــرد ڕەزامەنـــدی نیشـــان بـــدەن ســـەردانی مۆســـکۆ بـــکات بـــۆ ئـــەوەی لەگـــەڵ ئەندامانـــی لێژنـــەی ناوەنـــدی حزبـــی شـــیوعی ســـۆڤیەت کۆببێتـــەوە. دەســـەڵاتدارانی خۆجێیـــی ئۆزبەکســـتان ڕایانگەیانـــد حکومـــەت بەرانبـــەر بـــە داوکارییەکـــەی ڕازی بـــووە، بۆیـــە بارزانـــی و هـــەر یـــەك لـــە زیـــاب بارزانـــی و ســـەعید مـــەلا عەبدوڵـــڵا[1] خۆیـــان ئامـــادە کـــرد و ســـواری فڕۆکـــە بـــوون، بـــەڵام فڕۆکەکـــە لـــە بـــری ئـــەوەی لـــە مۆســـکۆ بنیشـــێتەوە لـــە شـــاری چیمکێنـــت (Çimkent)[2] پایتەختـــی قەرەقلپاکســـتان (Qaraqalpaqstan)[3] کـــە ناوچەیەکـــی ئۆتۆنۆمـــی بـــوو لـــە ئۆزبەکســـتان نیشـــتەوە!

---

(١) سـەعید مـەلا عەبدوڵـڵا قاسـم (١٩٣٣ـ١٩٨٣): لـە ناوچـەی بـارزان لـە دایـك بـووە، سـاڵی ١٩٤٥ پەیوەنـدی بـە شـۆڕگێڕانی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان کـردووە و دوای نسـکۆی شۆڕشـەکە چووەتـە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان، پاشـان لـە سـوپای کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٤٦ خزمەتـی سـەربازی بـە جـێ هێنـاوە. یەکێـك بـووە لـە یاوەرانـی بارزانـی کـە چوونـە یەکێتـی سـۆڤیەت و دوای دوازدە سـاڵ مانـەوە لـەو وڵاتـە لـە سـاڵی ١٩٥٩ لەگـەڵ زۆربـەی هـاوەڵان گەڕاوەتـەوە خاکـی نیشـتمان. سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی شۆڕشـی ئەیلـوول کـردووە، دوای نسـکۆی شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٥ دەسـەڵاتدارانی عێـراق بـۆ باشـووری عێـراق دووریـان خسـتووەتەوە، سـاڵی ١٩٨٣ لـە پرۆسـەی ئەنفالکردنـی بارزانییـەکان لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانی حکوومەتـی عێـراق شـەهید بـووە.

(٢) پایتەختـی هەرێمـی باشـووری کازاخسـتانە، یەکێکـە لـەو ناوچانـەی زۆرترینـی دانیشـتووانی کازاخسـتانی تێدایـە و دەکەوێتـە دووری ١٢٠کـم لـە باکـووری تەشـقەندی پایتەختـی ئۆزبەکسـتان.

